رووداو
RÛDAW
ژمارە (578) دووشەممە 2019/11/11 – 20ی گەلاڕێزان 2719 (750) دینار



بەپێی راپۆرتێکی پەرلەمان:

## سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ سامانی گشتی بەهەدەر داوە

**رووداو – هەولێر**

بەپێی دوایین راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان کە کۆپییەکی دەست (رووداو) کەوتووە، چەندین گەندەڵی و پێشێلکاری لە سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ ئاشکرا بوون. بۆیە لیژنەکە داوای کردووە کە دۆسیەکەی بدرێتە دەستەی دەستپاکی و لە سەرۆکی دەستەکەش دووربخرێتەوە.

بە گوێرەی راپۆرتەکە، سەرۆکی دەستەکە ئۆتۆمبێلێکی حکومەتی خستووەتە سەر ناوی سکرتێرەکەی. هەروەها سەرۆکی دەستە حەوت جار خۆی ئیفاد کردووە و تێچووی ئیفادەکانیشی 68 ملیۆن و 101 هەزار دینار بووە. بۆ نۆژەنکردنەوەی نووسینگەکەی خۆیشی 71 ملیۆن و 476 هەزار دیناری سەرف کردووە".

هەر بەپێی راپۆرتەکەی پەرلەمان "زیا پترۆس تەنیا لە ماوەی 10 مانگی یەکەمی 2014دا 30 ملیۆن و 883 هەزار دیناری بۆ میوانداری، 5 ملیۆن و 540 ملیۆن دیناری بۆ کارتی مۆبایل، 8 ملیۆن و 12 هەزار دیناری بۆ جلوبەرگ خەرج کردووە".

شیرین ئەمین، سەرۆکی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "زیا پترۆس کە تۆمەتی گەندەڵی لەسەرە، لەهەوڵدایە کوردستان بەجێبێڵێ، بەپێی زانیارییەکانم رەزامەندی وەرگرتووە سەفەر بکات بۆ جنێڤ، لەکاتێکدا هەرکەسێک گومانی گەندەڵی لەسەربێت و دۆسیەکەی لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا بێت، مافی سەفەرکردنی نابێت، سەرۆکی دەستەی دەستپاکیشم لەم هەوڵە ئاگادار کردووەتەوە".

2»

کوردێک لە نێو پارتی کاری بەریتانیادا مشتومڕ دەنێتەوە
4

عیزەت شابەندەر بۆ (رووداو):
ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە پشت بەسیاسیکردنی خۆپیشاندانەکانی عێراقن
5

زریان رۆژهەڵاتی:
ئێران و خۆپیشاندانەکانی عێراق
19



بەپێی رووپێوی ناوەندێکی جیهانی:

# بەرهەمی نەوتی کوردستان نزیک دەبێتەوە لە 500 هەزار بەرمیل

- نەوتی کێڵگەی ئەترۆش و خورمەڵە، قەرەبووی کەمبوونەوەی نەوتی تەقتەق و تاوکێیان کردووەتەوە
- تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان دەگاتە 490 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا
- ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی تەقتەق لە 116 هەزار بەرمیلەوە بۆ 11 هەزار دابەزیوە

3»



ئابووری 8

دوایین رووپێوی:
رێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان 9%یە



راپۆرتە هەواڵ 2

هاوواڵتییەک سکاڵا لەسەر دوو پزیشک تۆمار دەکات

ژنان 12

ڤایرۆسێک هەڕەشە لە ژنانی رۆژهەڵات دەکات



سەفین دزەیی، بۆ (رووداو):

## چەند وڵاتێک بەنیازی کردنەوەی کونسوڵخانەن لە هەولێر

**رووداو– هەولێر**

سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند چەند وڵاتێک پەیوەندییان پێوەکردوون و بەنیازن کونسوڵخانە لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە.

سەفین دزەیی کە لە کابینەی رابردوو گوتەبێژی حکومەت بوو لەو کابینەیە پۆستی سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە. لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت "چەند وڵاتێک نیازی خۆیان نیشانداوە بۆ کردنەوەی کونسولخانە لە هەولێر، ناتوانم ناوی ئەو وڵاتانەت پێ بڵێم، چونکە گفتوگۆیان لەگەڵ ئێمە کردووە و لەگەڵ بەغدا دیراسەی دەکەن، ئەو وڵاتانەی باڵیۆزخانەیان لە عێراق هەیە دەتوانن لە هەرێم کۆنسوڵخانە بکەنەوە".

سەبارەت بە زیادکردنی نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە، سەفین دزەیی گوتی: " لە داهاتوودا دیراسەیەکی ورد بۆ کردنەوەی چەند نوێنەرایەتییەکی نوێ لە چەند وڵاتێک دەکەین کە مومکینە لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان بێ".

سەفین دزەیی ئاماژە بە پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر دەکات و دەڵێت پێش خۆپیشاندانەکانی عێراق گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی باش لە نێوان هەردوولا هەبوو " بەڵام ئێستا بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە، مەلەفی هەرێم بە نسبەت بەغدا بووەتە بابەتێکی لاوەکی".

3»

## پارتی و یەکێتی و گۆڕان بەڕێوەبەر و قائیقامەکانیان دەگۆڕن

**رووداو – هەولێر**

وا بڕیارە هەریەک لە پارتی و یەکێتی و گۆڕان بەڕێوەبەرە گشتییەکان و قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانیان بگۆڕن، بۆ ئەوەش چاوەڕێن کابینەی وزاریی حکومەت تەواو بێ.

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند: "هەموو ئەو کەسانەی ماوەیەکی زۆرە لە یەک پۆستدان، دەگۆڕدرێن و کەسانی دیکە لە شوێنیان دادەنرێن". بەڵام ئومێد خۆشناو کاتی گۆڕانکارییەکان دەبەستێتەوە بە دانانی بریکاری وەزیرەکان "دواتر بەڕێوەبەرە گشتییەکان، قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان دەگۆڕدرێن".

هەروەها ئازاد حەمەئەمین، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کە یەکێتییە، دەڵێت: "یەکێتی لە بەرنامەیدایە گۆڕانکاری لە تەواوی ئەو پۆستانەی لە کابینەی پێشووی حکومەت دانراون بکات، بە حکومەتی لۆکاڵیشەوە، سیڤییەکی زۆریش پێشکەش کراوە و ئێستا لای تیمی یەکێتییە لە حکومەت".

بزووتنەوەی گۆڕانیش نیازی گۆڕینی بەڕێوەبەرەکانی هەیە. رزگار محەممەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان بە (رووداو)ی گوت: "رۆژی 2019/11/10 لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆن سەردانی بەڕێوەبەرەکانی گۆڕانمان لە سنووری گەرمیان کرد، ئامانجەکەشمان هەڵسەنگاندنی کارەکانیان بوو".

گوتیشی "بەدڵنیاییەوە ئەوانەی کەمتەرخەمن لە پۆستەکانیان لادەدرێن، واتا ئێمەش گۆڕانکاری لە پۆستەکاندا دەکەین".

4»



کۆمەڵایەتی 13

ئەمساڵ لە هەولێر 332 کەس بەتۆمەتی ساختەکاری گیراون

پشکۆ نەجمەدین:
«ئەزموون و یاد»م لەژێر کاریگەریی ستایلی ئیزابیل ئەلێندی گێڕاوەتەوە
ئەدەب و کولتوور 4»



مونیرە قازی محەممەد بۆ (رووداو):
دەوڵەمەندەکانی سابڵاغ ئامادە نەبوون پارەی پارێزەر بۆ قازی محەممەد بدەن
14»

## لە زاخۆ کەسێک بە 10 گوللە دەکوژرێت

**ڕووداو- زاخۆ**

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای دهۆک ڕایدەگەیێنێ بەهۆی دروستبوونی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان دوو کەسدا لە قەزای زاخۆ، کەسێکی تەمەن 32 ساڵ بەگوللە کوژرا .هێمن سلێمان، بەرپرسی پەیوەندی و ڕاگەیاندنەکانی پارێزگای دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند "لە گەڕەکی ئاشتی لە زاخۆ ڕووداوەکە ڕوویداوە و ئەنجامدەری تاوانەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستنیشانکراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا دەستگیرنەکراوە . هەروەها ئەمیر عەلی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی تەندروستی زاخۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دوای گەیاندنی تەرمی ئەو کەسە بە پزیشکی دادوەری دەرکەوتووە کە شوێنەواری 10 گوللە بە جەستەیەوە دیاربوو.



ڕاپۆرتە هەواڵ

ڕووداو

ژمارە ( 578 ) - دووشەممە 2019/11/11

### بەپێی ڕاپۆرتێکی پەرلەمان:

# سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ سامانی گشتی بەهەدەر داوە

## لە ماوەی 10 مانگدا 45 ملیۆن دیناری بۆ میوانداری و کارتی مۆبایل و جلوبەرگی خۆی خەرج کردووە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

پەرلەمانی کوردستان لێژنەیەک بۆ بەدواداچوونی کارەکانی سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان پێکدێنێ، لێژنەکە تۆمەتباری کردووە بە بەهەدەردانی سامانی گشتی و جێبەجێنەکردنی فەرمانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و دادگا، بۆیە داوای کردووە دەسەڵاتەکانی لێوەربگیرێتەوە .

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی لێژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان کە کۆپییەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، چەندین گەندەڵی و پێشێلکاری لە سەرۆکی دەستەکە ئاشکرا بوون. لەوانەش سەندنەوەی دەسەڵات لە بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی لەلایەن سەرۆکی دەستەکە .

بەپێی ڕاپۆرتەکە، زیا پترۆس بە فەرمانی کارگێڕیی ژمارە 22 لە 2018/3/1 سەرجەم دەسەڵاتەکانی لە عەبدوڵڵا عەبدولکەریم وەرگرتووەتەوە، بەبیانووی

> سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ بەنیازە لە کوردستان هەڵبێت
>
> پەرلەمانتارێک

ئەوەی دەرچووی بەشی کیمیایە و کارەکەی لەگەڵ پسپۆڕییەکەی ناگونجێ، بەڵام دەرکەوتووە سەرۆکی دەستە خۆیشی دەرچووی بەشی فیزیایە، بۆیە دادگای کارگێڕی لە 2018/7/8 بڕیاری داوە فەرمانی سەندنەوەی دەسەڵات لە عەبدوڵڵا عەبدولکەریم هەڵبوەشێنێتەوە و دەسەڵاتەکانی بۆ بگێڕدرێتەوە، بەڵام سەرۆکی دەستە ئەوەی جێبەجێ نەکردووە .

کێشەی نێوان سەرۆکی دەستە و بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی دەستەکە بۆ ساڵی 2013 دەگەڕێتەوە . کاتێک سەرۆکی دەستەکە داوای لێکردووە نووسراوی دامەزراندن بۆ 25 کەس بکات کە سەرۆکی دەستە بەدەر لە ڕێنماییەکان ناوەکانی بۆ ناردووە، بەڵام ناوبراو ڕەزامەندی لەسەر نووسراوەکە نەداوە، دواتر سەرۆکی دەستە 15 کەسی لەوانە دامەزراندووە، جارێکی دیکە نووسراوەکەی ئاراستەی دیوان کردووە بۆ فەرمانی دەستبەکاربوونیان، بەڵام دووبارە بەڕێوەبەری گشتی ڕازی نەبووە، بۆیە زیا پترۆس لە نووسینگەی تایبەتی خۆیەوە فەرمانی دەستبەکاربوونی بۆ دەرکردوون.

کێشەی نێوان سەرۆکی دەستەکە و بەڕێوەبەرە گشتییەکە پەردەی لەسەر چەند دۆسیە و زانیاریی دیکەش هەڵداوەتەوە کە لیژنەکەی پەرلەمان بەدواداچوونیان بۆ کردووە، بەشێکیان پەیوەندییان بە سامانی گشتییەوە هەیە . لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "سەرۆکی دەستە بە بڕیاری سەرۆکوەزیران ئۆتۆمبێلێکی (لاندگرۆزەری) بۆ کڕدراوە، بەڵام ئۆتۆمبێلەکەی بەناوی سکرتێرەکەی کردووە کە برای ژنەکەیەتی. هەروەها سەرۆکی دەستە حەوت جار خۆی ئیفاد کردووە و تێچووی ئیفادەکانیشی 68 ملیۆن و 101 هەزار دینار بووە. بۆ نۆژەنکردنەوەی نووسینگەکەی خۆیشی 71 ملیۆن و 476 هەزار دیناری سەرف کردووە".

هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە: "دەستەی مافی مرۆڤ بە هاوکاری (ڕێکخراوی ئێزدی بۆ بەبەڵگەکردن) ڕاپۆرتێکیان لەبارەی ڕەوشی کچانی ئێزدی ئامادە کردووە، سەرۆکی دەستەکە بۆ تێچووی ڕاپۆرتەکە 9 ملیۆن دیناری لە نووسینگەی سەرۆکوەزیران وەرگرتووە، بەڵام کتێبەکە لەسەر ئەرکی ڕێکخراوەکە چاپکراوە .

لە 2013/12/12 سەرۆکی دەستەکە 80 ملیۆن و 600 هەزار دیناری بۆ فەرهەنگی نابیستان خەرج کردووە . بەپێی ئەو بەڵگانەی دەست لیژنەکە کەوتوون، هەریەکە لە بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن، لێپرسراوی کۆگای دەستەکە واژۆیان لەسەر کردووە و لەلایەن یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی پەسەندکراوە، بەڵام بەپێی یاداشتێکی کارگێڕی و دارایی دەستەکە، تاوەکو 2014/4/6 فەرهەنگەکە چاپ نەکراوە، دواتر بەرپرسی ڕاگەیاندنی دەستەکە هەڵهاتووە، پاش ئەوەی گوشار لەسەر دەستەکە دروستبووە، بە گەڕاندنەوەی 38 ملیۆن دینار کێشەکە چارەسەر کراوە .

هەروەها بەپێی ڕاپۆرتەکەی پەرلەمان "زیا پترۆس تەنیا لە ماوەی 10 مانگی یەکەمی 2014دا 30 ملیۆن و 883 هەزار دیناری بۆ میوانداری، 5 ملیۆن و 540 ملیۆن دیناری بۆ کارتی مۆبایل، 8 ملیۆن و 12 هەزار دیناری بۆ جلوبەرگ خەرج کردووە".

لێژنەی پەرلەمان لە کۆتایی ڕاپۆرتەکە داوایان کردووە "بەهۆی بەهەدەردانی سامانی گشتی و پێشێلکردنی فەرمانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و جێبەجێنەکردنی فەرمانی دادگا، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی بۆ بەرژەوەندیی تایبەت، دۆسیەکەی ئاراستەی دەستەی دەستپاکی بکرێ و بەزووترین کات ڕووبەڕووی دادگا بکرێتەوە و سزا بدرێ".

لە خاڵی سێیەم و چوارەمی پێشنیار و ڕاسپاردەکانیشدا، لیژنەکە دەڵێ: "دوای بەدواداچوونمان بۆمان دەرکەوت سەرچاوەی دروستبوونی بەشێکی کێشەکان دوو فەرمانبەری دەستەکەن، کە ڕاوێژکارێک و بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆکی دەستەن، پێویستە لە دەستەکە دووربخرێنەوە . پێویستیشە قەرەبووی مەعنەوی بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی دەستەکە بکرێتەوە، بە سەرجەم دەسەڵاتەکانیەوە بگەڕێتەوە سەر کارەکەی، چونکە ڕێگر بووە لە گەندەڵی لەلایەن سەرۆکی دەستە".

(ڕووداو) پەیوەندی بە یەکێک لەو کەسانەوە کرد کە لیژنەکە بە سەرچاوەی درووستبوونی کێشەکانیان دەزانن، ئەو کە نەیویست ناوی بهێنرێت بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕۆژی 2019/11/3 لیژنەیەکی دەستەی دەستپاکی سەردانی کردین و لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە دەکەن، دوای لێکۆڵینەوە وەڵامی هەموو لایەک دەدەینەوە".

شیرین ئەمین، سەرۆکی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "زیا پترۆس کە تۆمەتی گەندەڵی لەسەرە، لەهەوڵدایە کوردستان بەجێبهێڵێ، بەپێی زانیارییەکانم ڕەزامەندی وەرگرتووە سەفەر بکات بۆ جنێڤ، لەکاتێکدا هەرکەسێک گومانی گەندەڵی لەسەربێت و دۆسیەکەی لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا بێت، مافی سەفەرکردنی نابێت، سەرۆکی دەستەی دەستپاکیشم لەم هەوڵە ئاگادار کردووەتەوە".

ڕووداو چەند جارێک پەیوەندی بە زیا پترۆس، سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤەوە کرد، بەڵام وەڵامی پەیوەندییەکانی نەدایەوە .

### ئەو کچە ئێزدییەی خەڵاتی دایکە تێرێزای وەرگرت:

# مەرجی ئازادکردنم ئەزبەرکردنی 100 ئایەتی قورئان بوو

> لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەم ئامادەبووانم بینی دەگریان

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- مۆمبای**

لەنێو هۆڵەکەدا 12 کەس چاوەڕێی وەرگرتنی خەڵاتیان دەکرد، هەر یەکێکیان چیرۆکێکی هەبوو، بەڵام چیرۆکی ئیمان عەبدوڵڵا، کچە ڕزگاربووی دەستی داعش، لە هی هەموویان زۆرتر سەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشا و زۆربەی میدیاکانی هیندوستانیشی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد.

ڕۆژی 2019/11/3 ڕێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتی دایکە تێرێزا بۆ ئاشتی و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە شاری مۆمبای لە هیندوستان بەڕێوەچوو. نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێنراوانی دەستی داعش، یەکێک بوو لە خەڵاتکراوەکان کە ئیمان عەبدوڵڵا بەناوی نووسینگەکە خەڵاتی ڕێزلێنانەکەی وەرگرت.

لە نێو هۆڵی بەخشینی خەڵاتەکان، میوانەکان زوو زوو لە ئیمان نزیک دەبوونەوە، ئیمان دەڵێت: "ئەوان زۆرتر پرسیاریان دەربارەی ئەوە لێ دەکردم کە داعش چی بەسەرهێنام؟ ئایا کەسانی وەکو تۆ تا ئێستاش لەدەستی داعشدا ماون؟".

خەڵاتی دایکە تێرێزا لە ساڵی 2005ەوە لەلایەن دەزگای هارمونی فاوندەیشن لە هیندوستان، دەدرێتە ئەو کەس و دەزگایانەی ڕۆڵیان لە ئاشتی و پێکەوەژیان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا هەبووە . تاوەکو ئێستاش نزیکەی 130 کەس لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆی هیندوستان، ئەو خەڵاتەیان وەرگرتووە .

لەو 12 کەسایەتی و لایەنانەی ئەمساڵ خەڵاتەکەیان وەرگرت، ئیمان عەبدوڵڵا دوایین کەس بوو چیرۆکی خۆی بۆ ئامادەبووان گێڕایەوە . ئەو دەڵێت: "هەر زوو سەرپەرشتیارانی مەراسیمەکە پێیانگوتم چیرۆکی تۆ دەخەینە کۆتایی مەراسیمەکە، چونکە زۆربەی بەشداربووان لە ڕێگەی وێبسایتەکەمانەوە دەزانن تۆ بەسەرهاتێکی سەرنجڕاکێشت هەیە، بۆیە دەمانەوێ میوانەکان تاوەکو کۆتایی مەراسیمەکە لێرە بمێننەوە".




ئیمان تەمەنی 13 ساڵ بوو کاتێک لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێنرا

ئیمان دەڵێت کاتێک بەسەرهاتی ڕفاندن و بە کەنیزەککردنی لەلایەن داعشەوە بۆ ئامادەبووان گێڕایەوە، هەندێکیان دەستیان بە گریان کرد .

ئیمان پێنج ڕۆژ لە هیندوستان مایەوە، ئەو دەڵێت زۆربەی کاتەکەی بە هەڤپەیڤین و کۆنگرەی ڕۆژنامەڤانی بەسەربرد، زۆربەی میدیاکانی هیندوستان دەیانویست چیرۆکی ئیمان بە تەواوی بزانن، ئەویش ئەوەی بە بیری مابوو بۆی باس گێڕانەوە .

ئیمان، لە سێی ئابی 2014 کە ئەوکات تەمەنی 13 ساڵ بوو، لەگەڵ دایک و باوکی و دوو خوشک و دوو برای، لە گوندی تەلقەسەبی سەر بە شنگال لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێنران. دوای 10 ڕۆژ دایک و باوکی لێ جیاکرابوونەوە . ئەوکاتەشی لەلای چەکدارانی داعش بووە، سێ جار کڕین و فرۆشتنی پێکرابوو.

ئیمان کە 15 مانگ لەلای چەکدارانی داعش بووە، دەڵێت: "یەکەمجار منیان بە کەسێک فرۆشت بەناوی ئەبوو عەلی کە تەمەنی 42 ساڵ بوو، دەستدرێژی کردە سەرم، پاشان بە دوو کەسی دیکەیان فرۆشتم. ئەوەی سێیەمیان مەرجێکی بۆ دانام، ئەگەر 100 ئایەتی قورئان لەبەر بکەم، ئازادم دەکات".

ئیمان توانیبووی لە ماوەی چوار مانگدا داواکاری ئەو ئەندامەی داعش جێبەجێ بکات کە پزیشکێکی ناسراوی مووسڵ بووە، ئەویش بەڵێنەکەی خۆی بۆ ئیمان بردبووە سەر و ئەوی ڕادەستی دایک و باوکی کردبووەوە کە ئەوکات لە تەلعەفەر بوون.

ئیمان دەڵێت: "ئەو پزیشکەی داعش کە منی تەسلیمی دایکم و باوکم کردەوە، پێیگوتن کچەکەتان بووەتە موسوڵمانێکی بە تەقوا، بۆیە ئازادمان کرد".

دوای ساڵێک و سێ مانگ، ئیمان لەگەڵ دایکی و باوکی و خوشک و براکانی لە ڕێگەی نووسینگەی ئازادکردنی ڕفێنراوان گەیەنرایەوە شاری دهۆک.

بە خەیاڵی ئیماندا نەهاتووە ڕۆژێک لە ڕۆژان چیرۆکی ڕفاندنەکەی لە لایەن چەکدارانی داعش بە جیهاندا بڵاوببێتەوە و خەڵاتێکی نێودەوڵەتیش وەربگرێ.

ئیمان ئەوکاتەی لە هیندوستان گەڕایەوە، دایکی و باوکی لەبەردەم خێوەتەکەیان لە کەمپی شاریا بۆ پێشوازی لە کچەیان وەستابوون.

عەبدوڵڵا ئیلیاس، باوکی ئیمان دەڵێت: "یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئێمە کەوتینە دەست چەکدارانی داعش، کچەکەم بوو، چونکە دەترسام نەتوانێ لەگەڵ ئێمە ڕابکات. کاتێکیش لەلای چەکدارانی داعش بوو، دووجار هەوڵی ڕزگارکردنیم دا، خەریک بوو لەسەر ئەوە بکوژرێم".

### سێ نەشتەرگەرییان بۆ کوڕەکەی کردووە

# هاووڵاتییەک سکاڵا لەسەر دوو پزیشک تۆمار دەکات

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

چوار ساڵ لەمەوبەر، جەمال ئەحمەد، کوڕە تەمەن سێ ساڵانەکەی دەباتە لای پزیشکێک لە هەولێر، دوای هەشت مانگ لە وەرگرتنی چارەسەری، پزیشکەکە بڕیاری نەشتەرگەری بۆ منداڵەکەی جەمال دەدات، بەڵام منداڵەکە کە تا ئێستا دوو جار نەشتەرگەری بۆ کراوە، ڕەوشی خراپتر بووە . بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیەک لەلایەن باوکی منداڵەکەوە، لێژنە و لێژنەکاری بەدوادا هات. ئێستا باوکی منداڵەکە سکاڵای لەسەر دوو پزیشک تۆمار کردووە .

جەمال ئەحمەد، دانیشتووی ناحیەی قەسرۆکی سەر بە قەزای شێخان، چیرۆکی نەخۆشییەکەی فوراتی کوڕی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی: "چوار ساڵ لەمەوبەر کە ئەوکات فورات تەمەنی نزیکەی سێ ساڵ بوو، هەستی بە ئازار دەکرد لە نێو سکی. ئێمەش بردمان بۆ لای پزیشکێکی تایبەت لە شاری هەولێر بەناوی (ە.ش)، پزیشکەکە چەند پشکنینێکی بۆ کرد و گوتی تووشی ئیفلیجبوونی قۆڵۆن بووە، هەشت مانگ لەسەر یەک چارەسەری پێداین، بەڵام تەندروستیی کوڕەکەم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبوو".

کاتێک دەرمان چارەسەری دەردەکەی فوراتی نەکرد، پزیشک بڕیاری نەشتەرگەری بۆ دابوو. جەمال دەڵێت: "ساڵی 2016 نەشتەرگەریمان بۆ فورات کرد، 70 سەنتیمەتری لە ریخۆڵەی بری،

> لێژنەمان بۆ کێشەکەی فورات پێکهێناوە
>
> تەندروستیی دهۆک

کەچی پزیشک دەڵێت فورات تووشی ئیفلیجبونی کۆڵۆن نەبووە، کەواتە هەشت مانگ بە هەڵە دەرمانی پێدرابوو".

بە گوتەی باوکی فورات، نەشتەرگەرییەکە هیچی لە دۆخی تەندروستیی کوڕەکەی نەگۆڕی. جەمال دەڵێت "فوراتمان بردە بەغدا، تاران و ئەنقەرە، هەموو پزیشکەکان گوتیان بەهۆی ئەوەی ریخۆڵەی زۆر بڕاوە، ناتوانین نەشتەرگەری بۆ بکەین".

لە کۆتایی ساڵی 2018 جەمال کوڕەکەی دەباتە لای پزیشکێک لە دهۆک بەناوی (ق.م). پزیشکەکە دەڵێت: نەخۆشییەکەی فورات چارەسەری هەیە و پێویستی بە نەشتەرگەرییە، بۆیە لە پێنجی شوباتی ئەمساڵ، نەشتەرگەریی دووەم بۆ فورات دەکرێ.

بەڵام ئەو نەشتەرگەرییەش نەبووە فریادڕەسی فورات. باوکی فورات دەڵێت: "ڕەوشی فورات ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو، دوو مانگ لەمەوبەر نەشتەرگەرییەکی دیکەشمان بۆ کرد، بەڵام هەر چاک نەبوو".

باوکی فورات لەبەر ئازار و گریانی کوڕەکەی بەردەوام بە ڕێگەی نەخۆشخانەوەیە، ئەو گلەیی لە پزیشکانی نەخۆشخانەکان هەیە و دەڵێت: "لە جیاتی ئەوەی چارەسەری دەردی کوڕەکەم بکەن، زۆرجار بێڕێزیم بەرامبەر دەکەن، بە تایبەتی ئەو پزیشکەی لە دهۆک نەشتەرگەری بۆ فورات کرد".

باوکی فورات لە دادگای هەولێر و دهۆک، سکاڵای لەسەر دوو پزیشک تۆمار کردووە. ئەو دەڵێت: "10 مانگ لەمەوبەر لە دادگای هەولێر سکاڵام لەسەر ئەو پزیشکە تۆمار کرد کە یەکەمجار نەشتەرگەری بۆ کوڕەکەم کرد و 70 سانتیمەتر لە ریخۆڵەی بڕی. مانگێک لەمەوبەریش سکاڵام لەسەر پزیشکەکەی دهۆک تۆمار کرد". بەڵام دەڵێت: "پزیشکەکەی دهۆک هەڕەشەم لێدەکات و دەڵێت ئەگەر سکاڵاکە نەکشێنیتەوە، چیدی دەرمان نادەمە کوڕەکەت".

ئێستا بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی دهۆک لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پێکهێناوە. بەڵام باوکی فورات لەو باوەڕەدا نییە ئەو لێژنەیە بتوانێ هیچ لە ئازاری کوڕەکەی و دەردی ئەو کەم بکاتەوە و دەڵێت "پزیشکەکان لەبەر خاتری کوڕی من پشتی یەکدی بەرنادەن".

د.نزار بەکر، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هێڤیی منداڵان لە دهۆک دەڵێت: "ئەو منداڵە نەخۆشییەکی دەگمەنی هەیە، لە هەر 300 هەزار کەس، یەک کەس تووشی دەبێ. ئەو نەخۆشەش تاوەکو ئێستا دوو نەشتەرگەری بۆ کراوە".

> پزیشکەکانی تاران و ئەنقەرە و بەغدا گوتیان ناتوانین نەشتەرگەری بۆ بکەین، پزیشکێکی دهۆک بۆی کرد
>
> باوکی فورات

د.نزار ئاماژەی بەوەدا کە ئێستا دۆسیەی ئەو منداڵە لەلای ئەوانە، ئەوانیش لێژنەیەکیان لە پزیشکانی پسپۆڕ پێکهێناوە بۆ بەدواداچوونی دۆسیەکە و لێژنەکەش دەستی بە کارەکانی کردووە.

بە گوتەی جەمال ئەحمەد، چارەسەری کوڕەکەی لە ئەڵمانیایە، بەڵام توانای دارایی نییە بیبات بۆ ئەڵمانیا، چونکە ئەوەی هەیبووە لە نەشتەرگەری و کڕینی دەرمان بۆ کوڕەکەی خەرجی کردووە.



لە هەر 300 هەزار کەس، کەسێک تووشی ئەو نەخۆشییەی فورات دەبێت

## بەپێی رووپێوی ناوەندێکی جیهانی:

# بەرهەمی نەوتی کوردستان نزیک دەبێتەوە لە 500 هەزار بەرمیل

**ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی تەقتەق لە 116 هەزار بەرمیلەوە بۆ 11 هەزار دابەزیوە**



**رووداو- هەولێر**

بەپێی ناوەندی رووپێوی ئابووری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (Mees)، لەمساڵدا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان رۆژانە 75 هەزار بەرمیل زیادی کردووە و نزیکبووەتەوە لە نیو ملیۆن بەرمیل.

ناوەندی میس ئاشکرای دەکات، ساڵی داهاتوو هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئاستی رۆژانە 500 هەزار بەرمیل نەوت تێپەڕێنێ، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە کۆمپانیا نەوتییەکان وەبەرهێنانەکانیان لە هەرێمی کوردستان زیاد کردووە، ئەوەش لە هەڵکۆڵینی بیری نەوتی نوێ رەنگی داوەتەوە و کۆی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستانی بەرز کردووەتەوە.

دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ساڵی 2017 ، بەهۆی هێرشی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بۆ سەر کەرکووک کێڵگە نەوتییەکانی بای حەسەن و هاڤانای لەدەستدا، ئەمە یەکەمجارە قەبارەی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان لە ئاستی رۆژانە 500 هەزار بەرمیل نزیک دەبێتەوە.

ناوەندی میس پێشبینی دەکات تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان بگاتە رۆژانە 490 هەزار بەرمیل و لە سەرەتای ساڵی داهاتووشدا ئەو برە بگاتە رۆژانە 500 هەزار بەرمیل.

گەیشتنی هەرێمی کوردستان بەو ئاستە، بە پێشکەوتنێکی بەرچاو بۆ کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان ئەژمار دەکرێت، بەوپێیەی لە دوو ساڵی رابردوودا و دوای لەدەستدانی کەرکوک، رەوشی ئابووری و دارایی هەرێمی کوردستان بەردەوام قەیراناوی بووە.

نەوتی هەرێمی کوردستان ئێستا زیاتر لە 10%ی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق پێکدەهێنێت کە رۆژانە 4.62 ملیۆن بەرمیل نەوتە.

بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە چەندین کێڵگەی نەوتی، بەتایبەتی لە کێڵگەی خۆرمەڵە، بووەتە هۆکاری بەرزبوونەوەی تێکڕای بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان.

**تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان دەگاتە 490 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا**

لە ئەنجامی هەڵکۆڵینی 13 بیری نوێ لە کێڵگەی خورمەڵە لەلایەن کۆمپانیای کار گرووپەوە، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەکە لە رۆژانە 130 هەزار بەرمیلەوە زیادی کردووە بۆ رۆژانە 170 هەزار بەرمیل.

لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکی گەورەی سەرکەوتنی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان لە 2019 دا، ئەو زیادبوونەیە کە لە هەندێ کێڵگەی نوێی نەوتی بەدەستهاتوون و کەمبوونەوەی کێڵگە نەوتییەکانی دیکەیان قەرەبوو کردووەتەوە.

لە ساڵی 2015 دا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی تەقتەق رۆژانە 116 هەزار بەرمیل بوو، بەڵام ئێستا دابەزیوە بۆ خوار 11 هەزار بەرمیل کە کەمترە لە 10%ی ساڵی 2015.

هەروەها ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی تاوکێ لە ساڵی 2015 دا رۆژانە 135 هەزار بەرمیل بووە کە ئێستا دابەزیوە بۆ رۆژانە 83 هەزار بەرمیل. دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەو دوو کێڵگە گەورەیە لەرێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی نوێی پێشخابوور قەرەبوو کراوەتەوە. ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگە پێشخابوور بەرزبووەتەوە بۆ رۆژانە 52 هەزار بەرمیل.

جگە لە کێڵگەی خورمەڵە و پێشخاپوور، چەندین کێڵگەی دیکە هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستانن. کۆمپانیای تاقە لە کێڵگەی ئەترۆش دوای دامەزراندنی کەرەستە نوێیەکانی بەرهەمهێنانی نەوت بە توانای رۆژانە 10 هەزار بەرمیل، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی لە 22 هەزار بەرمیلەوە بەرزکردووەتەوە بۆ رۆژانە نزیکەی 50 هەزار بەرمیل. تاقە و هاوبەشەکانی پلانیان هەیە بەرهەمهێنانی نەوت لە ئەترۆش لە ساڵی 2021 دا زیاد بکەن بۆ رۆژانە 80 هەزار بەرمیل.

هەروەها ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی شێخان لەلایەن کۆمپانیای گۆڵف کیستۆنەوە لە رۆژانە 31 هەزار بەرمیلەوە لە ساڵی رابردوو، بەرزکراوەتەوە بۆ رۆژانە 40 هەزار بەرمیل.

لەگەڵ ئەوەشدا لە بلۆکی هەولێر کە لەلایەن کۆمپانیای ئۆرێکس بەڕێوەدەبرێت و کێڵگەی گەرمیانیش کە لەلایەن کۆمپانیای گازپرۆم بەڕێوەدەبرێت، ئاستی بەرهەمهێنان لەمساڵدا زیادی کردووە.

ناوەندی میس پێشبینی دەکات گەورەترین بەرزبوونەوەکان لە ساڵی 2020 لە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی گەرمیان، هەولێر و کێڵگەی سەرسەنگ روودەدەن کە لەلایەن کۆمپانیای HKN ی ئەمریکی بەڕێوەدەبرێت. ناوەندەکە دەڵێت نابێت پێنج کێڵگەکەی کۆمپانیای رۆسنەفتیش لەبەرچاو نەگیرێن بەو پێیەی کۆمپانیاکە بڕیاری داوە لە ساڵی داهاتووەوە دەست بە بەرهەمهێنانی نەوت بکات.

**ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی ئەترۆش لە 22 هەزار بەرمیلەوە بۆ 50 هەزار بەرمیل بەرزبووەتەوە**

## سەفین دزەیی، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ (رووداو):

# چەند وڵاتێک بەنیازی کردنەوەی کونسوڵخانەن لە هەولێر



سەفین دزەیی، سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) ئاشکرای دەکات کە چەند وڵاتێک پەیوەندییان پێوەکردوون و بەنیازن کونسوڵخانە لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە. دەشڵێت فەرمانگەکەیان دیراسەی کردنەوەی چەند نوێنەرایەتییەکی حکومەت لە دەرەوە دەکات.

سەفین دزەیی ئاماژە بە پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر دەکات و دەڵێت پێش خۆپیشاندانەکانی عێراق گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی باش لە نێوان هەردوولا هەبوو، بەڵام ئێستا بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە، مەلەفی هەرێم بە نسبەت بەغدا بووەتە بابەتێکی لاوەکی.

هەڤپەیڤین: زریان حاجی
رووداو – هەولێر

**بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە مەلەفی هەرێم لە بەغدا بووەتە بابەتێکی لاوەکی**

**رووداو: ئێستا کارەکانی فەرمانگەکەتان چۆن بەڕێوە دەچێت؟**

**سەفین دزەیی:** تا ئێستا بەتەواوی نەکەوتووینەتە سەر سکە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئێمە سەرقاڵی رووداوەکانی بەغدا و سووریاین و بە تەواوی نەپەرژاوینەتە سەر کارەکانی خۆمان.

**رووداو: باسی خۆپیشاندانەکانی عێراقت کرد، هیچ کاریگەرییەکی لەسەر هەرێمی کوردستان هەبووە؟**

**سەفین دزەیی:** کاریگەری راستەوخۆی نەبووە، بەڵام لەڕووی دەروونییەوە بەدڵنیاییەوە کوشتن و بریندار بوونی ئەو هەموو خەڵکە کاریگەری هەبووە. ئاژاوە و ناشەفافیەتێک هەیە نازانرێ دۆخی بەغدا بەرەو کوێ دەچێ. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتاوە پشتگیریی خۆی بۆ عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق دەربڕیوە، لە هەمانکاتدا پشتگیری لە داواکاریی خۆپیشاندەرانیش کردووە، بەڵام نەک بەو توندوتیژییەی لەلایەن هێزە ئەمنییەکان و هەندێک لە خۆپیشاندەرانیش دەکرێن، چونکە بەداخەوە پێدەچێت لە هەندێ شوێن بارودۆخەکە ئیستغلال کرابێت و لایەنە راستەقینەکەی خۆپیشاندەران ون بووبێت، بەدڵنیاییەوە ئەگەر بارودۆخەکە ئاڵۆزبێت کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێ، چونکە گفتوگۆیەکی جدی لە نێوان هەولێر و بەغدا هەبوو بۆ چارەسەرکردنی کۆمەڵێک مەلەف، یەک لەوانە بابەتی بودجە.

**رووداو: زیاتر لە مانگێکە شاندی هەرێمی کوردستان ئامادەیە سەردانی بەغدا بکات، دواکەوتنی سەردانەکە پەیوەندی بەم بارودۆخەی ئێستاوە هەیە؟**

**سەفین دزەیی:** لە کۆتایی مانگی نۆی ئەمساڵ دیار بوو کە لێکتێگەیشتنێکی باش لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە بۆ گەیشتن بە هەندێک میکانیزم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام بەهۆی ئەو خۆپیشاندانانەوە ئەولەویەت لە بەغدا گۆڕا، ئێستا تەرکیز لەسەر ئەو رووداوانەیە، بە نسبەت بەغدا مەلەفی هەرێم بووەتە بابەتێکی لاوەکی.

**رووداو: هەرێمی کوردستان ژمارەیەک نوێنەرایەتی لە دەرەوە هەیە، بەرنامەی گۆڕینی نوێنەرانی حکومەتتان هەیە؟**

**سەفین دزەیی:** بەو جۆرە نییە کە بڵێین کابینە گۆڕا ئەوانیش دەگۆڕێن، نوێنەرەکان لە کارەکانی خۆیان بەردەوام دەبن تا ئەو کاتەی بڕیارێکی دیکە دەدرێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین نوێنەرایەتی وەک سلکی دیبلۆماسی وڵاتانی سەربەخۆ و خاوەن کیان نییە کە بتوانین لە هەرێمەوە باڵیۆزێک بنێرین. بۆ نموونە کە بەغدا باڵیۆزی نوێی بنێرێتە بەریتانیا لەڕووی ئیقامەی کار و ڤیزەی کار کێشەی نییە، بەڵام ئێمە ناتوانین کادرێک لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بنێرین ببێتە نوێنەر لە لەندەن یان واشنتن، بۆیە بەردەوام پشت بەو خەڵکانە دەبەستین کە لە دەرەوەن و رەگەزنامەی ئەو وڵاتەیان هەیە و لەوێ دەژین و کێشەیان نییە. بە پلەی یەکیش کادیرانی حیزبی، چونکە ئاستی نوێنەرایەتییەکان لە نێو حیزبەکاندا بە پشکە.

**رووداو: حیزبە بەشداربووەکانی حکومەت بەرکەوتەی خۆیان هەیە لە نوێنەرایەتییەکان، کەی پێیاندەدرێ؟**

**سەفین دزەیی:** لە کاتی رێککەوتنی پێکهێنانی حکومەت باسی نوێنەرایەتییەکانیش کراوە، بەڵام تا ئێستا گفتوگۆی لەسەر نەکراوە.

**رووداو: کونسوڵخانەی نوێ لە هەرێمی کوردستان دەکرێنەوە؟**

**ناتوانین یارمەتی ئیسپانیا بدەین بۆ کردنەوەی کونسوڵخانە لە هەولێر**

**سەفین دزەیی:** چەند وڵاتێک نیازی خۆیان نیشانداوە و ئەو بابەتەیان باس کردووە، ناتوانم ناوی ئەو وڵاتانەت پێ بڵێم، چونکە گفتوگۆیان لەگەڵ ئێمە کردووە و لەگەڵ بەغدا دیراسەی دەکەن، ئەو وڵاتانەی باڵیۆزخانەیان لە عێراق هەیە دەتوانن لە هەرێم کۆنسوڵخانە بکەنەوە.

**رووداو: باس لەوە دەکرێ کە قەتەر نیازی کرنەوەی کونسوڵخانەی لە هەرێم هەیە؟ تا چەند کرنەوەی نوێنەرایەتی قەتەر گرنگە بۆ هەرێم؟**

**سەفین دزەیی:** لە دوای سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ قەتەر شتێکی لەو جۆرەیان باس کردووە. ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی کونسوڵخانەیان لێرە هەیە، قەتەریش وڵاتێکی گرنگە لە کەنداو، خواستی نێردەی دیپلۆماسی هەیە و لەڕووی ئابووری و وەبەرهێنانیش ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە.

**رووداو: باڵیۆزی ئیسپانیا لە عێراق لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (رووداو) گوتبووی نیازی کردنەوەی کونسوڵخانەیان لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام بەهۆی کێشەی داراییەوە ناتوانن بیکەنەوە، ئێوە دەتوانن لەڕووی داراییەوە یارمەتییان بدەن بۆ کردنەوەی نوێنەرایەتی؟**

**سەفین دزەیی:** کاتێک هەرێمی کوردستان تووشی قەیرانی دارایی بوو، نوێنەرایەتیمان لە دەرەوە هەبوو کەس هاوکاری نەکردن، نوێنەرەکانمان بە تەقەشوفێکی زۆر و لە دەمی خۆیان دەگرتەوە بۆ ئەوەی کارەکانیان بەڕێوەببەن. پێمانخۆشە وڵاتێکی وەک ئیسپانیا کونسوڵخانەی خۆی لێرە هەبێت، بەڵام هەرێمی کوردستان ئەو توانا داراییەی نییە یارمەتییان بدات بۆ کردنەوەی کونسوڵخانە، ئەوە لە نەریتی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و حکومەتی هەرێمیشدا نەبووە.

**رووداو: ماوەیەکی زۆرە باس لە سەردانی ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا بۆ هەرێمی کوردستان دەکرێ، بەپێی زانیاریی ئێوە سەردانەکەی کەیە؟**

**سەفین دزەیی:** کات و رۆژەکەیان دیاری نەکردووە، بەڵام هەم سەرۆک ماکرۆن و هەم کونسوڵی ئێستا و پێشتریشیان پێش دەستلەکارکێشانەوەی لە مانگی تەممووزی ئەمساڵ، لە رۆژی نیشتمانی فەرەنسا بە ئامادەبووانی راگەیاند کە سەرۆکی فەرەنسا پێش کۆتایی ساڵی 2019 نیازی وایە سەردانی هەرێمی کوردستان بکات.

**رووداو: سەردانەکەی سەرۆکی فەرەنسا تا چەند بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە، چونکە هەر فەرەنساش بوو کە دوای گشتپرسییەکەی 2017 گەمارۆی دیبلۆماسی سەر هەرێمی کوردستانی شکاند؟**

**سەفین دزەیی:** بێگومان سەردان لە ئاستی باڵا لە هەر وڵاتێکەوە بێت بۆ هەرێمی کوردستان بە بایەخەوە تەماشا کراوە، ناکرێ ئینکاری لە رۆڵی فەرەنسا بکرێ، ئەگەر تەماشای سەرۆکەکان لە جیهاندا بکەین، جگە لە مەحموود عەباس کە سەردانی هەرێمی کردووە، وەک سەرۆککۆمار دوو جار فرانسۆ هۆلاند لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد کە یەکێکیان لە گەرمەی شەڕی داعشدا بوو، دووەم جار سەردانێکی فەرمی کرد. جاری سێیەم وەک سەرۆکی پێشووی فەرەنسا پێش ماوەیەک هاتە هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەگەر سەرۆک ماکرۆنیش ئەم سەردانە بکات، نیشانەی ئەوەیە کە فەرەنسا بایەخێکی زۆر بە ناوچەکە و پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ گەلی کوردستان و هەرێمی کوردستان دەدات.

**رووداو: هیچ داواکارییەک لە ئاستی باڵای وڵاتان بۆ سەردانی هەرێم لەم ماوەیە پێشکەش کراوە جگە لەوەی سەرۆکی فەرەنسا؟**

**سەفین دزەیی:** لە رابردوودا لە ئاستی سەرۆک وەزیران، وەزیری بەرگری، وەزیری دەرەوە، جێگری سەرۆک وەزیران، وەزیرەکانی دیکە بەتایبەت ئەڵمانیا وەزیری بەرگرییەکەی پێنج شەش جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، وەزیری بەرگری فەرەنسا سێ جار وەک وەزیری بەرگری و سێ جاریش وەک وەزیری دەرەوە سەردانی کردووە. وەزیری دەرەوەی رووسیا، هەروەها بەریتانیا و ئەمریکا و شاندی کۆنگرێس و پەرلەمان، سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە. دەمێنێتەوە سەر گۆڕانکارییەکان و رووداوەکان کە دێنە پێش، هەروەها ئەجێندا و بەرنامەی وڵاتانیش دەگۆڕێ، بەڵام لەڕووی پەیوەندییەوە، پەیوەندی نێوان هەولێر و پایەختی ئەو وڵاتانە بەشێوەیەکی باش بەردەوامن.

**رووداو: تا ئێستا چەند داوەتنامە بۆ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن وڵاتانەوە هاتووە؟**

**سەفین دزەیی:** بە نسبەت سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەندێ بەرنامە پێشتر لەئارادا بوو بۆ ئەمریکا، بەریتانیا. هەروەها ئەمساڵ سەفەری فەرەنسا، قەتەر و تورکیای وەک سەرۆکی هەرێم کرد. سەبارەت بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، لەوەتەی دەستبەکار بووە سەفەری فەرمی بۆ دەرەوەی وڵات نەکردووە، بەڵام بەرنامە و بانگێشت هەیە، حکومەتی تورکیا بە فەرمی داوەتی کردووە، دەبوو لە کۆتایی مانگی 10 ئەو سەردانە بکات، بەڵام بەهۆی بارودۆخی عێراق سەردانەکە دواخرا.

**دیراسەی کردنەوەی چەند نوێنەرایەتییەکی تازە لە دەرەوە دەکەین**

**رووداو: وەک سەرۆکی نوێی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بەرنامەت بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ دەرەوە چییە؟**

**سەفین دزەیی:** ئێمە پەیوەستین بە کارنامە و سیاسەتی حکومەت و ئیدیعای سیاسەتێکی تاکلایەنە وەک فەرمانگە ناکەین، پەیڕەوی ئەو سیاسەتەی دەرەوەی هەرێم و سەرکردایەتیی سیاسی حکومەت دەکەین. سیاسەتی حکومەتی هەرێمیش ئەوەیە پەیوەندییەکانمان فراوانتر بکەین و سەردانی دیپلۆماسیی زیاتر روو لە هەرێم بکەن. هەروەها هاندانی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ سەرمایەگوزاری لە کوردستان. جگە لەوەش لەڕووی کولتوورییەوە هەرێمی کوردستان زیاتر بەدەرەوە بناسێنرێ. لە داهاتوودا دیراسەیەکی ورد بۆ کردنەوەی چەند نوێنەرایەتییەکی نوێ لە چەند وڵاتێک دەکەین کە مومکینە لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان بێ.

**بۆ زیادکردنی دەسەڵاتەکانی فەرمانگەکەمان پرۆژەیەک دەدەینە ئەنجوومەنی وەزیران**

**رووداو: فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئایا بەرنامە و پرۆژەتان نییە کە هاوشێوەی وەزارەتێک دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریتان هەبێ؟**

**سەفین دزەیی:** ئەگەر تەماشای کاری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بکەین لە 13 ساڵی رابردوودا کاری باش کراوە و بەدڵنیاییەوە کەموکووڕیش هەبووە و ئێستاش هەر کەموکووڕی دەبێت، بەڵام هەوڵدەدەین پرۆژەیەک پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیران بکەین بۆ ئەوەی پێگەی و پێناسە و هەیکەلیەتی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە تۆزێک بەهێزتر بکرێت، چونکە ئێستا فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە راستەوخۆ سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانە و لە کۆمەڵێک دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردن بێبەشە.

دەکرێت فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە وەک وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری پەیوەندییەکان بێت یان بەجۆرێک لە جۆرەکان دەستی واڵاتر بێت لە کار و بڕیارەکانی، هەرچەندە ئەنجوومەنی وەزیران پاڵپشت بوون و درێغییان نەکردووە.

# ئایا یەکێتی سکرتێر هەڵدەبژێرێ؟


وا بڕیارە یەکێتی چوارەمین کۆنگرەی خۆی لە 2019/12/7 لە شاری سلێمانی ببەستێ (فۆتۆ: ڕووداو)

**ئاسۆ سەراوی**
**ڕووداو – هەولێر**

کەمتر لە مانگێکی ماوە بۆ بەستنی کۆنگرەی یەکێتی، بەرپرسانی ئەو حیزبە دەڵێن سەرقاڵی ئامادەکارین، بەڵام ئەوەی باسی ناکەن چۆنیەتی دانانی سکرتێری گشتیی یەکێتییە. ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبە دەڵێت: "بۆ ئەو پرسە ڕێککەوتن نا، بەڵام دەبێت لێکتێگەیشتنێک هەبێت و ناکرێت بە قەدەری بسپێرین".

وا بڕیارە یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، چوارەمین کۆنگرەی خۆی لە 2019/12/7 لە شاری سلێمانی ببەستێ، بەرپرسانی ئەو حیزبە دەڵێن تا ئێستا هیچ ئەگەرێکی دواخستنی کۆنگرە نییە.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئامادەکارییەکانی بەستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی بە باشی بەڕێوەدەچن".

ئەوەی ئێستا قسەی زۆری لەسەر دەکرێ، دانانی کەسی یەکەمە بۆ ئەو حیزبە کە لەدوای مردنی تاڵەبانییەوە کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی، مومارەسەی دەسەڵاتەکانی دەکات.

ئەسەسەرد دەڵێت: "هێشتا لەسەر چۆنێتی دیاریکردنی کەسی یەکەمی یەکێتی و جێگرەکانی ڕێککەوتن نەکراوە، ئەوەش بۆ ئێمە گرفتە و یەکەمجارە ڕووبەڕووی دەبینەوە". ئەسەسەرد لەگەڵ ڕێککەوتن نییە لەسەر ئەو بابەتە، بەڵکو دەڵێت: "دەبێ لێکتێگەیشتن بۆ ئەو بابەتە هەبێ، چونکە ناکرێ پرسی کەسی یەکەمی حیزب بە قەدەر بسپێرین".

بۆ کۆنگرەی یەکێتی سێ پرۆژە هەیە، یەکێکیان هی ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتییە، بەڵام خۆی ناوی نانێ پرۆژە، بەڵکو بە تەواوکەری پرۆژەکەی ئەنجومەنی ناوەندی دەزانێ و دەڵێت: "من داوام کردووە هاوشێوەی پەرلەمان لە کۆنگرەدا 111 کەس هەڵبژێرین و لەو کەسانەش 30 کەسیان بۆ ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێرین، دواتریش دەستەیەکی سێ کەسی هەڵبژێرین".

هەڵبژاردنی 55 کەس بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی و دواتر دروستکردنی ئەنجومەنێک بە ناوی (ئەنجومەنی دانایان) بەشێکە لە پرۆژەی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی بۆ کۆنگرەی ئەو حیزبە.

> ناکرێت دیاریکردنی کەسی یەکەمی یەکێتی بەقەدەر بسپێرین
>
> فەرید ئەسەسەرد

ڕەهبەر سەید ئیبراهیم، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ئەو پرۆژەیە بۆ یەکێتی بە گونجاو دەزانێت و دەڵێت "بەبڕوای من لە کۆنگرەدا ئەو پرۆژەیە پەسەند دەکرێت".

دوایین کۆنگرەی یەکێتی لە 2010/6/1 بەسترا، دەبووایە لە حوزەیرانی 2014 کۆنگرەی چوارەم ببەسترێ، بەڵام پێنج ساڵ بەسەر بەستنی وادەی کۆنگرەکەدا تێپەڕیوە.

هەرچەندە تاوەکو ئێستا بە فەرمی هیچ سەرکردەیەکی یەکێتی ڕاینەگەیاندووە کە خۆی بەربژێر ناکاتەوە بۆ وەرگرتنی پۆست، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی ڕەهبەر سەید ئیبراهیم، ژمارەیەک سەرکردە نیازی پاشەکشەیان هەیە و دەڵێت: "نزیکەی 7 سەرکردەی یەکێتی خۆیان بۆ وەرگرتنی هیچ پۆستێک بەربژێر ناکەن".

هەرچەندە ئامادەکارییەکانی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی بە کردار دەستپێکردووە، تەنانەت بڕیارە 15ی ئەم مانگە کۆنفرانسی مەڵبەندەکانی ئەو حیزبە بکرێت کە 14 مەڵبەندە، بەڵام هێشتا ئەگەری دواخستنی کۆنگرە هەیە.

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت: "هیچ بڕیارێک بۆ دواخستنی کۆنگرە نییە، بەڵام هەموو ئەگەرێک لەئارادایە، دەبێت ئەوەش ڕوون بێت، بەستنی کۆنگرە تەنیا بۆ پۆست وەرگرتن نییە، بەڵکو کۆنگرە بۆ هەموو حیزبێک خۆ نوێکردنەوە و دانانی بەرنامە و پلانی نوێی کارکردنە، بۆ یەکێتیش هەر بەو جۆرەیە".

## ژنانی یەکێتی داوای کۆتا دەکەن

ڕێژەی بەشداریی ژن لە کۆنگرەی پێشووی یەکێتی 20% بوو، بەڵام ئێستا ژنانی ئەو حیزبە داوا دەکەن ڕێژەکە لانیکەم بۆ 30% بەرزبێتەوە.

ڕۆژان محەممەد پەرلەمانتاری یەکێتی لە کوردستان و ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت: "پێویستە ڕێژەی بەشداریی ژنان لەناو ئۆرگانەکانی یەکێتی بۆ سەرجەم پۆستەکان 30% بێت".

گوتیشی: "لەگەڵ کۆتای ژنان نیم، بەڵام بۆ ئەم قۆناغە دەبێت ئەوە هەبێت".

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی، ئەندامانی کۆنگرەی یەکێتی نابێت ژمارەیان لە 1000 کەس زیاتر بێت، بەشێک لەوانەش، بەبێ هەڵبژاردن دەبنە ئەندامی کۆنگرە، لەوانە پەرلەمانتاران و وەزیرانی یەکێتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، دامەزرێنەرانی یەکێتی، پێشمەرگە دێرینەکانی ساڵی 1976، ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەند و سەرکردایەتی. 7 ئەندامی هەر مەکتەبێک، بەڵام ئێستا بەڕێوەبەرە گشتییەکان، قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان و ئەندامانی یەکێتی لە ئەنجومەنی پارێزگاکانیش داوا دەکەن ڕاستەوخۆ ببنە ئەندامی کۆنگرە.

سێ پرۆژە بۆ بەستنی کۆنگرە پێشکەشی ئەو حیزبە کراون کە یەکێکیان پرۆژەی ئەنجومەنی ناوەندی ئەو حیزبەیە و سێ ساڵە ئامادە کراوە.

ڕۆژان محەممەد پێیوایە پرۆژەکەی ئەوان گونجاوترین پرۆژەیە کە ناوەڕۆکەکەی بەو شێوەیەیە: لە کۆنگرەدا ئەنجومەنێکی 121 کەسی دیاری بکرێت، لەوانیش 51 کەس بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێردرێن. ڕۆژان دەڵێت "پرۆژەکەی ئەنجومەنی ناوەند، گونجاوترین پرۆژەیە و لەو بڕوایەدام بۆ کۆنگرەی چوارەم پەسەند بکرێت".

## کۆنگرە و خوێنی تازە

ئێستا کادیرە گەنجەکانی یەکێتی، زۆرترین قسە لەسەر کۆنگرەی چوارەم دەکەن، سەرکردە گەنجەکانی ئەو حیزبەش زۆرترین قسەیان لەسەر دەکرێ کە ئەمجارە ڕۆڵی بەرچاویان دەبێ لە دارشتنی سیاسەتی داهاتووی ئەو حیزبە.

> نزیکەی 7 سەرکردەی یەکێتی خۆیان بۆ وەرگرتنی هیچ پۆستێک بەربژێر ناکەن
>
> ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی

کاروان یاروەیس، ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی دەڵێت بە پشتبەستن بەوەی لەسەر ئاستی پارێزگا و دەڤەرەکان ئەندامانی کۆنگرە دیاری دەکرێن، دەرفەت بۆ هاتنە پێشەوەی خوێنی تازە زیاترە و گوتیشی: "لەو بڕوایەدام لە کۆنگرەی چواردا 25%ی خوێنی تازە دەچێتە سەرکردایەتی یەکێتییەوە".

# پارتی و یەکێتی و گۆڕان بەڕێوەبەر و قائیمقامەکانیان دەگۆڕن

**زریان حاجی**
**ڕووداو- هەولێر**

وا بڕیارە هەریەک لە پارتی و یەکێتی و گۆڕان بەڕێوەبەرە گشتییەکان و قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانیان بگۆڕن، بۆئەوەش چاوەڕێن کابینەی وزاریی حکومەت تەواو بێ.

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هەموو ئەو کەسانەی ماوەیەکی زۆرە لە یەک پۆستدان، دەگۆڕدرێن و کەسانی دیکە لە شوێنیان دادەنرێن". بەڵام ئومێد خۆشناو کاتی گۆڕانکارییەکان دەبەستێتەوە بە دانانی بریکاری وەزیرەکان "دواتر بەڕێوەبەرە گشتییەکان، قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان دەگۆڕدرێن".

هەرچەندە ئومێد خۆشناو ئامادە نەبوو ناوی هیچکام لەو بەڕێوەبەرانە ئاشکرا بکات کە دەگۆڕدرێن، بەڵام گوتی: "ئەوانەی ساڵانێکی زۆرە لەیەک پۆستدان لادەبرێن، ئیدی ئەگەر لە ماوەی کارەکەیاندا خزمەتی باشیان کردبێ، پێویستە پۆستی دیکەیان بدرێتێ، خۆ ئەگەرنا مەرج نییە پۆستیان پێ بدرێت. گۆڕانکارییەکان بەپێی پێویستی دەکرێن".

لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکاندا یەکێک لەوانەی ناوی دەهێنرێ بگۆڕدرێ، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێرە. لیوا عەبدولخالق تەلعەت بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "من ماوەی 14 ساڵە بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەولێرم، بۆیە مافی خۆیانە گۆڕانکاری بکەن، بەڵام تا ئێستا هیچ فەرمان و ئاگادارکردنەوەیەکم سەبارەت بە گۆڕینم بۆ نەهاتووە".

جگە لە پارتی، یەکێتیش بەرنامەی گۆڕینی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی هەیە.

ئازاد حەمەئەمین، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە یەکێتییە، دەڵێت: "یەکێتی لە بەرنامەیدایە گۆڕانکاری لە تەواوی ئەو پۆستانەی لە کابینەی پێشووی حکومەت دانراون بکات، بە حکومەتی لۆکاڵیشەوە، سیڤییەکی زۆریش پێشکەش کراوە و ئێستا لای تیمی یەکێتییە لە حکومەت".

پێشتر یەکێتی و گۆڕان لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە ڕێککەوتنیان هەبووە.

ئازاد حەمەئەمین دەڵێ: "ئاساییە هەر لایەکمان لەلای خۆمان بەڕێوەبەرەکانمان بگۆڕین، بەڵام بۆ گۆڕانکاری لەسەر کۆی پۆستەکان، پێویستمان بە ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ گۆڕان دەبێ".

ئەمیر حاجی کەمال، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی گۆڕان دەڵێت: "ئێمە سێ ڕێککەوتنمان لەگەڵ یەکێتی هەیە کە ڕێککەوتنی دەباشانی تێدایە بە واژۆی کاک نەوشیروان و مام جەلال، بەهۆی جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکان، جڤاتی نیشتمانی ساڵی پار ڕێککەوتنەکەی هەڵپەسارد".

ئەو بەرپرسەی گۆڕان ئاماژە بەوە دەدات کە یەکێتی پابەند نەبووە بە ڕێککەوتنی دابەشکردنی پۆستەکان و دەڵێت: "دەبێ یەکێتی ئەو پۆستانەمان پێبدات کە بەرکەوتەی ئێمەن، ئەوانیش جێگری پارێزگای هەڵەبجە، پۆستەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیانن".

بزووتنەوەی گۆڕانیش نیازی گۆڕینی بەڕێوەبەرەکانی هەیە. ڕزگار محەممەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕۆژی 2019/11/10 لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆن سەردانی بەڕێوەبەرەکانی گۆڕانمان لە سنووری گەرمیان کرد، ئامانجەکەشمان هەڵسەنگاندنی کارەکانیان بوو".

گوتیشی "بەدڵنیاییەوە ئەوانەی کەمتەرخەمن لە پۆستەکانیان لادەدرێن، واتا ئێمەش گۆڕانکاری لە پۆستەکاندا دەکەین".

## کەی بریکارەکان دادەنرێن؟

کابینەی نوێی حکومەت کە لە 23 وەزیر پێکدێ، لە 2019/7/12 لە پەرلەمانی کوردستان متمانەی پێدرا، بەڵام دوای تێپەڕبوونی پێنج مانگ هێشتا بریکاری وەزارەتەکان دەستنیشان نەکراون.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لیستی ناوی کاندیدەکان بۆ پۆستەکانی بریکار و سەرۆکی دەستەکان لەلایەن لێژنەیەکی تایبەتمەندەوە یەکلایی کراوەتەوە و ڕادەستی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکوومەتی کراوە، ئەویش ڕادەستی سەرۆکی حکومەتی کردووە".

بەڵام جوتیار عادل گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەتیکردەوە هیچ لیستێکی ناو لەلایەن یەکێتی ئاراستەی حکومەت کرابێ.

سەبارەت بە لیستی ناوەکانی بزووتنەوەی گۆڕانیش بۆ ئەو پۆستانەی کە ماون، خەلیل سەرکانی ئەندامی جڤاتی نیشتمانی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت: "بەرکەوتەکانی ئێمە لە 80 پۆست تێناپەڕێت، بۆ ئەوەش نزیکەی 700 سیڤیمان بۆ هاتبوو، ژووری پەرلەمان و حکوومەتی بزووتنەوەکە سیڤیەکانیان ڕێکخست و ئاراستەی لێژنەیەکی تایبەتمەندیان کرد، لێژنەکەش سیڤیەکانیان بۆ پۆستەکان یەکلایی کردەوە و ئاراستەی ڕێکخەری گشتییان کرد، واتە ئێستا ئێمە لیستی ناومان ئامادەیە و هەرکات داوا کرا گرفتمان نییە".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەناو پارتی بە (ڕووداو)ی گوت: پارتی پۆستی بریکاری وەزیرەکانی یەکلایی کردووەتەوە کە بریتین لە سەربەست لەزگین، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، ڕابەر سدیق، بریکاری وەزارەتی دارایی. سالار عوسمان، بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری، زاگرۆس فەتاح، بریکاری وەزارەتی پلاندانان، بەرەڤان حەمدی بریکاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان. د.محەممەد حەسەن، بریکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا، زەکیە سەید ساڵح، بریکاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئاگرین عەبدوڵڵا، بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن.

## لایەنگری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە

# کوردێک لە نێو پارتی کاری بەریتانیادا مشتومڕ دەنێتەوە


ئیبراهیم دۆغوش، خاوەن ڕێستورانت و دانەری خەڵاتی کەبابی بەریتانیایە

**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو، ئیبراهیم دۆغوش، ئەندامی کوردی پارتی کاری بەریتانیا، وەک بەربژێری پارتەکە بۆ کورسییەکی وێست میدلەندز دەستنیشان کرا، کە پێشتر بە دەست تۆم واتسن، جێگری سەرۆکی پارتی کارەوە بوو. ئەو هەنگاوەی پارتی کار مشتومڕێکی زۆری ناوەتەوە و بە هەوڵی سەرۆکی پارتەکە بۆ دانانی کەسانی نزیک لە خۆی لەقەڵەم دەدرێ.

دۆغوش لە 2018 وە سەرۆکی شارەوانی لامبێسە، دامەزرێنەری دوو سەنتەری توێژینەوەیە لەبارەی کورد. بە کەسێکی چالاکی کۆمەڵگای کوردی بەریتانیا دادەنرێ. کاندیدا کوردەکە لەبارەی بەربژێرکردنی بۆ ئەو پۆستە بە ماڵپەڕی (لەیبەر لیست)ی ڕاگەیاند: "شانازییە بۆ من کە وەک کاندیدایەک بۆ وێست برۆمیچ ئیست (لە وێست میدلەندز) دەستنشانکراوم و لە ئێستا بەدواوە بەرەنگاری موحافزکارەکان دەبمەوە".

ئیبراهیم دۆغوش، کارساز، خاوەن ڕێستورانت و لۆبیستێکی چالاکیشە و دانەری خەڵاتی کەبابی بەریتانیایە، بەڵام دەزانێ ئەرکێکی قورسی لەسەر شانە کە پڕکردنەوەی کورسی جێگری سەرۆکی پارتی کارە لە پەرلەمانی بەریتانیا، هەر بۆیەش دەڵێ: "حەز دەکەم ڕێز و پێزانینی خۆم بۆ تۆم واتسن دەرببڕم کە بەوپەڕی خەمخۆرییەوە خزمەتی خەڵکی وێست برۆمیچ ئیستی کردووە، پڕکردنەوەی شوێنی ئەو کارێکی قورسە".

تۆم واتسن، تەمەن 52 ساڵ، لە ئەیلوولی 2015 وە جێگری سەرۆکی پارتی کارە و لە حوزەیرانی 2001ـەوە هەتا تشرینی دووەمی ئەمساڵ نوێنەری وێست برۆمیچ ئیست بووە کە دەکەوێتە ناوچەی ویست میدلەندز لە ناوەڕاستی بەریتانیا. هەفتەی ڕابردوو واتسن ڕایگەیاند: "لەبەر هۆکاری تاکەکەسی، نەک سیاسی" واز لەو کورسییە دەهێنێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (سەندەی تایمز)ی بەریتانی، دەستنیشانکردنی کاندیدا کوردەکە بێ کێشە نەبووە، لەبەر ئەوەی دەنگۆی ئەوە هەیە واتسن بەو مەرجە قایل بووە بە بێدەنگی واز لەو کورسییە بهێنێ کە شوێنگرەوەکەی یەکێک لە ئەندامانی تیمەکەی خۆی بێ.

بڕیارە لە ڕۆژی 12ی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ هەڵبژاردنی گشتیی پێشوەختەی پەرلەمانی بەریتانیا بەڕێوەبچێ. دوایین هەڵبژاردنی گشتیی بەریتانیا لە حوزەیرانی 2017 بوو کە تێیدا پارتی دەسەڵاتداری کۆنزەرڤاتیڤ نەیتوانی زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان بهێنێ، ئەوەش دەستی حکومەتی لە جێبەجێکردنی برێگزت لاواز کرد. پێشتر سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردنی پێشوەختەی ڕاگەیاند. هەڵبژاردنەکە گرەوی لایەنگرانی جێبەجێکردنی برێگزیتە لە حیزبی کۆنزەرڤاتیڤ، بۆ ئەوەی پرۆژەی برێگزیت تەواو بکەن، واتە بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا جیابکەنەوە.

ئیبراهیم دۆغوش هاوشێوەی واتسن لایەنگری مانەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپایە، سەرەتای ئەمساڵیش لەسەر مینۆی خواردنی ڕێستورانتەکانی پەیامی "لایەنگری لە کۆچبەران" و "ئەنتی-برێگزت"ی دانابوو کە بە گوتەی خۆی بەم هۆیەوە هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە.

دۆغوش هاوڕێی نزیکی جێرمی کۆربن، سەرۆکی پارتی کارە. نارازییەکان کۆربن بەوە تۆمەتبار دەکەن کە هاوپەیمانەکانی خۆی لە حیزبدا بۆ کورسییەکان دیاری دەکات. شیکارییەکی ڕۆژنامەی (ساندەی تایمز) دەریدەخات سەرۆکی پارتی کار لەو هەوڵەی خۆیدا سەرکەوتوو بووە، بە جۆرێک لەو 34 کورسییانەی پارتی کار نوێنەرەکەیان خانەنشین بوون یان وازیان هێناوە، 21 کورسییان لەلایەن هاوپەیمانەکانی کۆربنەوە پڕکراونەتەوە.

دۆغوش لەبارەی بەرنامەی خۆی لە چەند هەفتەی داهاتوودا بە (لەیبەر لیست)ی ڕاگەیاندووە: "دەمەوێ لەگەڵ خەڵک کۆببمەوە و گوێ لە خەم و نیگەرانییەکانیان بگرم. دەزانم ژیان لە شوێنی نیشتەجێبوونی کاتی یانی چی، دەزانم کارکردن بۆ چەندین سەعات و بەرەوڕووبوونەوەی بەربەست یانی چی".

> ئیبراهیم دۆغوش دژی دەرچوونی بەریتانیایە لە یەکێتیی ئەوروپا

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (تایمز)، هاوپەیمانەکانی کۆربنیش لە دەستنیشانکردنی دۆغوش تووڕەن، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی بڕیار بوو کاندیدای سەرەکی بن، هەتا ئێستا هیچ کورسییەکیان بۆ نەدۆزراوەتەوە، لەوانەش کەتی کلارک، سیمۆن فلێچەر و لۆرا پارکەر کە پێشتر پۆستی باڵای ڕاوێژکاری و جێبەجێکارییان لە پارتەکەدا هەبووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، کۆربن لە مەراسیمی بەخشینی خەڵاتی بریتیش کەبابدا بەشدار دەبێ و کەیفی بە چالاکییەکانی ئەو چالاکڤانە کوردە بۆ پشتیوانی لە دەوڵەتی کوردستان دێ. کەسایەتییە کوردەکە بەپێی میکانیزمێکی نوێی دەستنیشانکردنی کاندیداکان دیاریکراوە و لە هۆڵەکانی کۆبوونەوەی کاندیداکان لەگەڵ ئەندامانی حزب هەڵنەبژێردراوە. پەیوەندیی دۆغوش، تەمەن 39 ساڵ، لەگەڵ پارتی کار بۆ 23 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، کاتێک لەلایەن یەکێک لە مامۆستاکانی بانگهێشت کرا بۆ ئەوەی لە کۆنفرانسێکی پارتەکەدا باسی دۆزی کورد بکات. لەو کۆنفرانسەدا جێرمی کۆربن یەکێک لە قسەکەرەکان بوو. لەو کاتەشەوە دۆغوش هەواداری سەرەکیی کۆربنە و پشتگیری لە سیاسەتەکانی دەکات.

### عیزەت شابەندەر، سیاسەتمەداری عێراقی بۆ (رووداو):

# ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە پشت بەسیاسیکردنی خۆپیشاندانەکانی عێراقن

**عیزەت حەسەن شابەندەر، رۆژانە لە ماڵەکەی خۆی پێشوازی لە خۆپیشاندەران دەکات و نایشارێتەوە کە هاوکاریی لۆجستییان دەکات. ئەو کە سیاسییەکی شیعەمەزهەبە، ساڵی 1950 لە بەغدا لەدایکبووە. بەهۆی چالاکی سیاسییەوە لە سەردەمی سەدام حوسێن چەند جارێک بەند کراوە، برایەکیشی لەلایەن رژێمی پێشووی عێراقەوە لەسێدارە دراوە.**

**عیزەت شابەندەر لە ساڵی 1982 عێراقی جێهێشت و ساڵی 2003 گەڕایەوە.**

**ئەو ئەگەرچی کەسایەتییەکی دیاری شیعەیە، بەڵام جگە لە دوو خول کە ئەندامی پەرلەمان بووە، هیچ بەرپرسیارێتییەکی لە حکومەتەکانی دوای سەدام حوسێن وەرنەگرتووە. عیزەت شابەندەر کە لوبنان دادەنیشێ، ماوەیەکە گەڕاوەتەوە بەغدا و (رووداو) لە ماڵەکەی خۆیدا ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ کردووە.**

هەڤپەیڤین: هیوا جەمال
رووداو – بەغدا



(فۆتۆ: رووداو)

**رووداو: ئێستا لایەنەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق کێن و بەسەر کام لایەناندا دابەشبوون؟**

**عیزەت شابەندەر:** پێموایە ئەم رۆژانە زۆر هاوکار دەبن بۆ دەستنیشانکردن و جێگیرکردنی روخسارەکانی ئایندەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم وڵاتە. بە بۆچوونی من ئەم قەیرانە دوو لایەنی تێدایە، لایەنی یەکەم سیستمی حوکمڕانە و سیستمی بزووتنەوە و رەوتەکان و حیزبە سیاسییەکانی عێراقە، کە پاش 2003 رازی بوون بەشداربن لە دابەشکردنی دەسەڵات نەک لە بونیادنانەوەی دەوڵەت. ئەمریکییەکان کاتێک هاتن، حکومەت و سیستمیان نەڕووخاند، بەڵکو دەوڵەتی عێراقیان رووخاند، بۆیە کاتێک پاش 2003 حیزبەکان هاتن، کاریان نەکرد و سەرقاڵ نەبوون بە دەستنیشانکردنی واقیعەکە دوای داگیرکاری، هەر بۆیە درکیان نەکرد و ئەوەیان دەستنیشان نەکرد کە ئەوان لەبەردەم بۆشاییەکی گەورەدان ناوی رووخانی دەوڵەتە، بۆیە چوون بۆ دەسەڵات. رازی بوون و قایل بوون بە دابەشکردنی دەسەڵات، لە ساڵی 2003 وە لەم راستییەدا ژیاین. پۆڵ برێمەر، دەسەڵاتداری مەدەنی ئەم واقیعەی رێکخست و لە پێش چاوی سیاسەتڤانانی عێراق رازاندییەوە، بۆیە لە 2006 چووین بۆ هەڵبژاردنێک رەنگدانەوەی ئەو دیموکراسییە بێت کە چاوەڕوان دەکرا بۆ عێراق، بەڵام خۆی لەڕاستیدا هەڵبژاردنەکانی 2006 تاوەکو 2018 هەوڵێک بوون بۆ بە رەواکردنی پرۆژەی دابەشکردنی دەسەڵات. ئەمڕۆ سیستمێکی دیموکراسی نییە ئەوە بەرهەمبهێنێ کە لێرە بەرهەمهاتووە، لێکتێگەیشتن هەیە و نزیکدەبێتەوە و دووردەکەوێتەوە، توند دەبێ و خاو دەبێتەوە لە نێوان پێکهاتە سیاسییەکاندا، بۆ دابەشکردنی دەسەڵات. دیموکراسی هات و رازاندییەوە و کراسێکی دیکەی لەبەرکرد، بەڵام راستی ئەوەی کە ئێمە تێیداین دابەشکردنی دەسەڵاتە لە نێوان حیزبەکاندا.

> ئەمریکا سیستم و حکومەتی نەڕووخاند، بەڵکو دەوڵەتی عێراقی رووخاند

**رووداو: بەڵام بەپێی گوتەی جەنابت بێ و پێش ئەوەی باسی لایەنەکەی دیکە بکەی، مەبەستت ئەوەیە ئەمریکا وڵاتەکەی وێران کرد و عێراقییەکان قبووڵیان کرد، بۆچی عێراقییەکان قبووڵیان کرد دەوڵەت وێران بکرێت؟**

**عیزەت شابەندەر:** ئاشکرایە کە دژایەتی هەبوو لە نێوان ئێران و سووریا لەلایەک و رژێمی سەدام لەلایەکی دیکە، بەڵام کاتێک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاتە نێو هاوکێشەکە، چونکە ئەوان وڵاتن ئەوە دەبینن کە ئێمە نایبینین و درک بەوە دەکەن کە ئێمە درکی پێناکەین، ململانێکەیان لەگەڵ سەدام کە دوژمنی راستەوخۆیە، بەلاوەنا، تەنانەت هەندێک کەشیان بۆ رەخساند کە دەکرا تەمەنی درێژبکەنەوە، چونکە ئەوان درکیان بە مەترسی هاتنی ویلایە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد بۆ نێو هاوکێشەکە، ئەمە لای ئێمە وەک ئۆپۆزیسیۆن رووینەدا، بە سۆزەوە هیوادار بووین سەدام بڕووخێ، ئەگەر لەسەر دەستی شارۆنیش بێ نەک تەنیا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەبێ ئەوەی ئەوە لەبەرچاوبگرین کەوا ئەمریکییەکان کاتێک گۆڕانێکی دیاریکراو ئەنجامدەدەن، ئەوا پلانێکی درێژخایەنیان هەیە بۆ ئەم گۆڕانە، ئەم گۆڕانە هەنگاوی یەکەمی پرۆژەی ئەمریکا بوو بۆ عێراق و ناوچەکە، ئێمە تەنیا خەممان بوو سەدام بڕووخێ و دواتر با لافاو بێ، بێگومان ئەم خەمڵاندنە هی سیاسەتوانان نییە، بەڵکو هی خەڵکێکە ئازاریان پێگەیشتووە و کۆچبەر بوون لە دەرەوەی نیشتمانەکەیان، بۆیە کاتێک هاتینەوە بۆ عێراق و سەدام رووخابوو، جوانییەکانی دەسەڵاتیش لە پێشمان دەدرەوشایەوە، بۆیە نامۆ نەبوو بە ئەنجامەکانی پرۆژەی ئەمریکا رازی بین و خۆمان بە خاوەنی پرۆژەی دابەشکردنی دەسەڵات بزانین.

**رووداو: بەڵام جەنابیشت خۆت رۆژانێک لەم گەمەیەدا بووی کە عێراق پێی گەیشتە ئێستا، بۆچی ئەمەتان قبووڵ کرد، بۆچی ئێستا خاکی عێراق ببێتە گۆڕەپانی ململانێی نێوان وڵاتان و نێوان ئێران و ئەمریکا، نێوان وڵاتانی دەوروبەر؟**

**عیزەت شابەندەر:** زۆر سوپاست دەکەم بۆ ئەم پرسیارە، بۆئەوەی خەڵکیش گوێیان لێبێ و تێبگەن، ئەمریکییەکان دوای 1991 هاتنە نێو هاوکێشەکە و پرسی عێراق لە گۆڕەپانی ناوچەکەوە چووە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی. دوای داگیرکاری سەدام بۆ کوێت، منیش کەسێک بووم هیچ دوودڵ نەبووم لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم راستییە، کەوا تۆپەکە لە یاریگای ناوچەییەوە دەرچوو و سووریا و ئێران و لیبیاش لەسەر هێڵ بوون، رۆیشت و گوازرایەوە بۆ یاریگای نێودەوڵەتی کە ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکات و ئەورووپاش لەگەڵیەتی، بەڵام لە مانگی 12ی ساڵی 1996 درکمکرد ئێمە بە چ کەشتییەک دەڕۆین، بۆیە لە مانگی 12ی ساڵی 1996 بەدواوە رەتمکردەوە پەیوەندیم بە ئەمریکییەکانەوە هەبێ تاوەکو پێش دوو ساڵ هیچ بەرپرسێکی ئەمریکیم نەبینی و نەچوومە هیچ باڵیۆزخانەیەک و هیچ داوەتێک و خوانێکم قبووڵ نەکرد. رێک پێش دوو ساڵ یان ساڵ و نیوێک باڵیۆزی ئەمریکام لێرە بینی، بە نێوەندگیری چەند دۆستێک و بە داواکاریی زۆری ئەو، لە خوانێکی ئێوارەدا لەگەڵیدا کۆبوومەوە. ئەم دیدارە تەقییەوە و خوانەکەشم جێهێشت، پێشمگوت ئامۆژگاریت دەکەم ببیتە باڵیۆزی ئیسرائیل، بۆ هەر وڵاتێک پەیوەندی دیپلۆماسی هەبێ لە عێراق، تۆ ئیسرائیلیت و ئەمریکی نیت و دیدارەکەم جێهێشت. لە دیداری دیکەشدا باسی ئەمەم کردووە، رێگەم لێگیرا لە کۆنگرەی هیلتۆن لە مانگی 12ی ساڵی 2002 بەشداربم، ئەم کۆنگرە هەمووان تێیدا بەشداربوون، ئەمریکییەکانیش لایەنێکی سەرەکی بوون تێیدا کە دەیانویست ئامارەکانی چەند مانگی کەمی داهاتووی تێدا روونبکەنەوە. من لە دەرەوەی کۆنگرەکە بووم، ڤیتۆم لەسەر بوو. لە مانگی شوباتی 2003 هێندەی بیرمە، یان هەندێک پێشتر یان هەندێک دواتر بە چەند مانگێک، کۆنگرەی هیلتۆن دەستەیەکی سیاسی یان لیژنەیەکی سیاسی لە 60 یان 65 کەس دروستکرد بۆ ئەوەی لە سەڵاحەدین کۆببێتەوە. دوای رووخاندنی سەدام حوسێن بە مانگێک، بەهەمانشێوە داوەتی ئەو کۆنگرەیە نەکرام. هەوڵمدا بەشداربم، بەڵام رێگەم لێگیرا، بۆیە سوپاست دەکەم بۆ ئەم پرسیارە، چونکە تیشکی خستە سەر راستییەک کە من بەشێک نیم لەم یارییە. زیاترت پێدەڵێم: لە یەکەم حکومەت کە دکتۆر ئەیاد عەللاوی پێکیهێنا و ئەو لە ژیاندا ماوە، ئەیاد برادەرمە، بۆ پۆستی وەزیری بەرگرێری کردم، پەیوەندی پێوەکردم و گوتی سبەی چاوپێکەوتنت هەیە لەگەڵ کارت رینتەر. پێموایە یاریدەدەری برێمەر بوو، بۆ ئەوەی هەندێک لەگەڵیدا دابنیشی و نیو کاژێر دەخایەنێ، چونکە ئێمە بۆ پۆستی وەزیر بەربژێرمان کردووی، ئەم کەسەش دەبێ چاوی بە بەربژێرەکان بکەوێ، بۆیە زۆری نەمابوو بگریم و پێمگوت نەخێر ئەمریکی ناتوانێ من هەڵبسەنگێنێ و نمرەم بداتێ ئاخۆ من شیاوم بۆ پۆستی وەزیر یان نا، وەزارەتێکی لەم شێوەیەم ناوێ و دەستبەرداری ئەو هەلە بووم، تا ئەم ساتەش.

> ئێران و ئەمریکا دەبێ لەسەر دابەشکردنی عێراق رێکبکەون یان بیکەنە گۆڕەپانی ململانێی نێوانیان

**رووداو: ئەمەی جەنابت دەیڵێیت یەکناگرێتەوە لەگەڵ ئەوەی کە خۆپیشاندەران ئێستا باسی دەکەن، خۆپیشاندەران زۆرتر رەخنە لە ئێران دەگرن، دەڵێن ئێران دەستی خستووەتە وڵاتەکەی ئێمەوە، کەمتر باسی ئەمریکا دەکەن، بۆچی ئەوان زۆرتر باسی ئێران دەکەن؟**

**عیزەت شابەندەر:** باشە، بەم پرسیارە دەچینە لای لایەنی دووەمی هاوکێشەکە، لایەنی یەکەم بریتی بوو لە سیستمی حیزبەکان و لایەنەکان و رەوتەکان. لایەنی دووەمیش شەقامە، هیچ گومانم نییە لەوەی شەقام کە ئێستا خۆپیشاندان دەکات، خاوەن مافە و ستەملێکراوە و زۆر ئازاری چەشتووە بەهۆی ستەم و گەندەڵیی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان، جا بەمەبەست بێ یان بەبێ مەبەست، بۆیە ئەم ئەنجامە زۆر سروشتییە. بەشێک لە خۆپیشاندەران کە گۆڕەپانەکە جێناهێڵن، هێنامن بۆ ماڵەکەم و گفتوگۆم لەگەڵ کردن. هەیە تەنیا دامەزراندنی دەوێ، داواکارییەکی دامەزراندنی کوڕەکەی هێناوە کە دەرچووی ئامادەییە، بەشێک لە خۆپیشاندەرانیش دەیانەوێ دەستوور بگۆڕن و دەیانەوێ سیستمی دەسەڵاتداری بە تێکڕا بگۆڕن، بەشێکیان دەیانەوێ کۆی پرۆسەی سیاسی بڕووخێنن و لەبری ئەوە پرۆسەیەکی سیاسی بهێنن پشت بە کەسانی دیکە ببەستێ. ئەوانەشی کە کۆدەبنەوە لە ئەمریکاوە تاوەکو ئەسینا، کۆبوونەوەکانیان بەردەوامن، دەڵێم ئەم ئەمریکییانە کە دەوڵەتیان رووخاند لە 2003 رێگاکانیشی بۆ عێراقی داهاتوو دیاریکرد. هەر ئەوە بە رێژەیەکی زۆر ئامادەیە و زۆر بەهێزە بۆ گۆڕینی ئەم راپەڕینە خۆرسک و راستگۆیە بۆ راپەڕینێکی بەسیاسیکراو. کاتێک دروشمی ئێران بۆ دەرەوە بەرزدەکرێتەوە، ئاشکرایە کێ لە پشتی ئەم دروشمەیە، ئەمڕۆ ئێران و ئەمریکا زۆر بەداخەوە یان دەبێ رێکبکەون لەسەر دابەشکردنی عێراق یان رێکناکەون و دەبێ عێراق ببێتە گۆڕەپانی ململانێ لە نێوانیاندا. ماوەیەکی زۆرە ئێران لایەنێکی بەهێزە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا، ئەو لایەنی نزیکترە لە سیاسەتوانانی عێراق. لە سەردەمی ئۆباما، ئیدارەی ئەمریکا رازی بوو لەگەڵ ئێرانییەکان رێکبکەوێ بۆ رێکخستنی رەوشی عێراق، بەڵام ترەمپ کە من ناوی سەرۆکی راستگۆی لێدەنێم چونکە پێچ و پەنای نییە لە بەدیهێنانی یان دیاریکردنی یان راگەیاندنی ئامانجەکانی ئەمریکا. ئەو راستگۆیە، نەک بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێک بەهای هەیە، نەخێر ئەو گوزارشت لە سیاسەتی ئەمریکا دەکات بەبێ پێچ و پەنا، ئەو رازی نابێ بە رێککەوتن لەگەڵ کەسێکی دیکە بۆ رێکخستنی کارتەکان لەم وڵاتە، بەڵکو دەیەوێ ئەو تەنیا کەس بێ، بۆیە هەلێک نییە بۆ ئەو کەسایەتییانەی کە دەکرێ دارەکە لە ناوەڕاستەوە بگرن لە نێوان ئێران و ئەمریکا، عێراقیش بەدوور بگرن لەوەی ببێتە گۆڕەپانێک، ئەوان هەلیان نییە، چونکە ترەمپ هۆشداری پێیاندا و پێیگوتن یان لەگەڵم دەبن یان دژم دەبن.

> ئاشکرایە کێ لە پشت بەرزکردنەوەی دروشمی دەرچوونی ئێرانە لە عێراق

**رووداو: لەم دوو لایەنەدا، کە هەر لایەنێکیان چەند بەشێکە، تۆ لە کام لایەندای و لە کام بەشدا نیت و دەتەوێ سیاسەتڤانەکان لە کامیاندا بن؟**

**عیزەت شابەندەر:** هەندێک قسەکانم تەواو دەکەم، بۆچی؟ چونکە شەقام دەڵێ دەبێ ئێران دەربچێ، ئەمە راستە. چونکە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە بە چڕی کاریان لەسەر ئەم بابەتە کرد. دەرکردنی ئێران لە هاوکێشەکە کارێکی ئاڵۆزە، هاوتای کاری ئێرانە لەسەر عێراق و سیاسەتڤانەکانی عێراق، بۆیە ئەمڕۆ گوێت لە دەنگی ئێران بۆ دەرەوە دەبێ، بەڵام من پێتدەڵێم ئەگەر دەنگەکەی دیکە دەیەوێ دابەزێتە ناو خەڵک، دەبینی ئەوکات دەڵێن ئەمریکا بۆ دەرەوە، بەڵام وادیارە خەمڵاندنی بۆ بەرژەوەندی خۆی و هەژموونی خۆی وادەخوازن ئەم بابەتە دوابخەن. من بۆ خۆم بەدڵنیاییەوە لەگەڵ شەقامم و شەرەفمەند نابم لەگەڵ ستەمکار بم دژی ستەملێکراو، بەڵام من بەدەست شتێکی لۆژیکی گرنگەوە دەناڵێنم، ستەمکار دیارە و ستەملێکراو نەناسراوە، کێشەکەم ئەوەیە لایەنی گەندەڵ و تاوانکار لایەنێکی ناسراوە، بەڵام ئەو لایەنەی کە لە بەرامبەریدایە لە شەقام، نەناسراوە. من دەزانم ئەمڕۆ لێپرسینەوە لەگەڵ کێ بکەم لە دەسەڵات و بەرپرسیارێتی بخەمە ئەستۆی کێ و داوای دادگایی کێ بکەم، بەڵام سەری شەقامی ستەملێکراو نابینم.

**رووداو: تۆ لەگەڵ شەقامدای و رەنگە خەڵکانێکی دیکەی سیاسەتوان هەبن، بەڵام نابینرێن لەناو خۆپیشاندانەکاندا، بۆچی بە کردار بەشداری ناکەن، بۆچی ئێوە سەرکردایەتی خۆپیشاندان ناکەن؟**

**عیزەت شابەندەر:** من لای ستەملێکراوانەوە ئامانج نیم، بەڵام ئامانجی دوژمنانی عێراقم، ئەوانەی کە دزە دەکەنە نێو خۆپیشاندانەکان، بێگومان ستەملێکراوان دێنە لام، ئەمڕۆ دیدارەکەم یەک کاژێر دواخست و پێش تۆ بە دوو کاژێر پێشوازیم لە خۆپیشاندەرانی شەرەفمەند کرد، ئەوان دێنە لام لە ماڵەوە، ئەوان پێمدەڵێن بەشدار مەبە چونکە مەترسی لەسەر ژیانم هەیە، بۆچی؟ چونکە خۆپیشاندان پشێوی پێوە دیارە. ناتوانی رەوا و ناڕەوا و راست و هەڵە لە یەکدی جیابکەیتەوە، بۆیە بە دەنگ لەگەڵیانم و کاریان لەگەڵدا دەکەم و هەوڵیان لەگەڵدا دەدەم. لەڕووی لۆجستیکەوە هاوکاری خەڵکی شەرەفمەندم لە خۆپیشاندەران.

> هاوکاری لۆجستیک پێشکەشی خۆپیشاندەران دەکەم

> نەچوومە ناو خۆپیشاندەران بۆئەوەی نەڵێن سواری شەپۆل بووە

**رووداو: واتا جگە لە بەڕێزت، خەڵکانێکی دیکەی سیاسی هەن ئاوا هاوکارییان بکات و پشتیوانیان بێت؟**

**عیزەت شابەندەر:** بەڵێ، سیاسەتڤانان هەن خوێندنەوەی دروستیان کردووە و بە راستی هەندێک لە هۆکارەکانی دوودڵی بەرامبەر ئەوەی برۆن و ببنە بەشێک لەم خۆپیشاندانە، ئەو پێناسە گشتییەیە کە بریتییە لە سواربوونی شەپۆل، دەڵێن تۆ ئێستا هاتووی سواری شەپۆلەکە بیت. ئەم دیدە ئەگەر گشتگیر بکرێ، تەنانەت رێگە بە شەرەفمەندانیش نادرێ هەوڵەکانیان بگەنە بەرهەم، بۆیە با دوور بم بۆ ئەوەی بەم شێوەیە ناوزەد نەکرێم، کە رەوا نییە پێی ناوزەد بکرێم، دەتوانم بەم شێوەیە زیاتر کاریگەر بم.

**رووداو: لەم دۆخەدا عێراق بەرەو کوێ دەچێ و ئایندەی چی دەبێ؟**

**عیزەت شابەندەر:** ناتوانم راشکاو نەبم، من دەترسم و نیگەرانی ئایندەی ئەم وڵاتەم، گۆڕینی سیستم پێویستی بە سیستمە، ئەمەیە کە شەقام درکی پێناکات، تەنانەت شەرەفمەندەکانیشیان، تەنانەت دادپەروەر و ستەملێکراویش کە داوای سادەترین مافەکانی دەکات، تەنانەت ئەمانەش زۆربەیان نازانن کەوا گۆڕینی ئەم سیستمە پێویستی بە سیستمە. پشێوی دەکرێ سیستم بڕووخێنێ، بەڵام ناتوانێ هیچکات سیستم بهێنێتەوە. بۆیە بە بۆچوونی من پشێوی یەکێک لەم دوو شتەی لێدەکەوێتەوە، یان خۆی و سیستم دەڕووخێنێ، یاخود خۆی دەڕووخێ و سیستمی گەندەڵ دەمێنێتەوە. گرنگە جەخت لەسەر ئەم بابەتە بکەمەوە، تەنیا سیستم، سیستم دەگۆڕێ، بەڵام پشێوی نایگۆڕێ. پشێوی دەکرێ هەردوولا بڕووخێنێ، رژێم و ئەوانەشی کە لەدژی خۆپیشاندان دەکەن، یان ئەوان دەڕووخێن و رژێم دەمێنێ، ئەمە ترسناکترە.

> ئەم پشێوییە دەکرێ سیستم بڕووخێنێ، بەڵام ناتوانێ سیستمێکی نوێ بهێنێ

گەڕانەوەی دووەمی داعش بۆ گۆڕەپانی شەڕ...

# هێزە ئەمنییەکانی عێراق ناتوانن ڕێ لە دەرکەوتنەوەی داعش بگرن

بەشی هەشتەم

ڕووداو- هەولێر

**بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی پەیمانگەی توێژینەوەی جەنگ لەبارەی گەڕانەوەی دووەمی داعش بۆ مەیدانی شەڕ کە (ڕووداو) بە زنجیرە بڵاوی دەکاتەوە، هێزە ئەمنییەکانی عێراق لەو ئاستەدا نین بتوانن ڕێ لە سەرهەڵدانەوەی داعش بگرن. ڕاپۆرتەکە دەڵێت: بەشێک لەو دەغڵودانەی لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق لە ماوەی ڕابردوو سووتان، بە دەستی چەکدارانی داعش سووتێنران، چونکە خاوەنەکانیان ئامادە نەبوونە زەکات بدەنە داعش.**

## هەڵمەتێکی نوێی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێل

لە نیوەڕاستی 2018، داعش دەستی بە بنیاتنانەوەی تواناکانی کردەوە بۆ بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو بۆ ئامانجێکی نوێ. لەساڵی 2015 وە، بەشێوەی پچڕپچڕ و لە هێرشی تیرۆریستی و هێرشی ورد لەدژی نەیارەکانی لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی سووریا و عێراق، سوودی لە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو وەرگرتبوو. لە دوو هەفتەی یەکەمی تەممووزی 2018، داعش لە عێراق و سووریا شەش ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوی ڕەوانەی ناوچەکان کردبوو، لە هەندێک حاڵەتیشدا توانیبووی ئۆتۆمبێلەکان بتەقێنێتەوە. داعش بۆ بەئامانجکردنی خەڵک لە ڕێستورانت و بازاڕە قەرەباڵخەکانی شارە ئازادکراوەکانی وەک ڕەققە و مووسڵ، یان بۆ تەقاندنەوەی بازگە و بارەگەڵە سەربازییەکان لە ناوچە گوندییەکانی عێراق و سووریا کەڵکی لە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو وەرگرت. داعش ئەم هێرشانەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی لە گوندەکان متمانەی خەڵک بە هێزە ئەمنییەکان لاواز بکات و سنووری ئازادیی جموجۆڵی خۆی بەرفراوانتر بکات، هەڵبەت ڕەنگە ئەو هێرشانە هاوکات بووبن لەگەڵ قۆناخی گۆڕانکاری لە هەڵمەت و تواناکانی داعشدا.

ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بەدرێژایی 2018 و نیوەی یەکەمی 2019 بەردەوام قەبارە و ئاستی هێرشی ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژراوەکانی زیاد دەکرد. ڕەنگە لە ئابی 2018 وە تاوەکو حوزەیرانی 2019 زیاتر لە 42 هێرشی بە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو ئەنجامدابێ و بەلانیکەمیشەوە هەوڵی 11 هێرشی لەوجۆرەی دابێت. لەو ژمارەیە 15 هێرشیان ئەوانەن کە داعش بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ نەگرتوون، ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بووبێ کە ویستوویەتی ڕووبەڕووی کاردانەوەی سوننەکانی عێراق و سووریا نەبێتەوە (هەڵبەت ڕێی تێدەچێ گرووپێکی دیکە هەندێک لەو هێرشانەی کردبێ، لەوانەش بەعسییەکان یان شانەیەکی نوێی قاعیدە). وردەکاریی هێرشەکان لە گرافیکەکەی خوارەوە هاتووە. ئەم داتایەی خوارەوە ئەو جۆرە لە هێرشی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو لەخۆناگرێت کە داعش وەک بەشێک لە هێرشی چەندلایەنە یان بەرگریی تەکتیکی بەکاریهێناون.

لە تەممووزی 2018 وە، داعش زیاتر شارەکانی مووسڵ، کەرکووک، تکریت، ڕەققە، ئیدلبی بە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو کردووەتە ئامانج. ڕەنگە بە ئامانجکردنی بەردەوامی ئەو ناوچانە ئاماژەیەک بێ بۆ ئەوەی کارخانەی بۆمبڕێژکردنی ئۆتۆمبێلەکانی لە نزیک ئەو شارانە بنیاتناوەتەوە. لە مووسڵ، هێرشی ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکان زیاتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شارەکە و لە نزیک ناوچەی گۆگجەلی بوون کە لەکاتی شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵدا بنکەی سەرەکی ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکانی داعش بوو. لە شاری کەرکووک، هێرشی ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکان، دەشێ لە ناوچەکانی نفووزی داعش لە باشووری پارێزگای کەرکووکەوە سەرچاوە بگرن، واتە ئەو ناوچەیەی بەشێوەیەکی بەردەوام داعش هێرشی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو دەکاتە سەر هێزە ئەمنییەکان. وەک لە سەرەوەش ئاماژەمان بۆ کرد، ئەو هێرشانە لەو ئامارەدا نین، لەبەرئەوەی هێرشەکان وەک بەشێک لە هێرشێکی چەکداری چەندلایەنە کراون. دەشێ داعش کارگەی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوی لە شاری کەرکووک هەبێت، هەروەها ڕێی تێدەچێ ئەم چەک و تەقەمەنیانە لە شاخەکانی مەکحول لە باکووری تکریتەوە بهێنێ، کە بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان هێزێکی تەواوی لەوێ هەیە، لەوانەش کەمپی مەشق و ڕاهێنان. داعش توانای دروستکردنی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوی لەنێو یانیش لە دەوروبەری شاری ڕەققە بەدەستەوە ماوە و ڕێی تێدەچێ چەندین کارگەشی لە پارێزگای ئیدلب هەبێ.

هەڵمەتی هێرشی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوی داعش هێشتا لە ئاستی هەڵمەتی "شکاندنی دیوارەکان"ی قاعیدە لە 2012 بۆ 2013 نییە، کاتێک ڕێکخراوی قاعیدەی عێراق بەردەوام و بەشێوەی ڕۆژانە دەیان هێرشی بە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو دەکرد. ڕەنگە ئەو هەڵمەتەی ئێستای داعش هاوشێوە بێت لەگەڵ قۆناغی سەرەتای تاقیکردنەوەی ڕێکخراوی قاعیدەی عێراق لە تەممووز تاوەکو ئەیلوولی 2012، واتە ئەو قۆناغەی کە تێیدا ڕێکخراوی قاعیدەی عێراق لە ڕێگەی هێرش لە ڕووبەرێکی بەرفراوانی جوگرافی، بەدەستهێنانی تەقەمەنی، شارەزایی تەکنیکی، تۆڕەکانی فەرماندەیی و چاودێرییەوە توانای خۆی تاقیدەکردەوە. داعش خەریکی بنیاتنانەوەی دوایین تۆڕی خۆیەتی لەسەر ئاستی ناوچەیەکی بەرفراوان، جیاوازییەکەی لەگەڵ هەڵمەتەکەی قاعیدە هەر ئەوەندەیە کە داعش لەو پرۆسەیەدا بە خێراییەکی کەمتر کار دەکات.

> ”
> هێزە ئەمنییەکانی عێراق نەیانتوانیوە ڕێ لە جموجۆڵی داعش بگرن

## ئامانجەکانی داعش لە عێراق و سووریا

| | کۆکردنەوەی چەکدار<br>تەممووزی 2018 بۆ ئایاری 2019 | قۆناغی ڕاگوزەر بەرەو هەڵمەتی گورزوەشاندن لە<br>حوزەیرانی 2017 بۆ حوزەیرانی 2018 | خۆدزینەوە لە شکست لە<br>نیسانی 2015 بۆ ئازاری 2019: | خەلافەت لە<br>تەممووزی 2014 بۆ ئازاری 2015: |
|---|---|---|---|---|
| ئامانجە ستراتیژییەکان: | • ڕێکخستنەوەی تواناکان<br>• فراوانکردنەوەی گورزوەشاندن لەدژی حکومەتی عێراق، هەسەدە، ڕژێمی سووریا و قاعیدە<br>• فراوانکردنەوەی ناوچەکانی پشتگیری خۆی<br>• ڕێگری لە گرووپە جیهادییەکانی دیکە، بۆ ئەوەی نەتوانن پێگەی داعش لاواز بکەن. | • بڵاوەپێکردنی هێزەکان بۆ هەڵمەتێکی نوێی گورزوەشاندن<br>• دەستپێکی گورزشاوەندن لەدژی حکومەتی عێراق، هەسەدە، ڕژێمی سووریا و ئەلقاعیدە<br>• ڕێگری لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ڕزگارکراوەکان<br>• ڕێگری لە گرووپە جیهادییەکانی دیکە، بۆ ئەوەی نەتوانن پێگەی داعش لاواز بکەن. | • ڕێگری لە سەرکەوتنی سیاسیی هاوپەیمانێتیی دژی داعش<br>• ڕەخساندنی هەلومەرجی سیاسی و سەربازی بۆ قۆناغێکی نوێ<br>• چڕکردنەوەی تەرکیزی هاوپەیمانان لە سووریا و قۆناغی ڕاگوزەر بەرەو هەڵمەتی گورزوەشاندن | • فراوانکردنەوەی خەلافەت<br>• حوکمڕانی<br>• ڕاکێشانی چەکداری بیانی و خەڵکانی مەدەنی بۆ ژیان لە خەلافەتدا |
| ئامانجەکانی پەیوەندیدار بە ئۆپەراسیۆنەکان | • بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکان<br>• ئازادکردنی چەکدار و خێزانە بەندکراوەکان<br>**عێراق:**<br>• فراوانکردنەوەی زۆنی پشتگیری و چاودێریی کۆمەڵایەتی لە ناوچەکان<br>**سووریا:**<br>• تێکدانی ڕەوشی ئیدلب<br>• دروستکردنی کشە بۆ هێزەکانی لایەنگری ڕژێم<br>• تێکدانی سەقامگیری ناوچەکانی هەسەدە<br>• پارچەکردنی هەسەدە | • زیندووکردنەوەی توانا میدیاییەکان<br>• دروستکردنی تۆڕ لە کەمپەکانی ئاوارەکان<br>**عێراق:**<br>• خۆکۆکردنەوە لە ناوچەکانی پشتگیری داعش<br>• کەمکردنەوەی خۆڕاگری خەڵک<br>• کەمکردنەوەی توانای حکومەت بۆ دابنیکردنی خزمەتگوزارییەکان<br>• شێواندنی کەشی هەڵبژاردنەکانی عێراق<br>**سووریا:**<br>• بنیاتنانەوەی تۆڕەکان لە ناوچەکانی هەسەدە<br>• دروستکردنی کێشە بۆ هێزەکانی ڕژێم لە ڕۆژهەڵاتی سووریا<br>• دزەکردنە ناو ئیدلب<br>• گواستنەوەی چەکداران لە ناوچە گەمارۆدراوەکان | • وێرانکردنی ڕومادی، فەللوجە، موسڵ و ڕەققە.<br>• بەرزکردنەوەی خەرجییەکانی شەڕ لەسەر هێزەکانی دژی داعش<br>• بەدەستهێنانەوەی کۆنترۆڵی سایکۆلۆجی بەسەر خەڵکی مەدەنیدا.<br>• دواخستنی پێشڕەوییەکانی هەسەدە | • قایمکردنی شوێنپێ بە پێکەوە بەستنەوەی زۆنەکانی پشتگیری لە عێراق و سووریا<br>• کۆنترۆڵکردنی بەشی زۆری سنوورەکانی تورکیا و سووریا<br>• دانانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی<br>• دانانی چەکدارە بیانییەکان لە هێزی سەربازی و حوکمڕانیدا |

> ”
> داعش لە چیای قەرەچووخەوە کۆنترۆڵێکی زۆری بەسەر گوندەکانی مەخمووردا هەیە

## بەدەستهێنانەوەی چاودێریی کۆمەڵایەتی لە باکووری عێراق

لە ئابی 2018، بەغدادی بەرەبەرە بڕوابەخۆبوونێکی زیاتری لە خۆی و ڕێکخراوەکەی پیشاندەدا. سەرکردەکەی داعش لە ڕۆژی 22ی ئاب تۆمارێکی دەنگیی بڵاوکردەوە کە تێیدا چوارچێوەی گشتی قۆناغێکی نوێی هەڵمەتی لە عێراق و سووریا دیاری دەکرد و گوتی: "ئەمریکا بەوە دەنازێ کە گوایە سەرکەوتوو بووە لە دەرکردنی (دەوڵە) لە شار و گوندەکانی عێراق و سووریا، بەڵام خاکی خوا بەرینە و... شێوازی شەڕ دەگۆڕین".

بەغدادی عێراقی وەک گۆڕەپانی لەپێشینە ناساند: "سەربازانی عێراق، ئێوەن بریسکەی ئاگر.. ئەوە ئێوەن هێرش لەسەر هێرش دەکەن.. وچان مەدەن... سوپاکەتان یەکخەن و ڕێکیبخەن". ڕەنگە ئامانجی بەغدادی ئەوە بووبێ ئازادیی زیاتری چالاکی بداتە هێزەکانی بۆ ئەوەی هەوڵەکانیان زیاتر بکەن، هەرچەند لەو قۆناغەدا خەریکی سێنترالیزەکردنی دەسەڵاتی خۆی بوو لەناو داعش. لە ئاداری 2019، هێزەکانی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی ڕایانگەیاند داعش "هەوڵدەدات هەندێک لەو پێکهاتە بیرۆکراتیانەی خۆی لابدات کە لەمپەر بۆ هەوڵەکانی بەدەستهێنانی ڕەوایەتی لە ناوچەکان دروستدەکات، هەروەها دەیەوێ دەسەڵاتێکی زیاتری چاودێری چالاکییەکان بداتە هێزە ناوخۆییەکان". هێزەکانی ئەمریکا ئاماژەیان بۆ ئەوەش کرد کە داعش "لە قۆناغە بەراییەکانی پێکەوەنانی پێکهاتەیەکی ناوەندیتری فەرماندەیی و چاودێریدایە".

داعش قۆناغێکی گرنگی بڕی کاتێک لە ئایاری 2018 بۆ ئایاری 2019 توانی کۆنترۆڵ و چاودێری بەسەر پێنج زۆنی مێژوویی پشتگیری خۆی لە عێراق بەدەستبێنێتەوە. هەڵمەتی تۆقاندن و سەپاندنی زەکاتی داعش لە ئایاری 2018 دەستپێکرد، ئەو هەڵمەتەش بۆ ئەوە بوو خەڵکی مەدەنی هانبدات لە سێگۆشەی زێ و دواتر لە دۆڵی ڕووباری دیالە و دوو ناوچە لە پارێزگای نەینەوا رابکەن. پەیمانگەی توێژینەوەی جەنگ لە ئەیلوولی 2013 هۆشداری دا کە "ئاوارەبوونی خەڵک ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ڕێکخراوی قاعیدەی عێراق کۆمەڵێک هەلومەرجی هێناوەتە ئاراوە، کە ئاماژە بە دۆخی عێراقی پێش هێرش دەدەن". ئۆپەراسیۆنەکانی گورزوەشاندنی داعش لە عێراق لە ماوەی هەڵمەتی "دروێنەی سەرباز"دا ژمارەیەک هێرشی دیکەشی لە ناوچە ڕزگارکراوەکان و بەغدا لەخۆدەگرت کە هەندێکیان هێرشی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو بوون. لەوانەیە سەرکەوتنی داعش لە گەڕاندنەوەی کۆنترۆڵ و چاودێریی خۆی بەسەر ناوچە مێژووییەکانی نفووزی خۆی، مەترسیدارترین نیشانەی خۆبنیانانەوەی سەرکەوتووانەی داعش بێت.

### سێگۆشەی زێ:

لە ئایاری 2018، ڕاپۆرتە میدیاییەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە داعش سەرانە لە خەڵکی ناوچەکان وەردەگرێ و کێڵگە کشتوکاڵییەکانی نزیک حەویجە لە باشووری پارێزگای کەرکووک دەکاتە ئامانج. ڕەنگە داعش دەستی بە وەرگرتنی زەکاتی زۆرەملێ لە خەڵک کردبێت، ئەوەش تەکتیکێکی لە مێژینەی داعشە بۆ نیشاندانی دەسەڵاتی خۆی و بەدەستهێنانی سەرچاوەی دارایی. لە حوزەیرانی 2018، هەڵمەتێکی بۆ دەرکردنی دانیشتووان لە باشووری پارێزگای کەرکووک دەستپێکرد. هەڵمەتی وەرگرتنی سەرانە لە خەڵک بەدرێژایی نیوەی یەکەمی 2019 بەردەوام بووە و ئاگریش لە زەویوزاری ئەو خەڵکە بەردرا کە ئامادە نەبوون زەکات بدەن. بۆ نموونە لە ڕۆژی 25ی ئایاری 2019، داعش پێنج جووتیار و کارمەندی ئاگرکوژێنەوەی بەبۆمبی چێنراو لە نزیک حەویجە کوشت، کاتێک هەوڵیاندەدا ئەو ئاگرە بکوژێننەوە کە داعش لە زەوییەکانی بەردابوو.

> ”
> داعش هێزێکی تەواوی لە شاخەکانی مەکحول لە تکریت هەیە

> ”
> وەرگرتنی زەکات لە هەندێک ناوچە ئاماژەی کۆنترۆڵی داعشە بەسەر ئەو ناوچانەدا

### پارێزگای دیالە:

داعش ناوچە پچڕپچڕە لە مێژینەکانی پشتگیریی خۆی لە پارێزگای دیالە دەگۆڕێت بۆ تۆڕێکی گورزوەشێن کە سێگۆشەی زێ بە بەغداوە دەبەستێتەوە. لە مانگی تەممووز بۆ کانوونی یەکەمی 2018، دانیشتووانی زیاتر لە 30 گوندی باکووری پارێزگای دیالە بەهۆی هێرشەکانی داعش و سەرانەی ئەو گرووپەوە ڕایانکرد. لە تشرینی دووەمی 2018، داعش لە نزیک خانەقین لە پارێزگای دیالە سەرکەوتووانە ڕێگەی لە هەوڵێکی جوڵاندنی هۆزەکان لەدژی ڕێکخراوەکە گرت، بۆ ئەوەش پشتی بە هەڵمەتێکی کوشتن بەست کە تێیدا زیاتر لە 30 کەسی خەڵکی ناوچەکانی پارێزگای دیالە لە 10 مانگی یەکەمی ئەو ساڵەدا کوژران. دواتر هەڵمەتەکەی لە باشووری حەمرین پەرەپێدا. لە کانوونی دووەمی 2019 ژمارەیەک گوندی لە ڕۆژئاوای مقدادیە گرت. سەرچاوەیەک کە ناوی ئاشکرا نەکراوە، بانگەشەی ئەوەی کردووە کە لە شوباتی 2019 وە ناوچەی بوهریز لە باشووری بەعقووبە "لەژێر کۆنترۆڵی داعشدایە". لە ئایاری 2019 داعش لە بوهریز دەغڵودانی ئەو جووتیارانەی سووتاند کە زەکاتیان نەدابوو. ڕەنگە لە نیوەی دووەمی 2019 گوندی دیکە لە نزیک حەمرین کۆنترۆڵ بکات، هەڵبەت ئەگەر تائێستا نەیکردبێ.

> ”
> دەشێ داعش کارگەی بۆمبڕێژکردنی ئۆتۆمبێلی لە کەرکووک هەبێت

### پارێزگای نەینەوا:

داعش لە چیای قەرەچووخەوە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای مووسڵ، کۆنترۆڵێکی زۆری بەسەر دانیشتووانی گوندەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ و مەخمووردا هەیە. دانیشتووانی ناوچەکە دەستیان بە جێهێشتنی ناوچەکە کرد، دوای ئەوەی داعش لە سەرەتای نیسانی 2019 دەستی بە سەپاندنی زەکات کرد. مانگی دواتر، دەستی بە ئاگرتێبەردانی زەوییەکانی قەرەچووخ و عەلی ڕەش کرد لە باشووری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ، لەبەرئەوەی خاوەن زەوییەکان ئامادە نەبوون زەکات بدەن. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان داعش باجێکی هاوشێوەی بۆ وەرزی دروێنەی مەخموریش داناوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ماوەیەدا بەپێی پێویست پشتگیری پێشکێشی ناوچەکە نەکردووە، بەڵکو لە وەڵامی داوای یارمەتی جووتیارانی ناوچەکە لە مانگی ئایاردا، تەنیا ئاگرکوژێنەوە و شاندی پەرلەمانی نارد.

داعش بە هەمانشێوە هۆکاری ڕاکردنی خەڵکە لە گوندە دوورەدەستەکانی باشووری تەلەعفەر لە پارێزگای نەینەوا. لە کۆتایی نیسان بەهۆی زۆربوونی ژمارەی هێرشەکانی داعش، دانیشتووانی نزیکەی 30 گوند لە دەوروبەری تەلەعفەر گوندەکانی خۆیان بەجێهێشت. دوور نییە داعش زەکاتیشی بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا سەپاندبێت. لە ڕۆژی نۆی ئایاری 2019، ژەنەڕاڵ نەجم جبووری، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا، ڕایگەیاند کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەست بە پڕچەککردنی دانیشتووانی 50 گوندی دوورەدەستی پارێزگای نەینەوا دەکەن. ئەم لێدوانە داننانە بەوەی کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق ناتوانن گەرەنتیی ئاسایشێکی باش بکەن بۆ پارێزگای نەینەوا.

هێزە ئەمنییەکانی عێراق نەیانتوانیوە ڕێ لە جموجۆڵی داعش بگرن. لە کانوونی دووەمی 2019، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پلانی بەرایی خۆی بۆ چاکسازی لە کەرتی ئەمنیی عێراق پاشگەز بووەوە، تاوەکو فۆکەس لەسەر ئامانج و ئەرکێکی سنووردار بکات کە باشترکردنی توانا تەکتیکییەکانی هێزە ئەمنییەکانی عێراقە. ئەم گۆڕانکارییە دەرخەری ئەوەیە کە ئەمریکا هەستی کردووە هێزە ئەمنییەکانی عێراق جارێکی دیکە خەریکن لەبەرامبەر داعشدا لاواز دەبن. ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا لە هاوپەیمانان، لە ڕاپۆرتی چارەکی دووەمی 2019دا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق نزیکەی 400 ئۆپەراسیۆنیان کردووە، ئەوەش تەنیا "بە شێوەیەکی لاوەکی توانای ئۆپەراسیۆنی داعشی کەمکردووەتەوە". پێشێلکارییەکانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە دژی سوننە و بێ مەیلییان بۆ ئەلەویەت بەخشین بە ئۆپەراسیۆنەکان لەدژی داعش، ئەوە دەسەلمێنن کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق هێشتا وەک هێزێکی تایفی مامەڵە دەکەن و بێ پشتگیری وڵاتانی ڕۆژئاوایی، ناتوانن ڕێ لە دەرکەوتنەوەی داعش لە داهاتوودا بگرن.

## عەزیز محەممەد، لە هەڤپەیڤینێکدا بەر لە کۆچی دوایی:

# خۆشم نازانم بۆچی منیان کردە سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق



عەزیز محەممەد، سکرتێری پێشووتر و کۆچکردووی حیزبی شیوعی عێراق و کەسایەتیی دیاری سیاسیی عێراق و کوردستان، لە بەشی دووەمی ئەم هەڤپەیڤینەدا کە هاوکارمان سیروان ڕەحیم لە ساڵی 2000 لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد لەگەڵی کردبوو، باس لەوە دەکات کە چۆن بووەتە سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق. هەروەها باسی هەڵوێستی حیزبی شیوعی لە پرسی نەتەوایەتی کورد و ڕوانگەی فەهد بۆ ئەو پرسە و زۆر بابەتی دیکە دەکات.

**هەڤپەیڤین: سیروان ڕەحیم**
**ڕووداو - ستۆکهۆڵم**

بەشی دووەم

**ڕووداو: دروست لە چ ساڵێک و ڕۆژێک حیزبی شیوعی عێراق دامەزرا؟ لەو کاتەدا ئێوە لە چ ڕێکخراوێکی سیاسی کارتان دەکرد؟**

**عەزیز محەممەد:** ئێمە ئاگامان لە حیزب نەبوو، حیزبیشمان نەدەناسی، من ئەوسا منداڵێک بووم لە دێ. حیزبی شیوعی لە 31ی ئاداری 1934 دامەزراوە، پاش ئەو ماوەیەی هاوڕێ فەهد چووەتە دەرەوە و گەڕاوەتەوە، هەندێک لێکترازان لەناو حیزبدا ڕوویداوە، بەڵام دوای ئەوەی کە هاوڕێ فەهد گەڕاوە و دەستی بە چالاکی کردەوە، بەرە بەرە چاپەمەنی و سەرکردایەتی پێکهات و کۆنگرە بەسترا، حیزب گواسترایەوە بۆ قۆناغێکی دیکە.

**ڕووداو: ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ هاوڕێ فەهد هەبوو؟**

**عەزیز محەممەد:** نەخێر. پێش ئەوەی هاوڕێ فەهد بگیرێت، دووجار چوومەتە بەغدا لە هەردوو جارەکەدا هاوڕێ (زەکی بەسیم)م دەدیت، ئەوەی لەگەڵ هاوڕێ فەهد لەسێدارە درا. لەگەڵ ئەو دادەنیشتم و پاشان زانیم کە ئەو بەرپرسی ڕێکخستنە بە تایبەتی هی کوردستان، کە دەچووم قوتابییەکی کۆلێژی مافم لەگەڵ خۆم دەبرد بۆ وەرگێڕان، چونکە عەرەبیم نەدەزانی. ئەو قوتابییە ناوی یەحیا سەلیم بوو، ئەندامی حیزب بوو لە بەغدا.

**ڕووداو: هاوڕێ فەهد خەڵکی کوێ بوو؟**

**عەزیز محەممەد:** هاوڕێ فەهد لە بنەڕەتدا لە مەسیحییەکانی کوردستانە، بەڵام خەڵکی ناسریە بوو، هەر لەوێش دەستی بە چالاکی کرد.

**ڕووداو: ئەگەر تۆزێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە، ڕۆژانی سەرەتا لە گوندی بێرکۆت، لە ڕۆژانی لاوێتی لە هەولێر، چ پەیوەندییەکی بە ژیانی تۆی سیاسییەوە هەیە، ئەگەر باسی یادگارییەکانی خۆت بکەی؟**

**عەزیز محەممەد:** من بێرکۆتم لەبیر نییە، ڕاستە لە بێرکۆت لەدایکبوومە، بەڵام لەبیرم نییە لە بێرکۆت ژیابم. تاوەکو هاتینە هەولێریش هیچ پەیوەندییەکمان بە لایەنی سیاسییەوە نەبوو. جار جارە دەمانبیست حیزب حیزبێنە دەکرا هی یاسین هاشمی و کێ و کێ، بەڵام بەنسبەت ئێمە شتێکی ناڕوون بوو.

**ڕووداو: یەکەم سوێندێک بۆ چوونە ناو حیزبێک یاخود لە بەرامبەر ڕێکخراوێکی حیزبی خواردووتانە لە کاتی ئەندامبوونتان لە حیزبی هیوا، بە وێنەی سەرۆک و ناوی سەرۆک و ئاڵای کوردستانە. ئەوە چۆنە؟**

**عەزیز محەممەد:** قورئانیشی لەگەڵ بوو، وێنەیەکی چیاکانی کوردستان و خەنجەرێکیش.

**ڕووداو: ئەو خەنجەرە و خەنجەر هەڵگرتن لەلای ئێوە چ مانایەکی هەیە؟ ئایا پەیوەندی بەو خەنجەرەوە هەیە یان وەکو دابونەریتێکی کوردەواری ئێوە بەردەوام خەنجەرتان لەبەر پشتێندا بینراوە؟**

**عەزیز محەممەد:** من کە فەقێ بووم کیسەی تووتن و خەنجەرم هەبوو. جا منداڵیش بووم، دایکم ڕەنگە کەیفی بەوە هاتبێ کیسەی تووتنم پێیە و بوومەتە پیاو. خەنجەرەکەش پێویستی بوو، بۆیە خەنجەرم خۆشویستووە. بیرمە لە بەحرکە فەقێ بووم، خەنجەرچی کە دەهات، بەشێکی زۆر خەنجەر کۆدەبووەوە بۆ مشتوماڵ، دەسک و کالان گۆڕین. کەسی واش هەبوو هەندە شانازی بە خەنجەرەوە دەکرد ڕەنگە بە دەمانچەیەکی باشی نەگۆڕیباوە. خەڵکەکە هەمووی خەنجەری هەبوو، پەیوەندیشی بە چینایەتییەوە نەبوو. زۆربەی فەقێیەکان هەیانبوو. من بەمدواییە وەکو جوانیی قیافەت هەڵمدەگرت، هەندێک پێیانخۆشبوو هەندێکیش دەیانگوت لێت نایەت، لێت نایەت بەو مانایەی تۆیەکی شیوعی و خەنجەر هەڵگرتن! دەمگوت قابیلە خەنجەرم هەڵگرتووە بۆ ئەوەی بیوەشێنم؟

> هاوڕێ فەهد دەیگوت کورد پێویستی بە حیزبی عەمەلە نەک ئەمەل

**ڕووداو: لە ساڵی 1992 دوای ڕاپەڕین لە ڕۆژنامەی (گریق الشعب) دیدارێک لەگەڵ ئێوە سازکرابوو، دەڵێی کە بووی بە ئەندامی حیزب نەخوێندەوار بووی، ئایا ئەمە چۆنە؟**

**عەزیز محەممەد:** کە ئەو قسەیەم کردووە، بە مانایەکی تازە لێکمداوەتەوە، نە لەبەر ئەوەی من لە قۆناغی سەرەتایی دەرچووبووم، ڕەنگە هەندێک کتێبیشم دەخوێندەوە. تا ئێستاش لەبیرمە کتێبێکم چنگ کەوت (الاشتراکیە) کە کتێبێکی خەیاڵییە، زۆر متوی ئەوەبووم ئەو کتێبە بخوێنمەوە، باسی سیستمی دوورگەیەکی دەکرد کە نزیکە لە سیستەمی ئیشتراکی، بەڵام من زۆر کەم لێی تێدەگەیشتم، وەکو پێشتر باسمکرد، من ئیشتراکی گۆڤاری (المجلە)م کردبوو، لەلاپەڕەی یەکەم تاوەکو کۆتایی دەمخوێندەوە، بەڵام باش تێینەدەگەیشتم. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر شتێک فێربووین لەناو حیزبدا فێربووین.

جارێکیان لە بۆنەیەکدا ئەریک ڕۆلۆ هات لەگەڵم دانیشت، وابزانم لە ساڵی 1972 یان 1973 بوو، دیدارێکی لەگەڵ کردم و پێمگوت لەڕاستیدا من چۆن و چیم و چی نیم. ئەویش سەری سوڕما، گوتی باشە چۆن تۆیان هەڵبژاردووە بە سکرتێری حیزب؟ گوتم بەخوا خۆشم نازانم، گوتم دەبێ لەوانە بپرسی کە منیان هەڵبژاردووە، کەفائەت و ئیمکانیاتی من بەم شێوەیەیە.

**ڕووداو: چ ساڵێک بوون بە سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق؟**

**عەزیز محەممەد:** لە ئابی 1964، لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی. ئەوکات سکرتێری حیزب لەسێدارە درابوو، بۆشاییەک هەبوو. لەوکاتەدا نەماندەتوانی کۆنگرە ببەستین، بۆیە کۆبوونەوەیەکمان لە دەرەوەی عێراق کرد و منیان بە سکرتێری حیزب هەڵبژارد.

**ڕووداو: تاوەکو ساڵی چەند سکرتێری حیزبی شیوعی بوویت؟**

**عەزیز محەممەد:** تاوەکو ساڵی 1993.

ڕووداو: چۆن بوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی؟

عەزیز محەممەد: لە ئەیلوولی 1958 کاتێک لە زیندان هاتمە دەرەوە، سکرتێری حیزب پەیوەندی پێوەکردم و گوتی تۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیت، چونکە لە زیندان لە ژووری ئەندامانی سەرکردایەتی بووم، ئێمە پێشتر لە ڕێکخراوێکی دیکەوە هاتبووین. لە تەمموزی 1959 بوومە ئەندامی مەکتەبی سیاسی تاوەکو 1964. بەشی زۆرم لە کوردستان ڕابوارد، پەیوەندیم هەبوو لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول و مەلا مستەفا و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی.

**ڕووداو: زۆرجار گوێمان لێبووە ناسیۆنالیستەکانی عەرەب، گەلانی ژێر دەستە، یان بە قەولی ئەوان کەمینەی نەتەوەیی بەوە تاوانبار دەکەن بیری کۆمۆنیستییان لە عێراق و سووریا بڵاوکردووەتەوە، بەڵگەشیان ئەوەیە زۆربەی ئەوانەی لە سەرکردایەتی کۆمۆنیستیی عێراق و سووریان کوردن. بۆچوونی تۆ لەوبارەیەوە چییە؟**

**عەزیز محەممەد:** وابزانم ئەسڵی نییە. لە عێراقدا کۆمەڵەیەکی زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی و موتەقەدیمەکان وەکو زەکی خەیری، فەهد و چەندانی دیکە دامەزرێنەری ئەو جوڵانەوەیەن.

کاتی خۆی لە کودەتای شوباتدا یان لە تیرۆری دووەمی بەعس لە دژی حیزب، زۆربەی کادری عەرەبی گرتەوە، بۆ؟ چونکە کوردەکان لە کوردستان بوون، حیزبی بەعس فریانەکەوت لە کوردستاندا ئەوە بکات کە لە بەغدا کردی. جگە لەوەش لە 1963 کە شۆڕش هەبوو لە کوردستان، تەنیا شارت جێهێشتبا پارێزراو بووی، بۆیە ئێمە ئەو برادەرە کوردانەی سەرکردایەتیمان لەدەستدا کە ئیشەکانیان وای دەخواست لە بەغدا بن. دوو کەسیان زۆر دیارن، ئەوانیش جەمال حەیدەری و نافع یونس. هاوڕێ جەمال حەیدەری ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، ئەندامی سکرتاریەتی حیزبیش بوو، سکرتاریەتیش چالاکییەکی ڕۆژانەیە. دوو سێ برادەری کوردمان کە کادیری خوار کۆمیتەی ناوەندی بوون لەگەڵ کوردەکانی دیکە ئازادکران، ئەگەر بزانرابا ئەوانە لەسەر شیوعییەت گیراون ڕەنگبوو نەمێنن. لاموایە یەکێک لەوانە هاوڕێ (ئەحمەد بانیخێڵانی)یە، یەکێکی دیکەیان ئەگەر باشم لەبیر بێت (عادل سەلیم)ە.

> پێیانەگوتم شیوعی و خەنجەرهەڵگرتنیان نەگوتووە

دۆخێک لەناو حیزبدا خوڵقا زۆر بەلامەوە گرنگ بوو پێش ئەوەی ببێتە غەڵبەغەڵب چارەسەری بکەین، واتە چارەسەرکردنی سەرکردایەتی حیزب لە بەرژەوەندی ئەندامانی عەرەبی، هەرچەند بەپێی مەبدەئەکە دەڵێ دەبێت ئەندامانی سەرکردایەتی لە باشترین ئەندامانی حیزب هەڵبژێردرێن، ئەگەر ژمارەیەک لەو ئەندامانە کوردیش بن دەبێت چاوپۆشی لەوە بکەی. ئێمە لە کۆنگرەدا هەوڵی ئەوەماندا چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکەین، نازانم چەند سەرکەوتوو بووین. بەس ماوەیەک ژمارەیەک لە برادەرانی مەکتەبی سیاسی کورد بوون، دەی منیش کورد بووم کە سکرتێری حیزب بووم، بەڵام لەڕاستیدا زۆربەی ئەوانەی منیان هەڵبژارد عەرەب بوون.

ئێمە تەقریبەن مەکتەبی سیاسیی کۆنمان تەسفیە کرا، ژمارەیەکی زۆری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیمان لە کودەتای شوباتدا تەسفیە کران، بەڵام لە کوردستان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی مان، لەوانە کەریم ئەحمەد، عومەر عەلی شێخ و من.

**ڕووداو: هەندێک لە نووسەران و سیاسەتمەدارانی کورد ڕەخنە لە کۆمۆنیستانی کورد دەگرن کە هەمیشە خۆیان لە باسی کوردایەتی لاداوە، ئەمە وایە؟**

**عەزیز محەممەد:** سەرەتا هەڵوێستی حیزب تارادەیەکی زۆر ڕوون بوو بەرامبەر بە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد، ئەو نەهجە مایەوە، ڕەنگە لەبەر هەندێک ئیعتیبار ڕۆژێک لە ڕۆژان زۆر زەق نەبووبێت، بەڵام قەت قەت لێی لانەداوە.

ئێمە نامانەوێ خۆمان هەڵکێشین کە لە هەندێک خەڵکی دیکە باشترین، بۆ نموونە حیزبی توودە، بە تەقدیری من لەو بابەتە کەمتەرخەمی کردووە کە ڕێکخستنی تایبەتی لە کوردستان نەبوو. تەنانەت لەو ڕووەوە کێشەیەکی زۆری پەیدا کرد لەوەی لەگەڵ حیزبی دیموکراتدا هاوکاری ناکات.

حیزبی شیوعی لە مەسەلەی نەتەوایەتی بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێستێکی ڕاستی هەبوو. لە هەر حیزبێکی پێشکەوتنخوازی ئیشتراکی یان شیوعی لە وڵاتێکدا کە فرەنەتەوەی تێدابێت، دەبێت بەرنامەیەکی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی. حیزبی شیوعی لەگەڵ جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی کوردستانی لە دیوی خۆماندا دوانەکەوتووە لە ڕووی دروشمەوە. من بەشبەحاڵی خۆم دەمێکیشە پێموایە بەرگریکردن لە مەسەلەی نەتەوایەتی، لە مەسەلەی میللەتی کورد، بێگومان بەپێی ئەو قۆناغەی ئێمە تێیدەگەین، ئەگەر مرۆڤ ئەو بەرگرییە نەکات، فری بەسەر ئیشتراکیەت و شیوعیەتەوە نییە.

بەس ڕەنگە جار جارە گەیشتبێتە ئەو ڕاددەیە کارێکی ئەوتۆ بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی نەکرێت. بۆ نموونە لە کاتی خۆیدا هاوڕێ فەهد گوتی گەلی کورد پێویستی بە حیزبی هیوا نییە، بەڵکو پێویستی بە حیزبی عەمەلە، حیزبێک بێت کاری بۆ بکات نەک تەنیا هیوای پێبدات.

لە تورکیا ڕەنگ بوو دۆخەکە وانەبێ وەکو ئێستا وایە، ئەگەر حیزبی شیوعی لە سەرەتا چالاکییەکی ببووایە لە کوردستانی تورکیا، ڕەنگە هێزێکی زۆریشی بردبا بۆ لای خۆی، بەڵام لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی چارەسەر بۆ کورد، کورد خۆ بە چاوبەستراوی ناچێتە ناو حیزب. چەندینجار بە سەرکردایەتی توودەم گوت بۆچی لە کوردستان ڕێکخستن بۆ خۆتان دروست ناکەن، دەیانگوت ئەگەر ڕێکخستنی حیزبیمان لە کوردستانی ئێران هەبێ، ئەمە مانای وایە دانمان بەو لێکترازانەدا ناوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان کردوویەتی. پێمگوتن تەنانەت ئەگەر ڕێکخستنی ئێوەش بووبێ، تەنانەت لێشتان جیاوازبن، ئێستا خۆیان بە حیزبێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز دەناسێنن.. بۆچی ئێوە دانتان پێدانانرێت.. چوون کۆبوونەوەیەکیان کرد لە ئەڵمانیا، کیا نووری و کاک قاسملو، ڕەنگە قاسملو ئەو پرسیارەی کردبێت ئێمە لەسەر چ بنەمایەک لێرە دانیشتووین، گوتیان لەسەر بنەمای دۆستایەتی و برادەرایەتی، نەک لەسەر بنەمای ئەوەی ئێوە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانن،، ئەوان گوتیان نەخێر لەسەر ئەو بنەمایە دانەنیشتووین، ئەوانیش گوتیان مادام خواتان لەگەڵ بێت. ئێ کۆبوونەوەکەی لەگەڵ بکە بۆ لەگەڵی ناکەی؟ تاکە حیزب، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو ئامادەبوو مامەڵە لەگەڵ حیزبی توودە بکات، ئەوان دەیانویست مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، ئەوانیش پێیانوابوو ئەوە دانپێدانانە بە ئینشیقاق.

سەبارەت بە ئێمە، لەڕووی تێگەیشتن و دروشمەوە باش چووبووینە پێش. ڕەنگە جارجار لەڕووی زمان و فلان و موراعاتی ئەو لایەنانەمان وەکو پێویست نەکردووە. فەترەی یەکەم لە میساقی وەتەنی عێراقی، ئێزدیان بە کەمینە داناوە، ئێمە لەگەڵ هاوڕێیان باسمان کرد، گوتیان ئێمە نەماندەزانی، لەمەودوا وای دادەنێین کە ئەمانە بەشێکن لە میللەتی کورد.

> حیزبی بەعس دەستی بە شیوعییەکانی کوردستان ڕانەگەیشت

برادەرێکمان یادی بەخێربێت، بۆ خۆشی دەیگوت ئەگەر پرسی کورد کێشەیەکی هەبێت عەزیز و فلان کەمتەرخەمن، ناوی هاوڕێ کەریمیان دەهێنا، واتە ئەوان ئەو هێزەی نادەنێ، بێگومان بە گاڵتە وایدەگوت.

**ڕووداو: مەسەلەی دانپێدانەنانی حیزبی توودە بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران شتێکی بیرخستمەوە. سەرەتا حیزبی شیوعیش هەوڵێکی زۆری دا پارتی دیموکراتی کوردستان بکاتە پاشکۆی خۆی. ئەم هەوڵدانە چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەوەی توودە؟**

**عەزیز محەممەد:** من ئەو ماوەیە لە زیندان بووم. بەڵام شتێکم لەبیرە ژمارەیەک لە برادەرانی ئێمەش لە هەرێم لە لقی کوردستانی شتێکیان کرد بەرەو پارتی بڕۆن. حیزب بە نامیلکەیەک ئیدانەی ئەو کارەی کرد. نازانم لەکاتی خۆیدا پارتی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغێکدا ویستوویەتی سوود لە فکری مارکسی لینینی وەرگرێت، ڕەنگە مارکسییەکانی ناو حیزبی شیوعی ئەوەیان پێ ڕەوا نەبووبێ. بەوپێیەی ئەوان موحتەکیری بیروباوەڕی مارکسین. تەنانەت جارێکیان لەگەڵ یەکێک لە کۆمەڵە قسەم کرد و گوتم خەیاڵی ئەوە مەکەن ئێمە وەکو کۆن بیرتان لێبکەینەوە و بە هەوێی خۆمانتان بزانین، دەستتانخۆش ئەگەر دەتانەوێت سوود لە مارکسی لینینی وەربگرن ئەوە شانازیشە بۆ ئێمە، بەڵام ئێمە پێشیاندەڵێین وەرن بزانین جیاوازی چییە لە نێوان ئێمە و ئێوە.

> زۆربەی ئەوانەی منیان بە سکرتێری حیزب هەڵبژارد عەرەب بوون

**ڕووداو: زۆربەی ئەدەبیاتی ئێوە بە زمانی عەرەبی بووە، تەنانەت دەگوترێ لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان هەوڵێک هەبووە بۆ ئەوەی زمانی کوردی لە باشووری کوردستان بە پیتی لاتینی بنووسرێت، گوایە حیزبی شیوعی دژی ئەو هەنگاوە بووە و بە یەکێک لە هۆکارەکانی دابڕینی کوردستانیان داناوە لە عێراق؟**

**عەزیز محەممەد:** ڕەنگە لە نووسینی هەندێک دروشم لە هەندێک شوێنی کوردستاندا کەموکوڕی و تەرخەمیمان هەبووبێت.

سەبارەت بە نووسینی پیتی لاتینی، نەخێر هۆکارەکە ئەوە نییە کە مەترسی هەبێت لە بەکارهێنانی زمانی کوردی، وابزانم لە هیچ سەرچاوەیەکی حیزبی ئەو بڕیارە نەدراوە، بەڵام هەندێک پرس هەیە ڕەنگە ڕۆڵێکی کەمی بینیبێت، یەکێک لەوانە بۆ نموونە لە بۆنەکاندا جار جارە بە عەرەبی قسە دەکەم، زۆر زۆرم پێخۆشە بە کوردی قسە بکەم، بەڵام ڕەنگە بە عەرەبییەکە باشتر بتوانم پەیامەکەم بگەیێنم، نەک لەبەر ئەوەی عەرەبییەکی باش دەزانم، نا وانییە، لەبەر ئەوەی کوردییەکەم زۆر خراپە، ڕەنگە عەرەبییەکەم کەمتر خراپ بێت.

حیزبی شیوعی هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو ترسەی نەبووە، تەنانەت بۆ دامەزراندنی حیزبی شیوعی کوردستان، کاتی خۆی گفتوگۆی زۆرمان کرد. واتە لە شێوەی ئینشیقاق و ئینشیعاب خۆی نەنوێنێ. یەکێک لەو پرسانەی کە زۆریش دیارە، هەرچی پەیوەندی بە پرسی نەتەوایەتی و پێشهاتەکانی کوردستانەوە بێت، لە کۆتاییدا دەبێ ڕای حیزبی شیوعی کوردستانی وەربگیرێت، تەنانەت ئەگەر ناکۆکی لەسەر وەرگرتنی ڕایەکەش هەبێ، واتە سەربەخۆیی بەو شێوەیەیە، ئەما پەیوەندییەک ماوە، ئەو پەیوەندییە نابێت ببێتە تەگەرە لەپێش مومارەسەی سەربەخۆیی.

**ڕووداو: هەمیشە نەتەوەییەکانی عەرەب کوردیان بەوە تاوانبار کردووە کە ئیمپریالیزم هانیان دەدات لە عێراق جیا ببنەوە، بەڵام ئیمپریالیزم هاتووە دەوڵەتێکی وەکو عێراقی دروستکردووە. بۆچوونی جەنابت لەو بارەیەوە چییە؟**

**عەزیز محەممەد:** من زۆرجار گوتوومە کە ئێستا بەرگری لە فیدراڵیەت دەکەین و داوای دەکەین، مانای ئەوە نییە مافمان نییە دەوڵەتمان هەبێت، بەڵام ئێستا لەو بڕوایەداین هەلومەرج بۆ پێکهێنانی دەوڵەت نەڕەخساوە. لە کاتی خۆیدا ئەگەر لەگەڵ ئۆتۆنۆمی بووبم، هەنگاوێک بووە بەرەو ئاسۆ.

من بەشبەحاڵی خۆم لەو بڕوایەدام لە کۆتاییدا میللەتی کورد دەبێت دەوڵەتی هەبێت. جارجارە لێم دەپرسن باشە تۆ کە کابرایەکی ئیشتراکیت، چۆن بڕوات بەوە هەیە بۆرژوازییەت لێرە حوکم پێکبهێنێ، دەڵێم ئەمن کوڕنووشی بۆ دەبەم، ئێستاش تەئکید لەوە دەکەمەوە. ئەوەندە دەوڵەتە لە دنیادا هەن.. بۆ دەبێت ئێمە وا بیر بکەینەوە، تەنیا دەبێ حکومەتێکی ئیشتراکی هەبێ، ئەوسا کورد سەردەکەوێ!

پێموایە ئەو ڕێگایە زیکزاکی پێویست بێت، ڕەنگە لەڕووی سیاسییەوە زیکزاکەکە هەبێت. خۆشت دەزانی جوگرافیای سیاسی لە کوردستاندا ئەوەندە باری کوردی گران کردووە کە خەیاڵ ناکرێ. گەلێک جار هەیە دێتە خەیاڵم ئەگەر هەر کورد پەیوەست دەکرا بەولاو بەولا خۆزگە هەمووی پەیوەست دەکرا بە یەک لایەنەوە، ئەوسا گەلی کورد کە دەهاتە سەر کۆشش و خەبات، بە قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی دەهات، لەسەر پانتایی هەموو کوردستان دەهاتە نێو کۆشش و خەبات. خۆ ئەگەر واش نەبووایە خۆزیا بەشێک لەو بەشانەی کە دابەشکراوەتە سەر ناوچەکە سەربەخۆییەکی دەبوو، ئەوسا دەبووە هێزێکی ئیلهامبەخش بە جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی لە پارچەکانی دیکە.

> هاوڕێ فەهد لە مەسیحییەکانی کوردستانە

> منداڵ بووم کە کیسە تووتنم هەڵگرت، دایکم وایدەزانی بوومەتە پیاو

> بۆ جوانیی قیافەت خەنجەرم هەڵدەگرت

> بەبێ کۆنگرە بوومە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی

> هەر شیوعییەک بەرگری لە مەسەلەی نەتەوایەتی نەکات فری بەسەر شیوعییەتەوە نییە



## قازانجی دانەگاز لە هەرێمی کوردستان 53% بەرزبووەتەوە

**ڕووداو - هەولێر**

کۆمپانیای دانەگاز ڕایگەیاند بەهۆی پەرەسەندنی کارەکانی لە هەرێمی کوردستان و میسر، شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکە لە ماوەی نۆ مانگی ڕابردوودا 16.7% زیادیکردووە. دانەگاز ڕایگەیاند گازی سرووشتی بەرهەمی کۆمپانیاکە 75%ی پێداویستی ئێستای کارەبای هەرێمی کوردستان دابیندەکات و بەپێی ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بۆ ماوەی 20 ساڵە، بەردەوام دەبن لە زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی. داناگاز ڕایگەیاندووە کۆمپانیاکە لە نۆ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا حەقدەستەکانی بەرزبووەتەوە بۆ 230 ملیۆن دۆلار. لە هەرێمی کوردستان بەتەنیا دانەگاز پشکەکانی لەرێگەی فرۆشتنی گازی شل و گازی سرووشتی و گازی ئێل پی جی بەرێژەی 53% بەرزبووەتەوە بۆ 118 ملیۆن دۆلار.

### زۆرترین ڕێژەی بێکاری لە پارێزگای دهۆکە

# بەپێی دوایین ڕووپێوی ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان 9%یە

**ڕەوا عەبدوڵلا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ڕووپێوییەکانی دەستەی ئامار، ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە کاتی قەیرانی دارایی 4.5% کەمی کردووە، بەڵام داتاکانی وەزارەتی کار دەریدەخەن قەیرانی دارایی هێشتا کاریگەرییەکەی ماوە، بەجۆرێک لە ماوەی 18 مانگی ڕابردوودا 8625 کرێکاری دەستەبەرکراو کاریان نەماوە.

بەپێی ستانداردی جیهانی، 4% تاوەکو 5% ی

> ئەم داتایانەی دەستەی ئامار لەسەر ڕێژەی بێکاری دەیخاتەڕوو ڕاست نین
>
> پسپۆڕێکی ئابووری

بێکاری لە هەر وڵاتێکدا ڕێژەکی ئاساییە، بەڵام لە سەرووی ئەم ڕێژەیە لێکەوتەی خراپی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبێت.

بۆ دیاریکردنی قەبارەی هێزی کار و ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان، ساڵی 2012 دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەهاوکاریی دامەزراوەی ڕەندی ئەمەریکی ڕووپێوییەکی کرد، بەپێی ڕووپێوییەکە، لەو ساڵەدا 38.4%ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان کە تەمەنیان لە 15 بۆ 64 ساڵ بووە، کاریان هەبووە. تەنیا 7.9% کاریان نەبووە. لە ساڵی 2013 ڕێژەی بێکاری بۆ 6.5% دابەزیوە و تەنیا 87 هەزار کەس دەرفەتی کاریان دەستنەکەوتووە. لە ساڵی 2014 سەرەڕای بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، بەڵام زۆر کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری نەبووە، ڕێژەکە بۆ 6.53% بەرزبووەتەوە، بەڵام لە ساڵی 2015 بێکاری بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە 13.53%.

ساڵی 2016 هیچ ڕووپێوییەک نەکراوە، بەڵام لە ساڵی 2017 دەستەی ئامار بەهاوکاریی ڕێکخراوی IOM و لە ڕێگەی ڕووپێوییەک قەبارەی هێزی کار و ڕێژەی بێکاری دەستکەوتووە. ڕێژەی بێکاری لە پارێزگاکان بەم شێوەیە بووە: هەولێر 9.2%، سلێمانی 9.4% و دهۆک 13.8%.

گوهدار محەممەد عەلی، بەرپرسی بەشی ئاماری دانیشتووان و هێزی کار لە دەستەی ئامار دەڵێت: "بەپێی ڕووپێوییەکان، نەمانی شەڕی داعش و ڕێککەوتنی نێوان بەغدا و هەولێر لەسەر ناردنی مووچەی فەرمانبەران و نەمانی پاشەکەوتی مووچە، کاریگەری زۆریان لەسەر بووژانەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان هەبووە، بەو هۆیەوە ڕێژەی بێکاری لە ساڵی 2017 بۆ 10.1% و لە ساڵی 2018 بۆ 9% دابەزیوە".

گوهدار محەممەد دەڵێت بارودۆخی هەرێمی کوردستان لەڕووی دەرفەتی کارەوە بەراورد بەپێشتر باشتر بووە، بەڵام هێشتا کاریگەری قەیرانی دارایی بەسەرەوە ماوە، بەراورد بەعێراقیش بارودۆخی هەرێمی کوردستان باشترە، چونکە بەپێی داتاکان ڕێژەی بێکاری لە عێراق لە سەرووی 16%یە و لە هەندێک شاریش دەگاتە نزیکەی 20%".

محەممەد موحسین، پسپۆڕی ئابووری و مامۆستا لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریی زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت: "بە بەڵگەوە ئەم داتایانەی دەستەی ئامار لەسەر ڕێژەی بێکاری دەیخاتەڕوو ڕاست نین، چونکە سەرژمێریی گشتی نەکراوە، کاتێک ئامارت نەبێ، ناتوانی لەسەر بنەمای خەمڵاندن ڕێژەی ڕاستەقینەی بێکاری دەستنیشان بکەی، جگە لەوە ئەو میتۆدانەی دەستەی ئامار بۆ بێکاری کاری لەسەر دەکات بۆ وڵاتێکی ناسەقامگیری وەک کوردستان گونجاو نییە. ئەو میتۆدانە بۆ وڵاتێک دەکرێت بەکاربێت کە خاوەنی داتابەیس و ژمارەی ڕاستەقینەی کرێکاران و هێزی کار بێت، بۆیە پێموایە ڕێژەی بێکاری زۆر لەوە زیاترە کە دەخرێنەڕوو".

عارف حیتۆ، بەڕێوەبەری گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، دەڵێت: "هێشتا کاریگەری قەیرانی دارایی بەسەر هەرێمی کوردستانەوە ماوە، بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو 5653 کرێکاری دەستەبەرکراو، کاریان لەدەستداوە، هەروەها لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا 2972 کرێکاری دەستەبەرکراوی دیکە کاریان نەماوە".

عارف حیتۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان بەردەوامە لە کردنەوەی خولی فێربوونی کار و دەڵێت: "تەنیا لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 130 خولمان هەبووە و 1267 گەنجی بێکار بەشدارییان تێدا کردووە، هەندێکیان لە ڕێگەی ئەم خولانەوە بوونەتە خاوەن کاری خۆیان و هەندێکیشیان لە بازاڕ کاریان دەستکەوتووە".

بۆ دابینکردنی ماف و ئیمتیازاتی زیاتر و ڕەخساندنی هەلی کار، وەزارەتی کار هەوڵدەدات یاسای کار هەموار بکاتەوە و سندوقی پرۆژە بچووکەکان بەگەڕبخاتەوە.

عارف حیتۆ دەڵێت: "لە ڕەشنووسی پرۆژەکەدا زۆر ئیمتیازی بۆ کرێکار تێدایە، بۆ نموونە خاوەنکار بۆی نییە هەرکات بیەوێت کرێکار دەربکات، بەڵکو دەبێت بەپێی هەندێ ڕێوشوێن بێت. لە ساڵێکی کار 20 ڕۆژ بە مووچەوە مۆڵەتی دەدرێتێ، لە هەفتەیەکیشدا ڕۆژێکی پشووە. لە پشووە فەرمییەکانیش دەبێ پشوویان بدرێتێ".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، لە ماوەی دوو ساڵ و شەش مانگی ڕابردوودا لەڕێگەی کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی کرێکار کە ژمارەیان 163 کۆمپانیایە، 11 هەزار و 164 کرێکاری بیانی (1.644 کرێکاری پرۆژە، 9.520 خزمەتکاری ماڵ ) هێنراونەتە هەرێمی کوردستان.

عارف حیتۆ، دەڵێت: "بەراورد بە پێشتر هێنانی کرێکاری پرۆژەمان زۆر کەمکردووەتەوە، چونکە تا کرێکاری ناوخۆ هەبێت ڕێگە نادەین کۆمپانیاکان کرێکاری بیانی بهێنن، بەڵام بۆ کرێکاری ناوماڵ لەبەر ئەوەی هێشتا خەڵکی کوردستان بەهۆی هەندێ دابونەریت ئیشی ناوماڵ ناکەن، بۆیە بەپێی خواست ڕێگەمان بە کۆمپانیاکان داوە کرێکاری ناوماڵ بهێنن".



وەزارەتی کار دەڵێت لە 18 مانگی ڕابردوودا 8625 کرێکاری دەستەبەرکراو کاریان نەماوە (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕێژەی بێکاری بەپێی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان 2012 - 2017**

| پارێزگا | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2017 |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | %7.5 | %4.3 | %4.56 | %13.45 | 9.2 |
| سلێمانی | %8.1 | %8.1 | %7.55 | %13.14 | 9.4 |
| دهۆک | %8.3 | %7.3 | %8.0 | %14.4 | 13.8 |
| هەرێم | %7.9 | %6.5 | 6.53 | %13.53 | 10.1 |

**داوای دەکەن و نایانەوێ**

وەزارەتی کار، لە ڕێگەی حەوت سەنتەری بەکارخستنەوە کار بۆ بێکاران دەدۆزێتەوە. بەپێی ئاماری وەزارەتی کار، ساڵی ڕابردوو 2401 بێکار داوای کاریان کردووە، سەنتەرەکانیش 1193 دەرفەتی کاریان دۆزیوەتەوە، پەیوەندییان بە 1259 بێکارەوە کردووە، 664 بێکار بە کارەکان ڕازی نەبوون، 146 کەسیش وەڵامیان نەداوەتەوە، 123 کەس خۆیان کاریان دزیوەتەوە، تەنیا 326 کەس چوونەتە سەر کار.

هەنگاو عەبدوڵڵا، سەرۆکی مەکتەبی تەنفیزی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان، دەڵێت: "کرێی ئەو کارانەی سەنتەرەکان دەیدۆزنەوە کەمە، یان خاوەنکارەکە کاری زیاتری لە کرێکارەکە دەوێت، بۆیە کرێکاران پێی ڕازی نین".

### پشکی تاک لەو کۆبەرهەمە 6860 دۆلار بووە

# کۆبەرهەمی ساڵی ڕابردووی هەرێمی کوردستان زیاتر لە 35 ملیار دۆلار بووە

### لە کۆبەرهەمی ناوخۆدا پشکی تاکی کوردستانی 982 دۆلار زیاترە لە پشکی تاکی عێراقی

**ڕەوا عەبدوڵلا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی سەقامگیری و باشبوونی باری ئابووری و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، لە دوو ساڵی ڕابردوودا کۆبەرهەمی ناوخۆ ڕووی لەهەڵکشان کردووە، پشکی تاکیش لەو کۆبەرهەمە 12.6% زیادی کردووە.

کۆبەرهەمی ناوخۆ (GDP-Gross Domestic Product) لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لە کۆکراوەی بەهای کۆتایی نرخی بازاڕ بۆ هەموو کاڵا و خزمەتگوزارییەک لە چوارچێوەی وڵاتێکدا.

بەپێی داتاکانی بانکی جیهانی، لە 10 ساڵی ڕابردوودا بەرزترین پشکی تاک لە کۆبەرهەمی ناوخۆ (GDP) لە عێراق لە ساڵی 2013 تۆمار کراوە کە بۆ هەر تاکێک 7076 دۆلار بووە، بەڵام بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و شەڕی داعشەوە، کۆبەرهەمی ناوخۆی عێراق ڕووی لە پاشەکشێ کرد و پشکی تاکیش بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کرد، بەجۆرێک لە ساڵی 2014 بۆ 6818 دۆلار، لە ساڵی 2015 بۆ 4989 دۆلار و لە ساڵی 2016 بۆ 4649 دۆلار دابەزیوە.

بەڵام داتاکانی بانکی جیهانی دەریدەخەن، لە دوو ساڵی ڕابردوودا جارێکی دیکە ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان گەشەی کردووە، پشکی ساڵانەی تاک لە کۆبەرهەمی ناوخۆ لە ساڵی 2017 بۆ 5143 دۆلار و لە ساڵی 2018 بۆ 5878 دۆلار زیاد بووە، واتە پشکی تاک لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەراورد بە دوو ساڵی پێشتر 12.6% زیاد بووە.

فەتحی محەممەد مودەڕیس، گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت: "بە سوودوەرگرتن لە داتای بانکی جیهانی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بەهای زیادکراو بۆ سەرجەم کەرتەکان، بەتایبەت لە هەردوو کەرتی بازرگانی و پیشەسازی، بۆمان دەرکەتووە پشکی تاک لە کۆبەرهەمی ناوخۆ بۆ ساڵی 2018 لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 6860 دۆلار بووە".

بەپێی داتای بانکی جیهانی، ساڵی ڕابردوو پشکی تاک لە کۆبەرهەمی ناوخۆ لە عێراق 5878 دۆلار بووە. بەپێی داتای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستانیش پشکی تاک لە کۆبەرهەمی ناوخۆ 6860 بووە، بەو پێیە پشکی تاک لە کۆبەرتەمی ناوخۆ لە کوردستان 982 دۆلار زیاترە لە پشکی تاک لە عێراق.

بە سوودوەرگرتن لە لێکدانی بڕی پشکی تاک و ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان (بەپێی فۆرمی خۆراک) کۆبەرهەمی ناوخۆی ساڵی ڕابردووی هەرێمی کوردستان نزیکەی 35 ملیار و 672 ملیۆن دۆلار بووە، کۆبەرهەمی عێراقیش 224 ملیار و 93 ملیۆن دۆلار بووە.

فەتحی مودەڕیس دەڵێت: "پشکی تاک لە کۆبەرهەمی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان لە زۆر وڵاتان بەرزترە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کوردستان دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی سروشتی و توانا مرۆییەکان، لەڕووی جیۆپۆلەتیکیش لە ناوچەیەکی گرنگی جیهاندایە، بۆیە ئەگەر وەبەرهێنانی زیاتر لە کەرتە هەمەجۆرەکانی دیکە بکرێت، پشکی تاک لە کۆبەرهەمی ناوخۆ زۆر زیاتر دەبێت".

بەپێی داتاکانی بانکی جیهانی، عێراق لەڕووی پشکی تاک لە کۆبەرەمی ناوخۆ، لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی لە پلەی نۆیەمدایە، لەسەر ئاستی جیهانیش لە پلەی 107 دایە. قەتەر بە 69026 دۆلار بۆ هەر تاکێک لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەب لە پلەی یەکەمدایە. لەسەر ئاستی وڵاتانی دەوروبەر، عێراق تەنیا لە پێش ئوردن و ئێرانەوە دێت.

د.یونس عەلی ئەحمەد، مامۆستا لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سلێمانی، دەڵێت: "بڕی پشکی تاک لە کۆبەرهەمی ناوخۆ زۆر گرنگ نییە کە ساڵانە چەندە زیاد و کەم دەکات، گرنگ ئەوەیە چەندی دەگات بەدەستی تاک".

د.یونس عەلی پێیوایە ئەو هۆکارەی وایکردووە پشکی تاکی هەرێمی کوردستان لە کۆبەرهەمی ناوخۆ بە بەراورد بە عێراق زیاتر بێت، بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە کورد خاوەنی پلانێکی ستراتیژییە و عێراق بێ پلانە، بەڵکو بۆ دوو هۆکاری دەگەڕێنێتەوە، یەکەم: گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بەراورد بە عێراق کەمترە، بۆیە کاتێک کۆبەرهەمەکە دابەشی ژمارەی دانیشتووان دەکرێت، ژمارەکە گەورەتر دەردەکەوێت، هۆکاری دووەمیش بۆ ئاسایش و ئارامیی کوردستان و ستراتیژی خاڵە گومرگییەکانی کوردستان بەگشتی و سنووری ئیبراهیم خەلیل دەگەڕێتەوە کە وایکردووە زۆربەی جموجۆڵی بازرگانیی عێراق لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە بێت.

> زیادبوونی پشکی تاک لە کوردستان لە کۆبەرهەمی ناوخۆ، ڕەنگدانەوەی لەسەر خۆشگوزەرانیی خەڵک هەبووە
>
> پسپۆڕێکی ئابووری

دکتۆر یونس عەلی دەڵێت: "زیادبوونی پشکی تاکی هەرێمی کوردستان لە کۆبەرهەمی ناوخۆ، ڕەنگدانەوەی لەسەر خۆشگوزەرانیی خەڵکی هەرێمی کوردستان هەبووە، بەڵام جۆرێک لە چینایەتیشی لەنێو کۆمەڵگای کوردی دروستکردووە، چینی ناوەندی لاواز کردووە و کاریگەری زۆریشی لەسەر گوزەرانی خەڵکی کەمدەرامەت نەبووە".

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بە هاوکاری دامەزراوەی ڕەندی ئەمەریکی، لە ساڵی 2012 لە ڕێگەی وەرگرتنی بەهای خەمڵاندنی زیادکراو بۆ سەرجەم کەرتەکان جگە لە کەرتی سامانە سرووشتییەکان، کۆبەرهەمی ناوخۆی هەرێمی کوردستانی لەم ساڵەدا بە 23 ملیار و 52 ملیۆن دۆلار خەمڵاندووە، پشکی تاکیشی لە کۆبەرهەمی ناوخۆ بە 4،649 دۆلار دیاری کردووە.

ئەم دامەزراوەیە بەپشتبەستن بە ستانداردە نێودەوڵەتییەکان کەرتە ئابوورییەکانی دابەشی 13 کەرت کردووە و بەشداری هەر کەرتێکیشی بەدیناری عێراقی و دۆلاری ئەمەریکی دیاری کردووە، بەشداری کەرتەکانیش بەم شێوەیە بووە: کشتوکاڵ 3.1%، کانزاکان 0.2%، پیشەسازی 6.1%، کارەبا 2%، بیناسازی 18.7%، بازرگانی 9.1%، گواستنەوە و کۆگاکردن 6.4%، خزمەتگوزاری حەوانەوە و خواردەمەنی 3.1%، زانیاری و گەیاندن 6.7%، بانک، بیمە و ئاڵوگۆڕی دراو 1.1%، کارگێڕی گشتی 27.6%، موڵکداری و بەکرێدان 8.6% و خزمەتگوزارییە جیاجیاکانی دیکە 7.3%.

سیروان محەممەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دەڵێت: "لەبەر ئەوەی لە ساڵی 2018 هیچ ڕووپێوییەکمان بۆ دیاریکردنی کۆبەرهەمی ناوخۆ نەکردووە، نازانین بەرپرسانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ دیاریکردنی پشکی تاک لە کۆبەرهەمی ناوخۆ بە 6،860 دۆلار پشتیان بە چ میتۆدێک بەستووە، بۆیە هیچ سەرنجێکمان لەسەری نییە".

گوتیشی: "لەبەر ئەوەی لە عێراق دەمێکە سەرژمێریی دانیشتووان و دامەزراوە ئابوورییەکان نەکراوە، بۆیە سەرجەم ئەو داتایانەی ساڵانە بانکی جیهانیش لەسەر پشکی تاک لە کۆبەرهەمی ناوخۆ دەربارەی عێراق بڵاویان دەکاتەوە، خەمڵاندنن، پشکی تاک لە کۆبەرهەمی ناوخۆش لە هەرێم نزیکە لەوەی عێراق، بەشێوەیەکی گشتی بەگوێرەی بارودۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان لە نێوان 4000 بۆ 6000 دۆلاردایە".



بەرزترین پشکی تاکی عێراقی لە کۆبەرهەمی ناوخۆ لە ساڵی 2013 تۆمار کراوە کە 7076 دۆلار بووە (فۆتۆ: ڕووداو)

# نەوتی سووریا دوای هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاڤا

**مەحموود بابان**
**ڕووداو- هەولێر**

کێڵگە نەوتییەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لە هەشت ساڵی ڕابردووی قەیرانی سووریادا چەند دەستێکیان کردووە. هێرشی مانگی ڕابردووی سوپای تورکیا و ئەو قووڵاییەی تورکیا وەک ئامانج بۆ هێرشەکەی دانابوو، بووە هەڕەشە لە دەسەڵاتی کورد بەسەر ئەو کێڵگانەدا. ناوەندێکی لێکۆڵینەوە پێیوایە ستراتیژی نوێی ئەمریکا بۆ پاراستنی بیرە نەوتەکان کۆتایی بە ململانێ لەسەر نەوتی سووریا ناهێنێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی دامەزراوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوەی ئابووری (میس)، داعش لە نێوان ساڵانی 2013 بۆ 2018 لە سووریا 39 ملیۆن و 55 هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە، لە هەمان ماوەدا هێزەکانی هەسەدە 62 ملیۆن و 50 هەزار و حکومەتی سووریاش 37 ملیۆن و 595 هەزار بەرمیل نەوتیان بەرهەمهێناوە.

داعش لە ساڵی 2013 دا دەستی بەسەر نەوتی سوریادا گرت. بە گوێرەی داتاکانی میس، داعش ڕۆژانە دوو هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەمهێنابوو. بەرزترین ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی داعش لە 2015 بوو کە ڕۆژانە 40 هەزار بەرمیل نەوتی دەردەهێنا، بەو پێیەش لە ماوەی ساڵێکدا 14 ملیۆن و 600 هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە. بەشێوەیەکی گشتی، داعش لە نێوان ساڵانی 2013 بۆ 2018، نزیکەی 39 ملیۆن و 55 هەزار بەرمیل نەوتی لە سووریا بەرهەمهێناوە.

تێکڕای بەرهەمهێنانی نەوت لە نێوان ساڵانی 2013 بۆ 2019 لە لایەن ئیدارەی خۆسەریی ڕۆژئاڤای کوردستانەوە 62 ملیۆن و 50 هەزار بەرمیل بووە لە ڕۆژێکدا. ئیدارەی خۆسەر لە 2019 بەرزترین ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی تۆمار کردووە کە 60 هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، نزمترین ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەشی لە 2013 بووە کاتێک 5 هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەمدەهێنا.

بەرزترین ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی حکومەتی دیمەشق لە دوای قەیرانی سووریا، لە ساڵی 2013 بووە کە 28 هەزار بەرمیل بووە لە ڕۆژێکدا، نزمترین ئاستیش لە ساڵانی 2014 بۆ 2017 بووە کە 9 هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە. کۆی گشتیی بەرهەمهێنانی نەوتی حکومەتی سووریا لە نێوان ساڵانی 2013 تاوەکو ئابی ئەمساڵ 37 ملیۆن و 595 هەزار بەرمیل بووە.

## دووبارە کێشانەوەی نەخشەکان

لە کاتێکدا قەیرانی سووریا بەردەوامە و ئەو وڵاتە بەرەو قۆناغی پاش شەڕ هەنگاودەنێ، پەلاماری تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا کاریگەری لەسەر ڕەوشی ئێستا دەبێ. هەر لە سەرەتای قەیرانی سووریاوە، کورد هەوڵی ئۆتۆنۆمییەکی زیاتری بۆ ڕۆژئاڤا داوە و لەو چوارچێوەیەدا کۆمەڵێک دامەزراوەی سێکولاری دامەزراندووە کە تێیدا عەرەب و ئاشووری و کۆمەڵگا بچووکترەکانی دیکەی ناوچەکەش بەشدارن.



داعش لە ماوەی 5 ساڵدا 39 ملیۆن بەرمیل نەوتی لە سووریا بەرهەمهێناوە
(فۆتۆ: AFP)

> ئێستا هەسەدە ڕۆژانە 60 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێ

پەیوەندیی ڕۆژئاڤا لەگەڵ ڕژێمی بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریا، لەرزۆکە. دیمەش بەشێوەیەکی فەرمی ئیدانەی دامەزراندنی هەرێمێک بە پشتگیریی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی سووریا دەکات. بەڵام لەنێوان ئیدارەی خۆسەر و حکومەتی سووریادا نە هەر بەدەگمەن پێکدادان ڕوویداوە، بگرە بازرگانیشیان پێکەوە هەبووە، بە تایبەتی لە بواری نەوتدا. هاوکات وجوودی هێزێکی نێودەوڵەتی لە سووریا لەمپەری بۆ خەونی ستراتیژیی ئەسەد داناوە، کە دەستگرتنەوەیە بەسەر هەموو خاکی سووریادا.

هێرشی تورکیا بۆ سەر دوورگەی قوبرس لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، نموونەیەکی زەقە کە دەریدەخات چۆن ئەنقەرە هەنگاوە کورتخایەنەکانی دەگۆڕێ بۆ داگیرکارییەکی درێژخایەن و لکاندنی ئەو ناوچەیە بە خاکی تورکیاوە. ژمارەیەک ڕاپۆرت ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن تورکیا لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا دەستی بە دامەزراندنی حکومەتێکی وەکیل کردووە کە لە قوتابخانەکانیدا تورکی دەخوێنرێن و لە بازاڕەکانیدا دراوی تورکی دەستاودەست دەکرێ.

## فاکتەری نەوت لە ململانێکانی ئێستای سووریادا

لەم قۆناغەی ئێستا، لایەنە جیۆپۆلیتیکی و کۆچبەرییەکەی هێرشی تورکیا گرنگن، بەڵام جێی خۆیەتی لە کاریگەرییەکانی ئەو هێرشە لەسەر کەرتی نەوت و غازی سووریاش وردبینەوە.

ئەگەرچی هێرشی تورکیا بۆ ناوچەکانی سەرێ کانی و گرێسپی بووە، بەڵام لە یەک مانگی ڕابردوودا تورکیا ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتیشی بۆردومان کردووە کە ژمارەیەک لە کێڵگە سەرەکییەکانی نەوت و غازی سووریای لێیە.

ژمارەیەکی زۆر لە کێڵگەکان دەکەونە قووڵایی 30 کیلۆمەتر دوور لە سنووری سووریا و تورکیاوە کە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) دان.

نەوتی خاوی ناوچەی سوەیدیە لە ڕۆژهەڵاتی سووریا کە حەوت کیلۆمەتر لە سنووری هەرێمی کوردستانەوە دوورە، بەشدارییەکی گەورەی لە ئابووریی سووریادا هەیە. لە پێش دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ، حکومەتی سووریا ڕۆژانە 370 هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەمدەهێنا کە نیوەی لە کێڵگەکانی نزیک سوەیدییەوە بوون. لەو بڕە 105 هەزار بەرمیلی ڕێک لە کێڵگەکەی سوەیدییە خۆیەوە بەرهەمدەهاتن.

شەڕی نێوخۆ، سەرهەڵدانی داعش و دواتریش شەڕی نێودەوڵەتی لەدژی ئەو ڕێکخراوە، بەرهەمی نەوتی نزیک ڕووباری فورات و پارێزگای دێرەزووری بەشێوەیەکی بەرچاو کەمکردەوە، بەڵام دەسەڵاتی کوردی توانییان بەشێک لە بەرهەمی نەوتی ناوچەکە بپارێزن کە هەندێکی لە پاڵاوگەکانی خۆیان دەپاڵێوران و ئەوەی دیکەی ڕەوانەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم دەکران.

ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە ژمارەیەک کێڵگەی غاز و کێڵگەی نەوتیی گەورەیان لێیە کە شەڕی دژی داعش بەشێکی زۆر لە ژێرخانەکەی تێکداون.

عەلی غانم، وەزیری نەوتی سووریا، بەمدواییە ڕایگەیاند "بەرهەمهێنانی نەوتی حکومەتی سووریا 24 هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، لە کاتێکدا حکومەتی سووریا ڕۆژانە 30 هەزار بۆ 60 هەزار بەرمیل نەوت لە ئێرانەوە ، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی نێوخۆ هاوردە دەکات". زۆرینەی بەرهەمهێنانی حکومەت لە کێڵگە گازییەکان لە ناوەندی سووریا و ئەو کێڵگە نەوتییانەی ڕۆژئاوای فورات دێ کە چاککراونەتەوە.

لە ساڵی 2018 شەڕێک لە نێوان هێزەکانی سەر بە حکومەت و هێزەکانی سووریای دیموکرات لە دەوروبەری فورات ڕوویدا، لە کاتێکدا هێزەکانی هەردوولا هەوڵیان دەدا دەست بەسەر دامەزراوە غازییەکانی ئەو ناوچەیەدا بگرن، بەڵام ئەگەر لە داهاتوودا هێزەکانی سەر بە تورکیا خەونی کۆنترۆڵکردنی کێڵگەکانی سوەیدیە لە سەریان بدات، ئەوە ڕووسیا و سووریا بڕیاری قورسیان لە پێش دەبێ.

لەوە دەچێ ڕووسیا بە پاراستنی ڕەوشی ئێستا قایل بێ، مادام ئەسەد لەسەر کورسیی دەسەڵات دەمێنێتەوە. ڕووسیا مۆڵەتی کارکردن لە بەندەری تەرتۆسی وەرگرتووە، مافی کارکردن لە پیشەسازیی زەبەلاحی فسفۆڕی سووریای هەیە و خەریکی پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی دەریای نێوەڕاستیشە، بۆیە ڕوون نییە ڕووسیا چ ڕۆڵێکی لە شەڕی ڕۆژهەڵاتی سووریادا دەبێ.

لای حکومەتی ئەسەد وەرگرتنەوەی کێڵگە نەوتییەکان تەنیا مەسەلەی شانازی نییە، بەڵکو مەسەلە گەورەکە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیەیە کە لە سەرچاوەکانی سووتەمەنیدا هەیەتی. حکومەتی سووریا لە مێژە گەڕاندنەوەی کێڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا بە ئامانجێکی ستراتیژی دەزانێ، بەڵام وجوودی هێزەکانی ئەمریکا لەمپەری سەرەکی بەردەم ئەو خەونەیە.

**بەرهەمهێنانی نەوتی سووریا لەلایەن هەسەدە، داعش، حکومەتی سووریا (هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا)**

| ساڵەکان | حکومەتی سووریا | هەسەدە | داعش |
|---|---|---|---|
| 2013 | 28 | 50 | 2 |
| 2014 | 9 | 10 | 20 |
| 2015 | 9 | 10 | 40 |
| 2016 | 9 | 15 | 35 |
| 2017 | 9 | 20 | 10 |
| 2018 | 14 | 50 | 0 |
| 2019 | 24 | 60 | 0 |

# داخوازی لەسەر نەوتی ئۆپێک کەم دەبێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک)، هەفتەی ڕابردوو لە ڕاپۆرتێکدا پێشبینی کرد داخوازی لەسەر نەوتی ڕێکخراوەکە بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزێ، لە کاتێکدا وڵاتانی دەرەوەی ڕێکخراوەکە، لەوانەش ئەمریکا، ئاستی بەرهەمهێنانیان بەرزدەکەنەوە و پشکەکانی ئۆپێک لە بازاڕەکانی جیهان بۆ خۆیان دەبەن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، لە ساڵی 2024 ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتانی ئۆپێک بۆ 32.8 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دادەبەزێ. بڕی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی ئەمساڵی ئۆپێک 35 ملیۆن بەرمیل بووە، بەو پێیەش ڕێژەی هەناردەی ڕۆژانەی ڕێکخراوەکە لە پێنج ساڵی داهاتوودا ٪6 دادەبەزێ.

ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک لە 2019 نزیکەی 64.4 ملیۆن بەرمیل بووە لە ڕۆژێکدا و ئۆپێک چاوەڕێ دەکات لە نیو دەیەی داهاتوودا بۆ 72.2 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبێتەوە، واتە بەرهەمی دەرەوەی ئۆپێک 12% بەرز دەبێتەوە.

نیگەرانییەکان سەبارەت بە گۆڕانی کەشوهەوا بەهۆی سووتەمەنییەکانی وەک نەوت و غازی سروشتی، وڵاتانی ڕۆژئاوایی ناچار کردووە پەرە بە پیشەسازیی بەکارهێنانی وزەی پاک بدەن. ئەوە یەکێکە لەو هۆکارانەی وا لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت دەکات چاوەڕوانییەکانیان بۆ ئاستی داخوازی لەسەر نەوت کەم بکەنەوە.

لەلایەکی دیکەوە، وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک، بەتایبەتی ئەمریکا، پەرەیان بە کەرتی نەوت داوە. حاڵی حازر ئەمریکا بە بەرهەمهێنانی ڕۆژانە 12.6 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتە لە جیهاندا. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای دەرهێنانی نەوت کە خەرجییەکانی بەرهەمهێنانی کەمکردووەتەوە، یەکێک لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی خێرای کەرتی نەوتی ئەمریکا بووە.

لە 2007 هەتا ناوەڕاستی 2014 نرخی نەوت لە سەرەوەی 100 دۆلار یاری دەکرد. ئەوەش یارمەتیدەرێکی دیکەی کەرتی نەوتی لیتەی ئەمریکا بوو بۆ ئەوەی درێژە بە شۆڕشی پەرەپێدانی بەرهەمهێنانی نەوت بدات.

لە کۆتایی 2016 وە ئۆپێک و 10 وڵاتی دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە ڕێککەوتنێکی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانیان واژۆ کردووە کە ئامانج لێی کەمکردنەوەی نەوتی ئەمبارەکان و گەڕاندنەوەی هاوسەنگیی بۆ نرخەکانی نەوتە. ئەگەرچی ئەو ڕێککەوتنە هەتا ڕادەیەک نرخەکانی نەوتی جێگیر کردووە، بەڵام هاوکات ڕێگەی بۆ ئەمریکاش خۆشکردووە سەرلەنوێ هەنگاوەکانیان خێرا بکەنەوە بۆ پەرەپێدانی پیشەسازیی نەوت.

محەممەد بارکیندۆ، ئەمینداری گشتیی ئۆپێک، لە پێشەکیی ڕاپۆرتەکەدا نووسیویەتی: "پێداچوونەوەیەکی زۆر بە چاوەڕوانییەکانمان لە بەرهەمی وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک کراوە، چونکە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا چاوەڕوانییەکانی ئێمەی تێپەڕاندووە".

ڕاپۆرتەکەی ئۆپێک پێشبینی دەکات ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی لیتەی ئەمریکا هەتا 2024 بگاتە 16.9 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، پێشبینیش دەکات ڕەوتی گەشەی بەرهەمهێنان لە پێنج ساڵی داهاتوودا خاوتر ببێتەوە.

ئۆپێک کە زۆرینەی ئەندامەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقان، گەورەترین ڕێکخراوی بەرهەمهێنەری نەوتی جیهانە و ٪30ی پێویستییەکانی نەوتی جیهان لەلایەن وڵاتانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوەوە دابین دەکرێ. لە ڕاپۆرتەکەی ساڵی ڕابردوویدا، ئۆپێک پێشبینی کردبوو ئاستی بەکارهێنانی نەوت لە 2023 نزیک 104.5 ملیۆن بەرمیل بێ لە ڕۆژێکدا، بەڵام لە ڕاپۆرتی ئەمجارەیدا پێشبینیی خۆی بۆ 103.9 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزاندووە.

> ئۆپێک: لە پێنج ساڵی داهاتوودا ڕەوشی ئێمە باش نابێت

ڕاپۆرتەکە پێشبینی دەکات ئاستی داوا لە وڵاتانی خاوەن پیشەسازیی پێشکەوتوو و وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی هاوکاری و پەرەپێدانی ئابووری (OECD) لە ساڵی 2020 دابەزێ. هۆکاری ئەوەشی بۆ دابەزینی ئاستی گەشەی ئابووری و بەکارهێنانی سەرچاوەی نوێی وزە گەڕاندووەتەوە. هەتا ساڵی 2040، نزیکەی 50%ی ئۆتۆمبێلەکان لە وڵاتانی (OECD) و 40%ی ئۆتۆمبێلەکانی چین و ٪26ی ئۆتۆمبێلەکانی وڵاتانی دیکە بۆ ئۆتۆمبێلی کارەبایی دەگۆڕێن.

ڕاپۆرتەکەی ئۆپێک مانگێک پێش کۆبوونەوەی مانگی داهاتووی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی دەرچووە کە بە گروپی ئۆپێک پڵەس ناسراوە. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار لەسەر سیاسەتی ئۆپێک پڵەس لە 2020 دەدرێ.

ڕاپۆرتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی بیر لەوە دەکەنەوە ئاستی بەرهەمهێنان هێندەی دیکەش دابەزێنن، لەبەر ئەوەی هێشتاش نرخەکانی نەوت بە دڵی سعودیە نین و نەوتی زێدەباری ناو ئەمبارەکانیش زۆرە. ئێستا ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی بەرهەمی ڕۆژانەیان بە بڕی 1.2 ملیۆن بەرمیل لە چاو ساڵی 2018 دابەزاندووە.

سعودیە ڕایگەیاندووە ئەگەر وڵاتانی پشکدار لە ڕێککەوتنەکە هەتا مانگی داهاتوو پابەندییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، ئەوە پێشنیازی کەمکردنەوەی زیاتری بەرهەمهێنان دەخەنە سەر مێز.

## ئۆپێک دڵی بە یەدەکەکەی خۆشە

ئۆپێک خاوەنی گەورەترین یەدەکی نەوتی جیهانە. بەپێی داتاکانی کۆمپانیای نەوتی بەریتانیا (BP)، یەدەکی نەوتی جیهان لە 2018 نزیکەی 1.73 ترلیۆن بەرمیل بووە و 71.8%ی هەموو نەوتی جیهانیش لە وڵاتانی ئۆپێکە.
ئەو ژمارانە وایانکردووە ئۆپێک گەشبین بێ بەوەی لە درێژخایەندا ڕێکخراوەکە دەسەڵاتەکەی جارانی بۆ بگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی یەدەکێکی زەبەلاحی هەیە و خەرجی دەرهێنانی نەوتەکەشی کەمە. محەممەد بارکیندۆ، ئەمینداری گشتیی ئۆپێک لە پێشەکی دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکەدا دەڵێت: "لە درێژخایەندا ئەوە ئۆپێکە کە چاوەڕێ دەکرێ بەشی زۆری داوای نەوتی جیهان پڕبکاتەوە".
ڕاپۆرتەکە پێشبینی دەکات ئاستی بەرهەمهێنانی وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک لە 2026 بگاتە 72.6 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەڵام لە 2040 جارێکی دیکە بۆ 66.4 ملیۆن بەرمیل دابەزێ.

ڕووداو
ژمارە ( 578 ) - دووشەممە 2019/11/11



## ژنانی باشوور دەچنە ڕۆژئاوا

**ڕووداو- هەولێر**

بە ئامانجی پشتیوانیکردن لە ڕۆژئاوای کوردستان، شاندێکی ژنانی باشووری کوردستان سەردانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن.

ڕۆژی 2019/11/10 شاندێکی ژنانی باشووری کوردستان کە 26 کەس و پێکهاتوون لە ڕۆژنامەنووسان، چالاکڤانان، ئەندامانی ڕێکخراوی ژنانی ئازادیی کوردستان و ڕێکخراوی دابین بۆ گەشەپێدانی دیموکراسیی و مافی مرۆڤ، سەردانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن.

بە گوتەی ئەندامانی شاندەکە کە لە ڕێگەی دەروازەی سێمالکاوە چوونەتە ڕۆژئاوا، ئامانجیان پشتگیری لە بەرخودانی ڕۆژئاوای کوردستانە بەرامبەر پەلامارەکانی تورکیا و گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا کە تورکیا پشتگیریان دەکات.

# ڤایرۆسێک هەڕەشە لە خانمانی ڕۆژهەڵات دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

نەشمیل بە لەچکە ڕەش و مانتۆ سوورەکەیەوە لە بنکەیەکی تەندروستیی سنە چاوەڕێی وەرگرتنی دەرمانی دژی ڤایرۆسی نەهێشتنی بەرگریی لەش (HIV) دەکات کە هۆکاری تووشبوون بە نەخۆشیی ئایدزە. نەشمیل ڤایرۆسەکەی لە هاوژینەکەیەوە بۆ گوازراوەتەوە.

ئافرەتە کوردەکە لە ترسی کاردانەوەی کۆمەڵگا ناوێرێ ناوی تەواوی خۆی ئاشکرا بکات، بەڵام لەبارەی سەرەتای زانینی دۆخی تەندروستیی هاوژینەکەیەوە بە (ڕووداو) دەڵێ: "ئەیلوولی 2009 بوو، ساڵێک بوو ژیانی هاوبەشمان پێکهێنابوو، مێردەکەم تووشی کێشەی گورچیلە بوو، لە کۆتاییدا هەردوو گورچیلەکەی لەدەستدا. من بیرم لە ژیانێکی بەختەوەر لەگەڵ مێردەکەم دەکردەوە، چووزانم ئەو مادەی هۆشبەر بەکاردەهێنێ و پێشتر بەندیش کراوە".

بەپێی مەزندەکانی 2017ی ڕێکخراوی بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکانی ئێران، لەو وڵاتەدا 2.8 ملیۆن کەس مادەی هۆشبەر بەکاردەهێنن، ئەو ژمارەیە لە ساڵی 2011دا نزیکەی 1.3 ملیۆن کەس بووە.

مەینەتی نەشمیل هەر بەوە نەبڕاوە. وەک خۆی دەڵێ: "دەرکەوت ڤایرۆسی (HIV) هەیە و داوایان لە منیش کرد هەمان پشکنین بکەم، من پێشتر هەندێک نیشانەی ئەو ڤایرۆسەم لە خۆمدا بینیبوو، وەک دابەزینی کێش، ژانە سک و شەکەتی. سەرەتا وامدەزانی ئەوانە نیشانەکانی دووگیانین، بەڵام چەند ڕۆژێک دوای پشکنینەکان زانیم ئەو ڤایرۆسە لە لەشمدا هەیە. ئەو هەواڵە وێرانی کردم".

ڤایرۆسی نەمانی بەرگریی لەش، کە بە (HIV) ناسراوە، ڕێگە بۆ تەشەنەسەندنی نەخۆشییە مەترسیدارەکان و شێرپەنجە خۆشدەکات، ئەگەر تووشبووەکە چارەسەر وەرنەگرێ، ئەوە دەکرێ بۆ ئایدز بگۆڕێ. ئەو ڤایرۆسە لە ڕێگەی شلەکانی لەشەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێتەوە.

هاوژینەکەی نەشمیل 10 ساڵ بوو ئەو ڤایرۆسەی لەگەڵ بوو، بەڵام هیچکات بە نەشمیلی نەگوتبوو. نەشمیل دەڵێ "کاتێک لێم پرسی بۆچی پێی نەگوتووم، هەر دەگریا و هیچی نەدەگوت. بەو حاڵەشەوە من بڕیارمدا لەگەڵی بمێنمەوە. من قوربانیی دەستی مێردەکەمم. خەسوو و خەزووریشم مامەڵەیەکی زۆر خراپیان لەگەڵ کردم".

ئەو نەخۆشییە درێژخایەنە پێویستی بە چارەسەری وردە، بەڵام هاوژینەکەی لە بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر بەردەوام بوو، هەتا دواجار گیانی لەسەر دانا و نەشمیل گەڕایەوە ناو باوەشی ساردوسڕی ماڵی باوکی.

نەشمیل لەبارەی کاردانەوەی ماڵی باوکی بە (ڕووداو)ی گوت: "پێموابوو ماڵی باوکم بە باشی مامەڵەم لەگەڵ دەکەن و یارمەتیم دەدەن بەسەر ئەو ڤایرۆسەدا زاڵ بم. هەر کە زانییان ئەو نەخۆشییەم لەگەڵە، پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ مندا ڕاگرت و بگرە بۆ ماوەی یەک ساڵ تەلەفۆنێکیان بۆ نەکردم".

لەو کاتەدا چاوی نەشمیل پڕ بوو لە فرمێسک: "ئەگەر دایکم زیندووبووایە، هەرگیز پشتی تێنەدەکردم. ئەوان هەقی خۆیانە بترسن لەوەی نەخۆشییەکە لە منەوە بۆ ئەوانیش بگوازرێتەوە".

ساڵێک دوای مەرگی هاوژینەکەی، خێزانەکەی ڕازیبوون نەشمیل وەربگرنەوە، بەڵام لە ژوورێکی جیادا دایاننابوو، بێ ئەوەی ڕێگەی تێکەڵاوی لەگەڵ هیچ کەسێکی پێبدەن. وەک خۆی دەگێڕێتەوە "خێزانەکەم ڕێگەی چوونە مەتبەخ و ژوورەکانی دیکەیان پێنەدەدام، جلەکانیان لەگەڵ من جیاکردەوە".

دوای شەش مانگ، نەشمیل بڕیاری دا بچێتە سەنتەری ڕاوێژکاریی نەخۆشییە گوازراوەکان و لەوێ چاوی بە پیاوێک کەوت کە وەک خۆی ڤایرۆسی (HIV) هەبوو، پیاوەکە دڵی نەشمیلی برد، بەڵام ئەوجارەش بەخت یاوەری نەبوو.

نەشمیل گوتی: "هەشت ساڵ لەمەوبەر، لە ڕێگەی ئەم سەنتەرەوە پیاوێکی تووشبووی ئەو ڤایرۆسەم ناسی. سەرەتا بەڕاستی کەوتە بەر دڵم و پێموابوو دەتوانین پێکەوە ژیانێکی خۆش بژین. بەداخەوە ئەویش تووشی مادەی هۆشبەر بووە و هەوڵی جیابوونەوە دەدەین. هەمیشە شەڕێک بەرۆکی ژیانم دەگرێ".

نەشمیل ڕۆژانە دوو حەب دەخوات بۆ ئەوەی نیشانەکانی نەخۆشییەکەی پێوە دیار نەبن و تووشی بێڕێزی نەبێت. بەگوتەی خۆی ڕۆژێک چووەتە نەخۆشخانە، بەڵام کاتێک زانیویانە ئەو ڤایرۆسەی لەگەڵە، دەریانکردووە. سەرەڕای هەموو ئەوانەش نەشمیل بڕیاری داوە کۆڵ نەدات.

ئافرەتە تەمەن 39 ساڵەکە دەڵێ: "دوای مەرگی مێردی یەکەمم خووم دایە چنین و دوورینی جانتا. حەزم لەو جۆرە شتانەیە. سەرەتا کاتێک نەخۆشییەکەم لێدەرکەوت، هەندێک جار دەمگوت باشترە بمرم، بەڵام مرۆڤ نابێ ئاوا بە ئاسانی واز لە ژیان بهێنێ.

بە گوتەی د.بینایی کە لە سەنتەرێکی چارەسەری لە شاری سنە کار دەکات، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پارێزگای کرماشان بە 3610 حاڵەتی پۆزەتیڤ بەرزترین پلەی گرتووە، کە 30 حاڵەتیان ئافرەتن. سنە بە 584 حاڵەت لە پلەی دووەم دێ کە 60 حاڵەتیان ئافرەتن. ئێستا تەنیا 287 نەخۆش لە سەنتەری ڕاوێژکاریی سنە دەرمان وەردەگرن. لە کەیسەکانی پارێزگای سنە ژمارەیەکی زۆریان مردوون. زۆربەی تووشبووانی ئەو ڤایرۆسە تەمەنیان لە نێوان 15 بۆ 24 ساڵە، زۆربەی ئافرەتەکانیش نەخۆشییەکەیان لە مێردەکانیانەوە بۆ گوازراوەتەوە.



زۆربەی ئافرەتە تووشبووەکان ڤایرۆسەکەیان لە مێردەکانیانەوە بۆ گوازراوەتەوە

### 66 هەزار ئێرانی (HIV)یان هەیە

ڕاپۆرتێکی 2013ی کەرتی تەندروستیی ئێران مەزندەی ئەوە دەکات کە زیاتر لە 100 هەزار تووشبووی ڤایرۆسی (HIV) لە ئێران هەبن. د.کامیار عەلایی، پزیشکی کورد کە لە زانکۆی هارڤاردی ئەمریکا خوێندوویەتی و لە توێژینەوەکانی ئەو ڤایرۆسەدا پێشەنگە، دەڵێت 70%ی تووشبووان نازانن ڤایرۆسەکە لە لەشیاندا هەیە.

یەکەم کەیسی ڤایرۆسی (HIV)لە ئێران لە ساڵی 1987 تۆمارکراوە. بە گوتەی د.بینایی "دواتر ئەو نەخۆشییە لە نێوان ئاڵوودەبووانی مادە هۆشبەرەکان ژمارەی بەرزبووەوە و ئێستا 66 هەزار حاڵەتی تووشبوون بەو ڤایرۆسە لە ئێران هەن.

# دوای خنکانی مێردەکەی و منداڵەکانی، خۆی دەخنکێنێ



**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

تەنیا 45 ڕۆژ بەرگەی مەرگی هاوژین و دوو منداڵەکەی گرت کە لە ئاودا خنکان، ئەمیش بە پەتێک خۆی هەڵواسی و خۆی خنکاند. کەسوکارەکەی دەڵێن بەرگەی ئەو کۆستە گەورەیەی نەگرت، بۆیە خۆی خنکاند.

ئاسکە شوکر، تەمەن 48 ساڵ و دانیشتووی گوندی باوای سەر بە ناحیەی لەیلان، ڕۆژی 2019/10/31 لەنێو ماڵەکەیدا بە پەت خۆی خنکاند. ڕۆژی 15ی ئابی ئەمساڵیش، مێردی ئەو ژنە و دوو منداڵەکەی لە ئاوێکی نێوان هەردوو گوندی نەورۆز و داروسەرەی سەر بە ناحیەی قادر کەرەم خنکابوون.

عەمید سەلاح ئەمین، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی ناحیەی لەیلان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی لەلایەن موختاری گوندی باوا لە ڕووداوێکی خۆخنکاندن ئاگادار کراینەوە، پۆلیس چووە گوندەکە و پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کەیسەکە کردەوە".

پۆلیس ئیفادەی لە برای ئاسکە وەرگرتووە، ئەو لە ئیفادەکەیدا لە بنکەی پۆلیس دەڵێت: "خوشکەکەم دوای خنکانی مێردەکەی و منداڵەکانی باری دەروونی زۆر خراپ تێکچووبوو، بەرگەی مردنی ئەوانی نەگرت، بۆیە بردمانە کەرکووک. بەردەوام دەیگوت خۆم دەخنکێنم، ئێمە بەهیچ شێوەیەک ڕێگەمان نەدەدا بەتەنیا بێت، ئەو ڕۆژەشی خۆی خنکاند، تەنیا ماوەیەکی کورت جێمانهێشت".

محەممەد ستار، دراوسێی ماڵی ئاسکە و خزمی مێردەکەی باسی ژیانی ئەو خێزانەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "ئەو خێزانە لەو گوندە دەژیان، هاوژینەکەی ئاسکە کە ناوی جەمال ئەحمەد بوو، لە گوند مەڕ و ماڵاتی هەبوو، باری داراییان زۆر باش بوو، خاوەنی پێنج منداڵ بوون، دوو کوڕ و سێ کچی هەبوو".

ڕۆژی 15ی ئابی 2019 ڕۆژێکی ڕەش بوو بۆ ئەو خێزانە، بە جارێک سێ تەرمیان بۆ هاتەوە. ئەو خزمەیان دەڵێت: "ئەو ڕۆژە دوو کوڕەکەی جەمال داوایان لە باوکیان کردبوو لەگەڵیان بچێ بۆ مەلەکردن، چووبوونە گوندی نەورۆز و داروسەرە، جەمال کەوتبووە نێو ئاوەکە، کوڕە گەورەکەی کە تەمەنی 20 ساڵە، چوو بوو ڕزگاری بکات، بەڵام ئەویش نەیتوانیبوو بێتە دەرەوە، کوڕەکەی دیکەیان کاتێ بینیبووی خەریکە باوکی و براکەی دەخنکێن، ئەویش خۆی فڕێدەداتە نێو ئاوەکە، بەڵام هەرسێکیان خنکابوون".

محەممەد گوتی: "لەو ڕۆژەوەی ئاسکە هەواڵی خنکانی مێردەکەی و دوو منداڵەکەی پێگەیشت باری دەروونی تێکچوو، هەر لە پرسەکەیاندا دەیگوت من دوای ئەوان ناژیم، منیش خۆم دەکوژم. دوای پرسەکە باری دەروونی زۆر خراپتر بوو، بۆیە خانەوادەکەی بڕیاریان دا ئاسکە و سێ کچەکەی ببەنە کەرکووک لە نزیک ماڵی خۆیان خانوویەکی بۆ بە کرێ بگرن".

محەممەد دەڵێت ئاسکە ئەو ماوەیە بەردەوام لە ژێر چاودێریی ماڵی باوکیدا بووە، چونکە ترسیان هەبووە بەڵایەک بەسەر خۆی بێنێ، دواجار ئاسکە بەڵاکەی بەسەر خۆی و کەسوکاری هێنا.

دوایین ڕۆژی مانگی ڕابردوو ئاسکە لە ناکاو ون دەبێ، کەسوکارەکەی زۆر بەدوایدا دەگەڕێن، دواجار تەرمەکەیان لە نێو ماڵەکەیدا لە گوندەکەیان دۆزییەوە.

محەممەد دەڵێت: "ئەو ڕۆژە خوشکێکی لای ئاسکە بوو، منداڵەکانی ناردبوو بۆ قوتابخانە، کاتێک بینیبووی ئاسکە خەوتووە، دەرگای ژوورەکەی داخستبوو چووبووە ماڵەکەی خۆی، بەڵام کە گەڕابووەوە لای، بینیبووی لە شوێنی خۆی نەماوە".

عەبدولکەریمی برای ئاسکە، زۆر بە دوایدا دەگەڕێت بەڵام نایدۆزێتەوە، بۆیە پەیوەندی بە محەممەدەوە دەکات بۆ ئەوەی لە گوند بەدوایدا بگەڕێ. محەممەد گوتی: "من یەکسەر چووم بۆ گۆڕستانی گوند، لەو باوەڕەدابووم ئاسکە چووەتە سەر گۆڕی هاوژین و منداڵەکانی، بەڵام لەوێ نەبوو، سەیری ماڵەکەشم کرد، هەموو دەرگاکان داخرابوون، بە براکەمم گوت نەهاتووەتە گوند".

بەڵام عەبدولکەریم قەناعەت ناکات و گومانی کردووە خوشکەکەی گەڕابێتەوە گوندەکەیان، بۆیە دەچێتە گوندەکە. محەممەد دەڵێت: "لە نێو گوند بەدوای ئاسکەدا دەگەڕاین. لە ناکاو یەکێک لە منداڵانی گوند لە پەنجەرەوە سەیری نێو ماڵی ئاسکەی کرد و هاواری کرد. خێرا دەرگای ژوورەکەمان شکاند و بینیمان خۆی هەڵواسیوە. پەتەکەمان لە ملی کردەوە، بەڵام گیانی دەرچووبوو".

# کچێکی 24 ساڵان خۆی دەسووتێنێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

سوهام چەند جارێک هۆشداری دابوو بە خۆشەویستەکەی، ئەگەر مارەی نەکات خۆی دەسووتێنێ. بەڵام (ز) پشتگوێی خستبوو، دواجار سوهام قسەی خۆی بردە سەر و ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. پۆلیس لەسەر سکاڵای کەسوکاری سوهام، (ز)ی دەستگیر کردووە.

شەوی 2019/10/14 کچێکی تەمەن 24 ساڵ، بەناوی (سوهام. ع)، دانیشتووی ناحیەی کەلەکچی سەر بە پارێزگای دهۆک، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. سوهام 16 ڕۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە و شەوی 2019/10/30 بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەیەوە مرد.

موقەددەم ئارام محەممەد، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی لە خۆسووتاندنی ئافرەتێک ئاگادار کراینەوە، چووینە نەخۆشخانە و ئیفادەمان لێ وەرگرت، ئافرەتەکە گوتی ماوەی ساڵێک پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێک هەبووە، چەند جارێک داوای لێکردووە بچێتە خوازبێنی، بەڵام کوڕەکە گوێی پێنەداوە، بۆیە لە داخان خۆی سووتاندووە".

ئەو کچە هەر لە ئیفادەکەیدا بە جۆرێک قسەی کردووە کە هەموو شتێکی لەگەڵ (ز) براندووەتەوە و گوتوویەتی: "چەند جارێک سووڕی مانگانەم دواکەوتووە، وام هەست کردووە کە دووگیانم"، بەڵام پۆلیس ئەمە ڕەتدەکاتەوە.



خۆشەویستەکەی سوهام بە تۆمەتی هاندان بۆ خۆکوشتن دەستگیرکراوە

موقەددەم ئارام دەڵێت: "دوای مردنی ئەو کچە، بۆ ڕاستی و دروستیی قسەکەی، تەرمەکەمان ڕەوانەی پەیمانگەی پزیشکی دادوەری کرد، پشکنینی بۆ کرا و دەرکەوت هەر کچە".

دوای ڕووداوەکە، پۆلیس (ز)ی بەپێی ماددەی 408 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیر کرد. موقەددەم ئارام دەڵێت: "(ز) لە ئیفادەکەیدا نکۆڵی لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەو کچە نەکردووە، بەڵام دەڵێت بە هیچ جۆرێک لێی نزیک نەبووەتەوە، بۆیەش نەچووەتە داوای ئەو کچە، چونکە ئەو خێزاندار بووە و کچەکەش بەمەی نەزانیوە".

بە گوتەی موقەددەم ئارام، کوڕەکە لەسەر سکاڵای کەسوکاری سوهام دەستگیرکراوە و بەوە تۆمەتباریان کردووە کە هۆکاری خۆسووتاندنی سوهام بووە.

(ڕووداو) پەیوەندی بە باوکی سوهامەوە کرد، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو قسە بکات و گوتی: "وازم لێبێنن، خەمەکەی من خەمێکی زۆر گەورەیە".

(ج) کە خزمێکی دووری سوهامە و ئاگاداری ژیانی ئەو کچە بووە، دەڵێت: "سوهام نەورۆزی 2018 ئەو کوڕەی ناسیوە، سەرەتا وەک دوو هاوڕێ قسەیان کردووە، پاشان پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانیان دروست بووە. سوهام هەتا چەند ڕۆژێک پێش خۆسووتاندنیشی نەیزانیوە کە ئەو کوڕە هەر خەڵکی کەلەکچییە و خێزانداریشە".

(ج) دەڵێت سوهام و (ز) پەیوەندی نێوانیان زۆر بەهێز بووە، سوهام متمانەی زۆری بەو کوڕە هەبووە.

دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک بەسەر پەیوەندییەکەیان، سوهام چیدی نایەوێ لە دووری خۆشەویستەکەی بژی و داوای لێدەکات بچێتە خوازبێنی، بەڵام (ز) داواکەی ڕەتکردووەتەوە و پێیگوتووە هێشتا بۆ پێکهێنانی ژیانی خێزانی ئامادە نییە.

(ج) دەڵێت ڕۆژێک سوهام (ز) ئاگادار دەکاتەوە و پێیدەڵێت دەبێت بێیتە داوام، گوتبووی ئەگەر مارەی نەکات خۆی دەسووتێنێ، بەڵام (ز) پشتگوێی خستبوو. ئەویش لە داخان ئاگری لەخۆی بەرداوە.

### لە 8 مانگدا 73 ژن خۆیان سووتاندووە

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو کۆتایی مانگی ئابی ئەمساڵ، 73 حاڵەتی خۆسووتاندنی ژنان لە کوردستان تۆمارکراوە، لەوانە 17 ژنیان لە سنووری پارێزگای دهۆک بووە.

سوهام کە نەوتی بەخۆیدا کردبوو، 100%ی جەستەی سووتابوو، دوای 16 ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە، گیانی دەرچوو. ئەو کچە لە نەخۆشخانە داوای لێبووردنی لە باوکی کردووە و پێیگوتووە لەبەر ئەو کوڕە ئاگرم لە خۆم بەردا، چونکە ئامادە نەبوو بمخوازێ.

ڕووداو
ژمارە (578) - دووشەممە 2019/11/11



## لە بەردەڕەش دوو پێشمەرگە دەکوژرێن

**ڕووداو- هەولێر**

ئێوارەی ڕۆژی 2019/11/10 لەنێو لیوای 12ی پێشمەرگە لە بەردەڕەش، شەڕ لەنێوان چەند ئەفسەر و پێشمەرگە دروستبوو، بەهۆیەوە دوو کەس کوژران و یەکێکی دیکەش بریندار بوو. شەڕەکە لە بارەگای لیوای12ی پێشمەرگە کە دەکەوێتە نێوان بەردەڕەش و مەندان لەنزیک چیای مەقلووب ڕوویداوە و بەهۆیەوە رائیدێک و مولازمێک کوژراون.

سەرچاوەیەک لە ئاسایشی بەردەڕەش بە (ڕووداو)ی گوت "شەڕ لەنێو لیوای 12ی پێشمەرگە ڕوویداوە و بەهۆیەوە دوو کەس بە ناوەکانی رائید سەباح حەمەد شێخە و مولازمی یەک محەممەد شێخۆ عەلی. بریندارەکەش کوڕی رائید سەباحە و ناوی سەدادە". گوتیشی: "ئەوانەی تەقەیان لەو سێ کەسە کردووە بران و هەڵاتوون".

**زۆرترینیان کوردن**

# ئەمساڵ لە هەولێر 332 کەس بەتۆمەتی ساختەکاری دەستگیرکراون

## لە پێنج ساڵی ڕابردوودا 1404 کەس بە تۆمەتی ساختەکردنی پارە و بەڵگەنامە دەستگیرکراون

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو — هەولێر**

ئەمساڵ، بەراورد بە چوار ساڵی ڕابردوو، زۆرترین کەس و زۆرترین باند بەتۆمەتی ساختەکاری دەستگیرکراون، پۆلیس دەڵێ زۆرترینی گیراوەکان کوردن، بەڵام عەرەب، تورک، فارس و ئەورووپی و ئەمریکیشیان تێدایە.

بەپێی ئاماری نووسینگەی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی ساختەکاری کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی هەولێرە، زۆرترین حاڵەتەکانی ساختەکاری بریتین لە ساختەکردنی ناسنامە، پاسپۆرت و بریکارنامە.

(ئە.م) 40 ساڵ، ئافرەتێکی کوردە، فەرمانبەری حکومەتە، بە تۆمەتی ساختەکردنی ناسنامە و بریکارنامەیەک دەستگیرکراوە. (ئە) ویستوویەتی موڵکی کەسێک بەناوی (م.ع) لە یەکێک لە گەڕەکەکانی هەولێر بفرۆشێت بەبێ ئەوەی خاوەنەکەی ئاگادار بێت.

(م) کە خاوەنی موڵکەکەیە بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕۆژێک دوو کەس هاتن داوایانکرد بریکارنامەی موڵکەکەمیان بۆ بکەم، گوایە موڵکەکەمیان لە خوشکەکەم کڕیوە، منیش پێمگوتن هیچ خوشکێکم ڕانەسپاردووە موڵکی من بفرۆشێ و موڵکیشم نەفرۆشتووە".

کاتێک (م) خوشکەکەی ڕووبەڕووی دوو کەسەکە دەکاتەوە، ئەوان دەڵێن ئەو ئافرەتە نییە کە موڵکەکەمان لێ کڕیوە، بۆیە (م) و دوو کەسەکە دەزگا ئەمنییەکان ئاگادار دەکەنەوە و دەردەکەوێ ئەو ئافرەتەی ئەو کارەی کردووە بە تۆمەتێکی دیکە لە زیندانە.

(ئە) کە لە مامەڵە ساختەکەدا خۆی بە خوشکی (م.ع) ناساندووە، گوتوویەتی براکەم قاچی شکاوە و ناتوانێت بێت، منی کردووە بە بریکاری خۆی بۆ ئەوەی زەوییەکەی بۆ بفرۆشم. نووسینگەی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی ساختەکاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی هەولێر، دوای ئەوەی دەزانن ئافرەتێک بەتۆمەتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە ئاسایش دەستگیرکراوە، بەدواداچوون بۆ دۆسیەکەی دەکەن، بۆیان دەردەکەوێت هەمان ئەو ئافرەتەیە کە بە ناسنامە و بریکارنامەی ساختە ویستوویەتی موڵکی (م.ع) بفرۆشێت.

سەبارەت بە چۆنیەتی ساختەکردنی مامەڵەکان، (ئە) بە پۆلیسی گوتووە: "زیاتر لە 20 ساڵە (م) دەناسم، هەموو زانیارییەکم لەبارەی خۆی و خێزانەکەی دەزانی، لە مانگی 9ی 2018 چوومە تورکیا، لەوێ ناسنامەیەکی ساختەم بەناوی یەکێک لە خوشکەکانی کە وێنەی خۆمی لەسەر بوو، لەگەڵ بریکارنامەیەکی پیاوەکەشم دروستکرد".

(ئە) دەگەڕێتەوە هەولێر و بە ناسنامە و بریکارنامە ساختەکە دەیەوێت موڵکەکەی (م) بفرۆشێت "چووم بۆ تاپۆ و وێنەیەکی سەنەدی موڵکەکەم وەرگرت، ئینجا لە یەکێک لە نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە گوتم دەمەوێت موڵکی براکەم بفرۆشم و بریکارنامەی بۆ من کردووە. کڕیارێکیان بۆ پەیدا کردم و پێشەکی پارەی موڵکەکە کە سێ هەزار دۆلار بوو درا بە نووسینگەکە، بەڵام دواتر ئاشکرا بوو، بۆیە تەلەفۆنەکەم داخست و ناسنامە و بریکارنامە ساختەکەم لەنێوبرد".

ئێستا (ئە) لەلایەن ئاسایشەوە بە تۆمەتی مامەڵەکردن بە ماددەی هۆشبەر، بەپێی ماددەی 421 دەستگیر کراوە، بۆیە تا یەکلابوونەوەی ئەو دۆسیە، دۆسیەی ساختەکارییەکەی بەشێوەیەکی کاتی ڕاگیراوە.

ساختەکردنی دراوی عێراقی و بیانی یەکێکی دیکەیە لە دۆسیە لەپێشەکانی ساختەکاری لە هەولێر و چەندین کەس و باندێک بەو تۆمەتە دەستگیرکراون.

(ن.ع) 47 ساڵ کە بیناسازە، لەگەڵ (ئە.ع)ی هاوڕێی بەهۆی مامەڵەکردن بە دراوی ساختە دەستگیرکراون.

(ئە.ع) کە لە زیندان (ن)ی ناسیوە، دەڵێ: "بێکار بووم، لەڕێگەی هاوڕێیەکمەوە کەسێکم ناسی، بڕیار بوو کارم بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام ئەو گوتی لەم کاتە هیچ کارێک نییە، تەنیا کاری پارەی ساختە هەیە، ئەگەر دەتوانی پارەی ساختە بێنی، من دەیفرۆشم، منیش پەیوەندیم بە (ن.ع) کرد کە چەند مانگێک پێشتر لە زیندان یەکدیمان ناسیبوو، ئەو لەسەر پارەی ساختە دەستگیر کرابوو، لەگەڵی ڕێکهاتین، بەڵام لەوکاتەی بڕیار بوو بڕی 13 ملیۆن دیناری ساختە ساخ بکەینەوە دەستگیرکراین".

(ئە.ع) و (ن.ع) لەگەڵ باندێکی سەختەکردنی دراو لە ئێران مامەڵەیان دەکرد کە ئەوانیش کوردن. (ن.ع) باس لە چۆنیەتی هێنانی پارە ساختەکان لە ئێرانەوە دەکات و دەڵێت: "لەگەڵ هاوڕێیەکم بەناوی (ف.ئا) کە دانیشتووی شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە مامەڵەمان دەکرد. داوام لێکرد پارەی ساختەم بۆ بنێرێت، ئەویش گوتی 13 ملیۆن دیناری ساختە لەلای کەسێکە بەناوی (ج.ی) لە پێنجوێن، بڕۆ وەریبگرە".

(ن.ع) ڕۆژی دواتر پارە ساختەکە وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە هەولێر. ئەو دەڵێت " (ئە.ع) کەسێکی عەرەبی دۆزیبووەوە پارە ساختەکەمان بە ملیۆنێک و 500 هەزار دینار لێ بکڕێ، عەسر بە تەکسییەک چووین بۆ گوێڕ تاوەکو پارەکە بدەین بە عەرەبەکە، بەڵام لە بازگەی هەولێر — گوێڕ دەستگیرکراین".

ئەو باندە پێشتریش لەسەر کاری ساختەکاری دەستگیرکراون، (ن.ع) دەڵێ: "لە ڕۆژی 2018/2/20ـش لەسەر کاری ساختەکاری دەستگیرکرابووم کە بڕی 23 ملیۆن دیناری ساختەم پێ گیرا".

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەمساڵ زۆرترین کەس بە تۆمەتی ساختەکاری دەستگیرکراون، بەپێی ئامارەکانیش ساڵ لەدوای ساڵ ساختەکاری زیاد دەبێت، بەجۆرێک لە ساڵی 2015دا 248 کەس و لە ساڵی 2016دا 253 کەس، لە ساڵی 2017دا 282 کەس و لە 2018ـشدا 289 کەس بە تۆمەتی ساختەکاری لە هەولێر دەستگیرکراون، بەڵام تەنیا لە 10 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 332 کەس دەستگیرکراون کە سێیان ژنن".

لەبارەی ناسنامەی دەستگیرکراوەکان و جۆری ساختەکارییەکانیش، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێ: "دەستگیرکراوەکان بەپلەی یەکەم کوردن، ئینجا عەرەب و تورک و ئێرانی، هەروەها ئەورووپی و ئەمریکیشیان تێدایە، زۆرترین ساختەکارییەکانیش لە پاسپۆرت، ناسنامە، بریکارنامە بۆ فرۆشتنی موڵک و ڕاکێشانی ئۆتۆمبێل کراوە، دواتریش دراوی ساختە".



زۆرترین ساختەکاریی لە پاسپۆرت، ناسنامە، بریکارنامە دەکرێت

**بە تەلەفۆن بێزاریان کردبوو**

# لە ڕانیە پێشمەرگەیەک خۆی دەکوژێت

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

لوقمان بێزار بووبوو لەو پەیوەندییە تەلەفۆنیانەی ڕۆژانە بۆی دەهاتن، دوایینجار کە کەسێک پەیوەندی پێدەکات و تا ئێستا نەزانراوە کێیە، لوقمان دەچێتە ژوورەکەی و بە چەکەکەی تەقە لە خۆی دەکات و خۆی دەکوژێت. کەسوکاری دەڵێن سکاڵایان لەسەر خاوەنی ئەو ژمارەیە تۆمار کردووە کە تەلەفۆنی بۆ کردووە.

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 2019/11/3 پیاوێکی تەمەن 38 ساڵ بەناوی لوقمان نەبی عەبدوڵڵا، دانیشتووی گەڕەکی ڕۆژهەڵات لە قەزای ڕانیە، لە نێو ماڵەکەیدا خۆی کوشت. لوقمان پێشمەرگە بووە و باوکی پێنج منداڵ بوو. ئەو کاتانەشی دەوامی نەبوو، لە هێڵی نێوان ڕانیە و حاجیاوا بە ئۆتۆمبێلە تایبەتەکەی خۆی، خەڵکی دەگواستەوە.

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای نیوەڕۆی 3ی تشرینی دووەمی 2019، هێزەکانی پۆلیس لە ڕووداوێک ئاگادار کرانەوە، پۆلیس گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و دەرکەوت کەسێکی تەمەن 38 ساڵ لە نێو ماڵەکەی خۆیدا بە چەکەکەی خۆی، خۆی کوشتووە".

سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکە، ڕائید شۆڕش گوتی: "ئەو ڕۆژە ئەو پیاوە لەگەڵ هاوژینەکەی بە تەنیا لە ماڵ بوون، لەو کاتەدا کەسێک تەلەفۆنی بۆ کردووە، دوای تەلەفۆنەکە یەکسەر چووەتە ژوورەوە و بە کلاشینکۆفەکەی گوللەیەکی ناوە بەسەری خۆیەوە".

دوای ڕووداوەکە، پۆلیس ئیفادەی هاوژینی لوقمانی وەرگرتووە. ئەو لە ئیفادەکەیدا دەڵێت: "ماوەیەک بوو لوقمان پەیوەندی تەلەفۆنیی زۆری بۆ دەهات، بەڵام نەیدەهێشت ئێمە گوێمان لە قسەکانی بێت، لە ژوورەوە یان لە سەربان وەڵامی دەدایەوە. من لەو باوەڕەدام ئەو هەموو تەلەفۆنە گوشاری بۆ دروستکردووە و پەنای بۆ خۆکوشتن بردووە".

کەسوکارەکەی دەڵێن لوقمان لەو ماوەیەدا بەدەست گرفتی دەروونییەوە دەینالاند و پێیانوایە ئەو تەلەفۆنانەی بۆی دەهاتن، هێندەی دیکە گرفتەکەیان لێ ئاڵۆز کردبوو.

بەختیار نەبی کە برای لوقمانە، بە (ڕووداو)ی گوت: "لوقمانی برام لە سەرەتای تووشبوونیدا بوو بە نەخۆشیی دەروونی، بە زۆر بردمان بۆ لای پزیشک، چونکە پێی شەرم بوو خەڵک بزانن نەخۆشیی دەروونی هەیە".

بەختیار پێیوایە ئەوەی زۆرتر حاڵی براکەی پەرێشان کردووە ئەو تەلەفۆنە زۆرانە بوون کە بۆی دەهاتن. سەبارەت بە وردەکاریی پەیوەندییەکانیش بەختیار دەڵێت: "هەندێک خەڵکی نەخۆش و نەفسنزم تەلەفۆنیان بۆ دەکرد، بە قسە برینداریان دەکرد، بۆ نموونە پێیاندەگوت (لوقمانە شێت)، ئەویش ئەو قسەی بەلاوە زۆر ناخۆش بوو".

بەختیار باسی ساتی خۆکوشتنی براکەی کرد و گوتی: "ئەو ڕۆژە خۆی و هاوژینەکەی بەتەنیا لەماڵ بوون، براژنم خەریکی ئیش و کاری ناو ماڵ بووە. لەو کاتەدا کەسێک تەلەفۆنی بۆ لوقمان کردبوو، پاشان لوقمان چووبووە ژوورەوە، لەناکاو دەنگی تەقە هاتبوو".

تاوەکو ئێستا کەس بە تۆمەتی هاندانی لوقمان بۆ خۆکوشتن دەستگیرنەکراوە، بەڵام براکەی دەڵێت سکاڵایان لەسەر خاوەنی ئەو ژمارە تەلەفۆنە تۆمار کردووە کە دوایینجار پەیوەندی بە لوقمانەوە کردووە.

### کێ خۆی دەکوژێت؟

ساکار زێڕین کە ڕێنماییکاری دەروونییە، لەبارەی ئەو کەسانەی پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، دەڵێت: "ئەو کەسانەی هیوایان بەژیان نامێنێ، یان کێشەیەکیان هەیە و دەرچەیەک نابیننەوە بۆ دەربازبوون لە کێشەکە، خۆیان دەکوژن. یان ترسیان لە ئابڕووچوون هەیە، هەندێکجاریش دەربڕینی تووڕەییە. یان هەستکردنە بە بێدەسەڵاتی و لاوازی و ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەر". ساکار ڕێنمایی ئەو کەسانە دەکات و دەڵێت: "لە جیاتی ئەو بیرکردنەوە هەڵانە باشترە ڕاوێژ بە دەوروبەرتان بکەن، یان سەردانی پزیشکی دەروونی بکەن".



# لەسەر پڕکردنەوەی چاڵێک کوژرا



بکوژەکە جگە لە کوشتنی شێرزاد، برایەکی و برازایەکیشی بریندار کردووە

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو — هەولێر**

شێرزاد چاڵێکی لەبەردەم دووکانەکەی پڕ کردەوە، بەڵام پڕکردنەوەی چاڵەکە، هەڵکەندنی گۆڕی خۆیی بەدوادا هات، کاتێک بەهۆی پڕکردنەوەی چاڵەکەوە، دراوسێکەی تەقەی لێکرد و کوشتی.

ڕۆژی 2019/11/10 ، پیاوێکی تەمەن 31 ساڵ بەناوی شێرزاد حوسێن، دانیشتووی گەڕەکی ڕاپەڕینی شاری سۆران و باوکی سێ منداڵ، لەناو بازاڕی سۆران لە لایەن (ع) کە دووکاندارێکی دراوسێی بوو، کوژرا. برا و برازایەکیشی بریندار بوون.

موقەدەم شەماڵ دیواری، گوتەبێژی پۆلیسی سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەهۆی شەڕی نێوان دوو دووکاندار لە ناو بازاڕی سۆران ، هاووڵاتییەک بەناوی شێرزاد حوسێن لەلایەن دووکاندارێکی دراوسێی بە سێ گوللە کوژرا، دوو کەسی نزیکیشی بریندار بوون".

تەقەکەرەکە هەر دوای ڕووداوەکە خۆی ڕادەستی پۆلیس کردووە و ئیفادەی لێوەرگیراوە. موقەدەم شەماڵ دەڵێت: "بە قسەی تۆمەتبارەکە، چاڵێک لە بەردەم دووکانەکەی شێرزاد هەبووە، شێرزاد چاڵەکەی پڕکردووەتەوە، بەو هۆیەوە چڵکاوی دووکانەکان هاتووەتە بەردەمی دووکانی دراوسێکەی، داوای لە شێرزاد کردبوو چارەسەری ئەو چڵکاوە بکات کە بەهۆی پڕکردنەوەی چاڵەکەوە کۆببووەوە، بەڵام چاکی نەکرد، ئیدی ئەویش تووڕە بووە و تەقەی لێکردووە".

تەقەکەرەکە سێ گوللەی لە شێرزاد داوە، دوو گوللەی لە برازایەکی شێرزاد و گوللەیەکیشی لە برایەکی داوە. بەو هۆیەوە شێرزاد کوژراوە و برا و برازاکەشی بریندار بوون.

کەسوکاری شێرزاد داوا دەکەن (ع) بە هەمانشێوەی شێرزاد بکوژرێتەوە، یاخود پۆلیس ڕادەستی ئەوانی بکات و تۆڵەی خۆیانی لێ بستێننەوە.

هەڵگورد حاجی کە کوڕی خاڵی شێرزادە، گوتی: "چاڵێک لە نزیک دووکانەکەی شێرزاد هەبوو، شارەوانی پێشتر بە دووکاندارەکانی گوتبوو ئەگەر دەتوانن پڕی بکەنەوە، شێرزادیش لە چاکەی خۆی و لەسەر حیسابی خۆی چاڵەکەی پڕکردبووەوە. بەڵام دیارە بەهۆی چاککردنی چاڵەکە ئاو لە پێش دووکانی (ع) کۆبووەتەوە و لەسەر ئەمە بووەتە دەمەقاڵەیان".

بە گوتەی هەڵگورد، شێرزاد بەڵێنی بە (ع) دابوو کە شوێنەکە چاک بکات، بە جۆرێک ئاو لەبەردەم دووکانەکەی ئەو کۆنەبێتەوە "بەڵام (ع) چاوەڕێی نەکرد و شێرزادی کوشت".

شێرزاد دووکانی فرۆشتنی فەرشی هەبووە، وەکو ڕۆژانی پێشتر ئەو بەیانییە لەگەڵ خێزانەکەی نانی بەیانی دەخوات و دواتر دەچێت بۆ دووکانەکەی و لەوێ سەرقاڵی کاری خۆی دەبێ.

هەڵگورد دەڵێت: "شێرزاد پێش ئەوەی بکوژرێ تەلەفۆنی بۆ هاوژینەکەی کردبوو کە نیوەڕۆ دێتەوە بۆ نانخواردن. ئەوکاتەی ژن و منداڵەکانی چاوەڕێیان کردبوو نانی نیوەڕۆیان لەگەڵ بخوات، تەرمی شێرزاد لە نەخۆشخانە بوو".

هەڵگورد باسی دەقاڵییەکەی نێوان (ع) و شێرزاد دەکات و دەڵێت: "نزیکەی سەعات 11ی پێش نیوەڕۆ، (ع) دەچێتە لای شێرزاد و دەڵێت بەهۆی چاککردنی ئەو چاڵە ئاو لە پێش دووکانەکەم کۆبووەتەوە، ئیدی لەگەڵ شێرزاد دەبێ بە دەمەقاڵەیان، (ع) دەمانچەکەی دەردێنێ و سێ گوللە لە شێرزاد دەدات".

گوتیشی: "کاتێک ئەرسەلانی برای شێرزاد و برازاکەی دەچن شێرزاد هەڵگرنەوە، (ع) تەقە لەوانیش دەکات و برینداریان دەکات".

هەڵگورد دەڵێت ئەوان وەکو کەسوکاری شێرزاد بە هیچ جۆرێک لە خوێنەکەی خۆشنابن، چونکە پێیانوایە شێرزاد لە هیچ و خۆڕایی کوژراوە.

هۆشەنگ خدر کە شایەتحاڵێکی ڕووداوەکەیە، گوتی :"من لە نزیک دووکانی ئەوان بووم ، لە ناکاو شەڕ لە نێوان شێرزاد و (ع) دروست بوو. (ع) دەمانچەکەی دەرهێنا و تەقەی کرد، تەنیا ئەو چەکی پێبوو، بەتەنیا ئەو تەقەی کرد. شەڕەکەش لەسەر چاڵێک بوو کە شێرزاد پڕی کردبووەوە".

## مونیرە قازی محەممەد بۆ (رووداو):

# دەوڵەمەندەکانی سابلاغ ئامادە نەبوون پارەی پارێزەر بۆ قازی محەممەد بدەن


(فۆتۆ: رووداو)

نەنکم خەونی بینیبوو کە قازی محەممەد دەبێتە کەسێکی ناودار

لە حەوت کچەکەی پێشەوا قازی محەممەد، یەکێکە لەو چوار کچەی کە تاوەکو ئێستا لە ژیاندا ماون. مونیرە قازی محەممەد لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەرنامەی پەنجەمۆر کە شەوی هەینی لە کەناڵی (رووداو) بڵاودەکرێتەوە، دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی دامەزراندنی کۆماری مهاباد و لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێکانی. مونیرە پێیوایە باوکی میهرەبانترین باوک بووە، بەڵام کوردی لە منداڵەکانی خۆشتر ویستووە. بە گوتەی ئەو، هەندێ خەڵکی سابلاغ واژۆیان بۆ لە سێدارەدانی قازی کردووە، بەڵام ئەوان لەو خەڵکە خۆشبوون، چونکە پێیانوابووە خەڵک لە ترسان ئەو کارەی کردووە.

هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین
رووداو – سلێمانی

**رووداو: حەز دەکەم لە چیرۆکی دایکی قازییەوە دەستپێبکەین، دەڵێن ئەو لە منداڵییەوە هەستی کردووە قازی محەممەد دەبێتە کەسێکی دیار، ئەمە چۆن بووە؟**

**مونیرە قازی:** دایکی باوکم بەگزادە بووە، خانمێکی زۆر لایەق بووە، ناوی گەوهەر تاج خانم بووە. ئەوکاتەی باوکمی لەسکدا بووە، لە خەونیدا مانگ کەوتووەتە نێو کۆشی. خەونەکەی بۆ باپیرم گێڕاوەتەوە، ئەویش بۆ خەڵکی دیکەی گێڕاوەتەوە. گوتوویانە ئەوە کوڕی دەبێت و کوڕەکەشی بەنێوبانگ دەبێ.

باوکم حەزی نەدەکرد بە ئاغا و خان بانگی منداڵەکانی بکرێ

**رووداو: هەڵسوکەوتی ئەو وەکو باوکێک لەگەڵ ئێوە چۆن بوو؟**

**مونیرە قازی:** باوکێکی زۆر میهرەبان بوو بە هەموومان رادەگەیشت. بۆ نموونە من قژم درێژ بوو، بە شانەکردنی ناڕەحەت دەبووم. ئەو دەهات لەسەر سەرم رادەوەستا و دەیگوت مریشکێک هاتووە لە بەغدایە، یەکیش هاتووە لە بەسرایە، سەری کچی من دەکا رەعایە. وای دەکرد من مەشغوڵ بم و ناڕەحەت نەبم. فێری شیعری دەکردین، فێری زمانی ئینگلیزی دەکردین. هەموو بەیانیان بانگی دەکردین کەوچێک رۆن ماسی دەداینێ، پاشان شیرینی دەداینێ. رۆن ماسییەکە زۆر ناخۆش بوو، بەڵام لە خۆشی شیرینییەکە دەمانخوارد. باوەڕ ناکەم باوکێک هەبێ لە باوکی من میهرەبانتر، بەڵام باوکم کوردی لە ئێمە خۆشتردەویست. دایکم پێیگوت من چ لەو منداڵانە بکەم؟ گوتی من لەسەر منداڵی تۆ ئابڕووی خۆم نابەم. من بەڵێنم بە میللەتی خۆم داوە. لە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵیان دەبم.

**رووداو: ئەوکات قوتابخانەی کوڕان و کچان تێکەڵاو بوو؟**

**مونیرە قازی:** نەخێر جودا بوو، قوتابخانەی کوڕان سەیفی قازی باپیری ئاغاکەی من کردبیووە، قوتابخانەی کچانیش بابم هێنای بۆ مهاباد، چونکە باوکم رەئیسی فەرهەنگ و ئیدارەی سجیل بوو.

**رووداو: جەنابی پێشەوا پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانە چۆن بوو کە موسوڵمان نەبوون؟**

**مونیرە قازی:** ئەوان جەژنی تایبەتی خۆیان هەبوو، خواردنیان بۆ ئێمە دەنارد، جا دایکم کەسێکی وەسواس بوو، پاک و خاوێن بوو، دایکم دەیگوت مەیخۆن، باوکیشم دەیگوت تۆ چۆن دەڵێی مەیخۆن، ئەوانە زۆر زۆر لە ئێمە پاکترن. پیاوە ئاینییەکانیان زۆر دەهاتنە لای باوکم لە دادگا، زۆر رێزیان لێدەگرت.

باوکم حەوت زمانی دەزانی

**رووداو: باوکت بە چ جلوبەرگێکەوە دەچوو بۆ دادگا؟**

**مونیرە قازی:** هەر بە جلی مەلایەتییەوە، تەنیا رۆژی راگەیاندنی کۆماری کوردستان جلێکی کوردی رەنگی ئەرتەشی لەبەر کردبوو.

**رووداو: تۆ رۆژی راگەیاندنی کۆمارت لەبیرە؟**

**مونیرە قازی:** بەڵێ زۆرباش لەبیرمە، نێوەڕاستی زستان بوو. کەشوهەوا زۆر خۆشبوو، خەڵک هەڵدەپەڕین، دەهۆڵ و زوڕنایان لێدەدا. ئێمە لە قوتابخانە بووین، لەبەر ئەوەی کچی پێشەوا بووین، وەپێشیان دەداین، بەڵام باوکم زۆری پێناخۆش بوو لەگەڵ قوتابییەکانی دیکە جیاوازیمان پێ بکرێ.

**رووداو: ئەو رۆژەی جەنابی قازی چوو بۆ راگەیاندنی کۆمار، رۆژێکی ئاسایی بوو یان جیاواز؟**

**مونیرە قازی:** زۆر جیاواز بوو، بێ ئەندازە میوانمان هەبوو. پێشتریش بەردەوام میوانمان هەبوو، چونکە ئەوکاتی هوتێل بەو جۆرە نەبوو، بۆیە ئەوەی دەهاتە مهاباد رووی لە ماڵی ئێمە دەکرد. ماڵمان زۆر گەورە بوو، سێ کوچەی داگرتبوو.

**رووداو: لە کاتی راگەیاندنی کۆماری کوردستان، خەڵک لە باشووری کوردستانیش هاتبوون، ئەوانەت لە بیرە؟**

قاسملو بەهۆی کتێبخانەکەی باوکمەوە بوو بە دیموکرات

**مونیرە قازی:** بەڵێ، یەکێک لەوانە مستەفا خۆشناو بوو، چوار کچی هەبوو. کچە ناوەنجییەکەی هات لە پێش بابم شیعری خوێندەوە. باوکیشم دەمانچەیەکی بە دیاری پێدا.

**رووداو: چیت لە بیرە لەبارەی هاتنی بارزانییەکان؟**

**مونیرە قازی:** باوکم هەتا کەڵکی بەگزادان بۆ پێشوازی مەلا مستەفا چووبوو. تەواوی ئەوانەی هاتبوون ماڵیان بۆ دابین کردن. دوو ماڵی بارزانی لە نێو ماڵی ئێمەدا بوون. بیرمە خانمەکە نێوی خەدیج بوو، گوتی بریا پێڵاوی پێشەوام لەپێ بووایە، بچوومایە رووبار ئاو بێنم. عیسمەت خانم کە خوشکی گەورەم بوو، بە بابمی گوت، باوکم پێڵاوەکانی خۆی داکەند و گوتی بۆی ببەن. هەموو کەس بە هاتنی ئەوان خۆشحاڵ بوو.

**رووداو: پەیوەندی پێشەوا لەگەڵ دراوسێکانی چۆن بوو؟**

**مونیرە قازی:** شەوان لە گەڕەک منداڵان یاری میر میرانێیان دەکرد، میر داوای هەر کەسێکی بکردایە دەبوو بۆی بێنن. شەوێک میر داوای کردبوو، قازی محەممەدی بۆ بێنن، منداڵەکانیش هاتبوون بە باوکمیان گوتبوو: میر داوای تۆ دەکات، باوکیشم لەگەڵ منداڵەکان چوو بۆ ئەوەی بزانێ میر چی دەوێت، باوکم ئاوا بوو لەگەڵ خەڵکی گەڕەکێ.

**رووداو: بۆچی بە عەلی قازیی برات دەڵێن کوڕی رەش؟**

**مونیرە قازی:** بە ناوی باپیرم کراوەتەوە. جا عادەت وابوو هەر کەسێک بەناوی کەسێکی دیکە بکرابایەوە ناوێکی دیکەیان پێدەگوت. کوڕی من بەناوی محەممەد سەید خان کرابوو. پێماندەگوت ئاغا، بەڵام باوکم دژی ئەوە بوو بە ئاغا و خان بانگی منداڵەکان بکرێ، دەیگوت هەمووماں وەکو یەکین، دەبێ ناوی یەکدی بڵێین. جا کاکم لەبەر ئەوەی چاو و برۆی رەش بوو، پێیاندەگوت کوڕی رەش.

**رووداو: جەنابی پێشەوا زۆرتر حەزی لە چ خواردنێک بوو؟**

**مونیرە قازی:** یەک سفرەمان رادەخست هەموو خزمەکان لەدەوری دادەنیشتین، باوکم هەمیشە پارێزی هەبوو، پێی خۆش نەبوو قەڵەو بێ، زۆرتر مرەبای ئاڵوباڵووی دەخوارد. ژنێکمان لابوو خان زێڕین، نانکەر بوو، منداڵێکی بچووکی هەبوو، باوکم دەیبردە لای خۆی و پێیدەگوت جەعفەر وەرە لەگەڵ من نان بخۆ. بابم زۆر پارێزی دەکرد، هەتا نانی بەیانیانی نەدەخوارد.

**رووداو: پێشەوا لەگەڵ عیبادەت چۆن بوو؟**

**مونیرە قازی:** نوێژەکانی بەرێکوپێکی دەکرد، بەڵام بە کەسی نەدەگوت نوێژ بکە. هەموو کەس ئازاد بوو. بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستا و وەرزشی دەکرد.

دایکم لەو کەسانە خۆشبوو کە واژۆیان بۆ لەسێدارەدانی قازی کردبوو

**رووداو: کە بوو بە سەرۆک کۆمار هەڵسوکەوتی گۆڕابوو؟**

**مونیرە قازی:** نەخێر. لە جاران میهرەبانتر بوو. دەیگوت من ئێستا بەرپرسیارێتیم زیاترە. ئێستا دەبێ زۆرتر ئاگام لە خەڵکی بێ. سێڵاو هاتووە بە ئەسپی خۆی خەڵکی رزگار کردووە. هەمیشە کاری هەبوو، هەمیشە لەگەڵ خەڵک بوو.

**رووداو: قازی لەگەڵ خوێندنەوە و نووسین چۆن بوو؟**

**مونیرە قازی:** بابم کتێبخانەیەکی زۆر گەورەی هەبوو، کاک سەلاحی ئاشتی هات، کاکم گوتی کتێبخانەکەی بدەنێ بۆ کاک مەسعود. بابم بەردەوام کتێبی دەخوێندەوە. لە ئەمریکاوە گۆڤاری بۆ دەهات. دایکم هەموو ساڵێک کتێبەکانی پاک دەکردەوە، جا دیار بوو هەندێک لە کتێبەکانی تەواو نەکردبوو، لەو شوێنەی راوەستابوو کاغەزی لەنێو دانابوو. یەک دەقیقەش کتێبی لە خۆی دوور نەدەکردەوە.

**رووداو: جەنابی پێشەوا بە چەند زمان قسەی دەکرد و دەینووسی؟**

**مونیرە قازی:** حەوت زمانی دەزانی. رووسی و ئینگلیزی و فەرەنسی وەکو زمانی دایکی دەزانی.

**رووداو: پرس و رای بە دایکت دەکرد؟**

**مونیرە قازی:** بەڵێ بەڵێ زۆریش، من هەمیشە بە کوڕەکەم دەڵێم بابم هەموو پرس و رایەکی بە دایکم بوو، دایکم ژنێکی زۆر عاقڵ بوو. دایکم حیزبێکی تایبەت بە ژنانی دامەزراندبوو بە ناوی حیزبی یایان.

**رووداو: ئەو حیزبە بەربڵاو بوو یان هەر لەنێوخۆدا بوو؟**

**مونیرە قازی :** نەخێر تەواوی خانمی مەلاکان لەگەڵی بوون. ژنە دەوڵەمەندەکانی سابلاغێ بوون. رۆژێک گوتبوویان پێشمەرگە کەموکوڕیی هەیە، دایکم گوارەکانی لە گوێی کردبووەوە، ژنەکانی دیکەش چاویان لەو کردبوو، زێڕەکانی خۆیان دانابوو.

**رووداو: باوکت زۆرتر سەفەری کوێی دەکرد؟**

**مونیرە قازی:** زۆرتر دەچوو بۆ تاران و باکۆ، هەتا جارێک لە باکۆ لەگەڵ کاربەدەستانی ئەوێ کۆبووەوە، لەوێ گوتبوویان دەبێ مهاباد ببێتە بەشێک لە ئازەربایجان، بابیشم لەوێ دەستی بە مێزەکەدا کێشابوو، گوتبووی ئێمە ئەگەر خزمەت بکەین، خزمەتی برا گەورە (تاران) دەکەین، بە خوشکی بچکۆلەی ناکەین. ئێمەی کورد دەبێ سەربەخۆ بین.

**رووداو: لە ماوەی تەمەنی کۆماردا زۆرجار وەفدی ئێرانی دەهاتن...**

**مونیرە قازی:** نەدەهاتن، کاتێک شەڕی سەقز بوو کە مەلا مستەفا و حەمە حوسێن خان لەو شەڕەدا بوون، دیلیان گرتبوون، زۆر کەس دەیانگوت تەماشا ئەو ئەسیرانە چۆن بەخێو دەکەن. بابیشم دەیگوت ئەوانە ئەسیرن دەبێ بە چاوی برا تەماشایان بکەین. دەڵێن سەرهەنگ هومایون جارێک خۆی کردبوو بە قەندفرۆش هاتبوو بۆ ماڵی بابم. کە ئەرتەشیش گەڕایەوە لە رێگا دەستیان بە کوشتنی خەڵک کردبوو، دەڵێن 28 هەزار کەسیان کوشتبوو، باوکم بەرەو پیریان چووبوو بۆ ئەوەی چیدی خەڵک نەکوژن. پاشان بابم و ئەوان گیران و لە ماڵێک دانران پێش ئەوەی بیانبەنە سەربازخانە.

**رووداو: چەند لە زیندان مانەوە؟**

**مونیرە قازی:** نزیکەی چوار مانگ لە زیندان بوون.

**رووداو: دەچوون بۆ لایان؟**

**مونیرە قازی:** نەیاندەهێشت، ئەفسەر و سەربازەکان لەگەڵ بابم نانیان دەخوارد، پیاوەکان دەهاتن نانیان بۆ دەبردن. بەشی سەربازەکانیان بۆ جێدەهێشتن و بەشی بابیشمیان دەبردە ژوورێ. جارێکیان من چووم بۆ لای بابم، ئەو هێندە میهرەبان بوو، لەسەر زەوی خۆی درێژ کردبوو لە ژێر دەرگا تەماشای منی دەکرد، پاسەوانەکە کە ناوی سولۆجو بوو، سکی پێ سووتابوو، منی ئێزن دا بۆ لای.

**رووداو: چەند لای باوکت مایەوە، هیچی پێنەگوتی؟**

**مونیرە قازی :** هەر 10 دەقیقەیەک مامەوە. پێیگوتم بە دایکت بڵێ با قژت بۆ چاک بکات. عیفەت خانی خوشکم لە من گەورەتر بوو، قژی لوول بوو، هەواڵی رادیۆی دەنووسییەوە و دەنێو قژی خۆی دەنا بۆ باوکم و ئەوانی دەبرد.

**رووداو: لە زیندان کێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرد؟**

**مونیرە قازی:** لە تارانەوە هاتبوون. لێکۆڵەری شا هاتبوو. کە قسەی بە ئاڵای کوردستان و کورد گوتبوو، باوکم هەستابووەوە بە کورسی لێیدابوو. محامییەکەی کەسێک بوو بەناوی سەروان شەریفی، ژنەکەی عەجەم بوو، هێندە سەرسام بوو بە بابم، لە داخان جلی ئەفسەری داکەند و ژنی کوردی هێنا و وازی لە ئەرتەش هێنا.

باوکم قوتابخانەی کچانی لە سابلاغ کردەوە

**رووداو: ئەی هەڵوێستی وەزیر و خەڵکی سابلاغ چۆن بوو، هەوڵی ئازادکردنیان نەدا؟**

**مونیرە قازی:** نەخێر، هەتا دایکم دەیگوت کچم ئێمە ئەو خەڵکەمان بەخشیوە کە واژۆیان کردبوو قازی لە سێدارە بدرێ. جا نازانم لە ترسان بووە یان لە حەسوودیان، تەنیا یەک دوو نەفەر ئیمزایان نەکردبوو، گوتبوویان ئێمە بێ ئیمان دەبین چۆن شتی وا دەکەین.

کتێبخانەکەی باوکم پێشکەش بە کاک مەسعود کراوە

**رووداو: وەرەیان چۆن بوو لە زیندان؟**

**مونیرە قازی :** زۆر شاد بوو، کە ئێمەی دەدیت زۆر خۆشحاڵ دەبوو، ئێمەی لەسەر کۆشی خۆی دادەنا.

**رووداو: هەندێک پارە لە ماڵەکەتاندا هەبووە دایکت پارەکە دەداتە مەلا مستەفا، ئەمە چۆن بووە؟**

**مونیرە قازی :** کە بارزانییەکان رۆیشتن نانیان بۆ کردن. کوپە پەنیریان بۆ خستنە نێو نانەکە. مەلا مستەفا زۆر کەیفی پێهاتبوو. گوتبووی دەچم دوعاخوازی لە میناخانم دەکەم. کاتێک هاتبوو زۆر سوپاسی دایکمی کردبوو، گوتبووی چۆنت زانی ئێمە پێویستیمان بە پێخۆرە، گوتی چۆن نازانم! ئێوە دەڕۆن و لە رێگاش کەس ناوێرێ یارمەتیتان بدات. جا من باشم لە بیرە دەستم لە پانتۆڵی مەلا مستەفا دەدا زۆرم پێ جوان بوو، مەلا مستەفا دەیگوت حەیف قازی محەممەد بە دەستی عەجەمۆکان لەسێدارە دەدرێ. ئەوکاتی 300 تمەنمان لە ماڵێدا بوو دایکم بە پوورمی گوت ئەو پوولەش ببە خزمەتی مەلا مستەفا. پوولمان دەماڵێدا نەمابوو، دایکم کاتێک چوو پارێزەر بۆ باوکم بگرێ، لە دەرگای ماڵی چەند دەوڵەمەندێکی مهابادی دا، کەس یارمەتی نەدابوو، پێیانگوتبوو ئاگر لە ماڵێمان بەرمەدە. ئیدی پەنای بۆ جووەکان بردبوو، چوو بۆ لای دادە نیسان زێڕەکەی خۆی لەلای دانابوو و 7000 تمەنی لێ وەرگرتبوو بۆ پارێزەر. بەڵام دوای شەهیدکردنی باوکم خەڵک زۆر یارمەتیدان، بە تایبەتی گەنجەکان هەموو ئیشێکیان بۆ دەکردین.

هەموو شتەکانی باوکم ماون و داوا دەکەم مۆزەخانەیەکی بۆ بکرێتەوە

**رووداو: دواینجار مەلا مستەفا و قازی محەممەد کە یەکدییان بینی چییان گوت؟**

**مونیرە قازی:** هەر ئەوەی کە مەلا مستەفا باسی کردووە و دەڵێت زۆر داوای لە پێشەوا کردووە وەرە برۆین، بەڵام ئەو گوتبووی میللەتی خۆم جێناهێڵم.

**رووداو: رۆژی لەسێدارەدانی قازی محەممەد، چۆنتان زانی و خەڵک چی دەکرد؟**

**مونیرە قازی:** پیاوێک لە ماڵەکەمان ئیشی دەکرد ناوی هاشم بوو، پارێزەری باوکم گوتی هاشم ئەو منداڵانە ببە ماڵی نەنکیان (دایکی دایکم) کە ماڵەکەیان بەسەر گۆڕەپانی چوارچرادا دەیڕوانی، بەڵام نەنکم دوو لە منداڵەکانی ناردنەوە و گوتی با تەنیا مونیرە لێرە بێ، بینیم لە مەیدانی چوارچرا دارەکانیان دادەکوتا. من نەمدەزانی چییە، بەڵام نەنکم لە خۆی دەدا و دەیگوت بۆ ئاغایان نەبێ. پاشان سەربازەکان هاتن پاڵیان بە نەنکم و خاڵمەوە نا. گوێم لە دەنگی باوکم بوو. هەر ئەوەندەم لەبیرە گوتی ئەوڕۆ قازی محەممەدێکی دەکوژن بەیانی هەزاران قازی لە دایک دەبن. دووجار تەنافی پساندبوو، هەردوو جارەکە لە چەند ئەفسەرێکی دابوو. دونیا بۆ ئێمە دەگریا.

دایکم حیزبێکی ژنانی دامەزراندبوو بە ناوی یایان

**رووداو: تا چەند تەرمەکان لەوێ مانەوە؟**

**مونیرە قازی :** زوو بردیانن بۆ مزگەوت و پاشانیش بۆ سەر قەبران.

**رووداو: خەڵک لەگەڵیان چوون بۆ گۆڕستان؟**

**مونیرە قازی:** بەڵێ، بەتایبەتی خەڵکی فەقیر. دەوڵەمەندەکان زۆر دەترسان.

**رووداو: چ شتێکی پێشەوا ماوە لەلای ئێوە لە مۆزەخانە بپارێزرێ؟**

**مونیرە قازی:** جلەکانی، هێرۆخان داوای کرد و لە مۆزەخانە داینا. دایکم هەموو شتەکانی هەڵگرتبوو، هەموو شتەکانی ماون، بەڵکو مۆزەخانەیەکی گەورەی بۆ بکرێتەوە و لێی دابنێین.

**رووداو: هیچ دەستنووسی هەبوو؟**

دایکم شەش مانگ قاسلموی لە ماڵێ شاردەوە

**مونیرە قازی:** بەڵێ زۆری هەبوو، سێ نمایشنامەی نووسیبوو. د.قاسملو وەریگرت. دایکم شەش مانگ قاسلموی لە ماڵەوە شاردەوە. هاتن بیگرن دایکم کارێکی پێکردن هەر خواخوایان بوو برۆن. بۆ خۆشی لە یادەوەرییەکانیدا نووسیویەتی من تووەدەیی بووم، لە کتێبخانەکەی پێشەوا بووم بە دیموکرات.



# ئایا نێرگەلە هێندەی جگەرە زیانی هەیە؟

**ڕووداو- مێدیکاڵ نیوزتودەی**

کێشانی نێرگەلە لەنێو گەنجان شتێکی بەربڵاوە، جا لە ماڵەوە بێت یان لە کافتریا و ڕێستۆرانتەکان. بەشێکیان جگەرەناکێشن، بەڵام بە کێشانی نێرگەلە قەرەبووی دەکەنەوە، نێرگەلە بە تام و شێوازی جیاواز بەردەستە، بەشێکی پزیشکانیش پێیانوایە هەر ئەو تامەیە کە وادەکات گەنجان پێیەوە ئاڵوودەبن.

مێژووی کێشانی نێرگەلە دەگەڕێتەوە بۆ هیند و فارسەکان. زۆربەی ئەوانەی نێرگەلە دەکێشن، پێیانوایە هیچ زیانێکی ئەوتۆی نییە بەراورد بە جگەرە، بەڵام ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە، چونکە زیانەکانی نێرگەلە ئەگەر زیاتر نەبن کەمتر نین لە زیانەکانی جگەرە. ئەوانەی نێرگەلە دەکێشن، چەندین مادده و گازی مەترسیدار هەڵدەمژن، لەوانەش گازی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن، کە ئەمەش ڕێ لە هەڵمژینی ئۆکسجین لە سییەکانەوە بۆ خوێن دەگرێ.

بەگوێرەی سەنتەری کۆنترۆڵکردن و پێشگیریکردن لە نەخۆشییەکان لە ئەمریکا، نێرگەلەکێشان هەمان زیانی جگەرەی ئاسایی هەیە، چونکە لە جگەرەی ئاساییدا نیکۆتین هەیە کە ئاڵوودەکەرە و لە نێرگەلەشدا کاتێک خەڵووزەکە دەسووتێت لەگەڵ تووتنەکە کارلێک دەکات، ئەو ماددانەی دروستدەبن دەبنە هۆی ئاڵوودەبوون.

سەنتەرە ئەمریکییەکە دەڵێت نێرگەلەکێشان بڕی ئەو نیکۆتینەی دەخاتە نێو جەستە، دووهێندە زیاترە بەراورد بەو بڕەی لەڕێگەی جگەرەکێشانەوە دەچێتە جەستەی مرۆڤ.

### دیارترین زیانەکانی نێرگەلەکێشان بریتین لە:

- هەوکردنی بۆرییەکانی هەوا.
- تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و جەڵتەی دڵ.
- مەترسیی شێرپەنجەی دەم، قوڕگ و سییەکان زیاد دەکات.
- کەمبوونەوەی ئۆکسجین و پیربوونی پێست.
- تووشبوون بە هەوکردن زیاتر دەبێت.

# ئەنتیتۆباکۆ دەستپێدەکاتەوە



# 7000 کەس دەیانەوێ واز لە جگەرەکێشان بهێنن

**ڕووداو- هەولێر**

دیسکی تەندروستیی تۆڕی میدیایی ڕووداو پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆ ڕادەگەیێنێت و خەڵاتی ئەمساڵی پرۆژەکەش ئۆتۆمبێلێکە. ئەوانەشی بۆ وازهێنان پێویستیان بە چارەسەری پزیشکییە، چارەسەریان دەدرێتێ.

سێیەمین ساڵە لەدوای یەک دیسکی تەندروستیی تۆڕی میدیایی ڕووداو پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆ بۆ وازهێنان لە جگەرە و نێرگەلە ڕادەگەیێنێت و هاووڵاتیان دەتوانن ناوی خۆیان لە پرۆژەکە تۆمار بکەن.

دکتۆر ئاراس برادۆستی، بەرپرسی دیسکی تەندروستی لەوبارەوە دەڵێت، لە ساڵی یەکەم و دووەمدا نزیکەی 12 هەزار و 500 کەس ناوی خۆیان لە پرۆژەکە بۆ وازهێنان لە جگەرە و نێرگەلە کێشان تۆمار کردبوو، ئەمساڵیش نزیکەی 7000 کەس ناوی خۆیان تۆمار کردووە.

کەمپەینی ئەنتیتۆباکۆی ئەمساڵ بە سپۆنسەریی کۆرەک تیلیکۆم بەڕێوەدەچێت. ئاراز ئازاد، نوێنەری کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆم دەڵێت، کۆرەک تیلیکۆم هەمیشە ئامادەیە بۆ سپۆنسەرکردنی هەموو ئەو پرۆژانەی لە خزمەت هاووڵاتیانن، کەمپەینی ئەنتیتۆباکۆی تۆڕی میدیایی ڕووداویش دەستپێشخەرییەکی بەهێزە و یەکێکە لەو پرۆژانەی خزمەتێکی گەورە بە تەندروستی هاووڵاتیان دەکات.

جیاوازیی ئەمساڵی پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆ لەگەڵ ساڵانی دیکە ئەوەیە ئەمساڵ کلینیکی ئەنتیتۆباکۆ دەکرێتەوە کە تێیدا هەموو ئەوانەی بەشداریی پرۆژەکە دەکەن، بۆ وازهێنان لە جگەرەکێشان و نێرگەلە دەتوانن لە کلینیکەکە لەژێر چاودێریی تیمێکی پزیشکیی ڕاهێنراو چارەسەر وەربگرن، تیمە پزیشکییە ڕاهێنراوەکە لەلایەن دوو پزیشک سەرپەرشتی دەکرێن کە یەکێکیان پزیشکی پسپۆڕی وردی سییەکان و ئەوی دیکەشیان پزیشکێکی پسپۆڕی شارەزایە لە پرۆگرامی وازهێنان لە جگەرەکێشان.

ئەو کەسانەی دەیانەوێت واز لە جگەرە و نێرگەلە بهێنن و بەشداری پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆ بکەن، دەتوانن ناویان لە پۆرتاڵی ڕووداو (Rudaw.net) تۆمار بکەن، کاتێک پۆرتاڵی ڕووداو دەکەیتەوە لەلای ڕاست و لە خوارەوە بانەری پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆ دانراوە، بە کلیککردن لەسەری فۆرمەکە دەکرێتەوە و زانیارییەکانت وەک ناوی سیانی، تەمەن، شوێنی نیشتەجێبوون، باری خێزانی، جۆر و ماوەی جگەرەکێشان تۆمار دەکەی، دوای پڕکردنەوەی فۆرمەکە و ناردنی بۆ تیمی سەرپەرشتیاری پرۆژەکە، بە تەلەفۆن پەیوەندیت پێوە دەکرێتەوە.

دوای ئەنجامدانی پشکنین بۆ بەشداربووانی پرۆژەکە، ئەو کەسەی دەبێتە براوەی پرۆژەی ئەمساڵی ئەنتیتۆباکۆ ئۆتۆمبێلێکی بەرزی سفر کیلۆمەتر بە دیاری وەردەگرێ.

# چەند ڕاستییەک لەبارەی ڕیخۆڵە کوێرە

**ڕووداو- هەولێر**

زۆرجار وا ڕوویداوە کەسێکی نزیکمان بەشی خوارەوەی لای ڕاستی سکی تووشی ژان بووە و بە پەلە گەیەنراوەتە نەخۆشخانە و نەشتەرگەری بۆ کراوە. زۆربەی جار کەسەکە تووشی ڕیخۆڵە کوێرە بووە. لێرەدا چەند ڕاستییەک لەبارەی ڕیخۆڵە کوێرە دەخەینەڕوو.

### - بۆرییەکی لوولەییە:

ڕیخۆڵەکوێرە بۆرییەکی لوولەییە و 8-10 سانتیمەتر درێژە، دەکەوێتە لای ڕاستی خوارەوەی سک.

### - 40 هەزار کەس تووش دەبن:

ساڵانە لە وڵاتێکی وەک ئینگلتەرا نزیکەی 40 هەزار کەس بەهۆی ئازاری ڕیخۆڵە کوێرە سەردانی نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن دەکەن.

### - گەنجان زۆرتر تووشدەبن:

گەنجان زۆرتر تووشدەبن و زۆربەیان تەمەنیان لەنێوان 15-25 ساڵییە.

### - مەترسیی مردن کەمە:

مەترسیی مردن بەهۆی ڕیخۆڵە کوێرەوە کەمە، بەڵام ڕیخۆڵە کوێرە بتەقێت، مەترسییەکە 10 هێندە زیاد دەکات.

### - چارەسەر نەکرێ، دەتەقێ:

30%ی حاڵەتەکانی ڕیخۆڵە کوێرە بەهۆی دواکەوتنی دەستنیشانکردن یان لە ماڵەوە دەتەقن.

### - نیشانەکانی تووشبوون:

نیوەی تووشبووانی ڕیخۆڵە کوێرە نیشانە زانستییەکانیان دەبێت کە لەکاتی دەستنیشانکردن پێویستن.

### - دوو نیشانەی سەرەکی:

نیشانەی سەرەکیی تووشبوون بە ڕیخۆڵە کوێرە بریتییە لە ئازاری توند لە لای ڕاستی سک، دواتر لەگەڵیدا بەرزبوونەوەی ڕێژەی خڕۆکە سپییەکان لە خوێندا.

### - نەشتەرگەرییەکە فریاکەوتنە:

لەکاتی هەستکردن بە نیشانەکانی ڕیخۆڵە کوێرە، نابێت پشکنینی زۆرتر و کاتکوژ بکرێ کە نەشتەرگەری دوابخات، دەبێت بەخێرایی نەشتەرگەرییەکە بکرێ. نەشتەرگەرییەکە دەبێت بەشێوەیەکی فریاگوزاری بکرێت.

### - پشکنینی CT سکان باشترینە:

سۆنار ڕۆڵی هەیە لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە، بەڵام پشکنینی CT سکان باشترین بژاردەیە بۆ دەستنیشانکردن بە بەراورد بە سۆنار.

### - دەبێت ئازاری لابدرێت:

پێشتر وا باو بوو کە نابێت تووشبووانی ڕیخۆڵە کوێرە دەرمان وەربگرن بۆ نەهێشتنی ئازار، بەڵام بەهیچ شێوەیەک نابێت ئازارشکێن دوابخرێت و دەبێت نەخۆشەکە ئازاری نەمێنێ.

### - چارەسەری ڕیخۆڵەکوێرە:

چارەسەری ڕیخۆڵەکوێرە لەڕێگەی نەشتەرگەری دەکرێت، بەڵام ئێستا ڕێگەی کرانەوە کەمبووەتەوە و ڕێگەی نەشتەرگەری بە هەناوبین (نازوور) دەکرێت کە ڕێگەیەکی سەلامەتترە، نەخۆش کەمتر لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە و برینەکەی بچووکترە و زووتریش چاک دەبێتەوە.



# 5 ڕێگە بۆ کەمکردنەوەی هەوکردن

**ڕووداو- ڤێری وێڵ**

لەم وەرزی پایزەدا هەوکردنەکان بەربڵاوترن بەتایبەت هەوکردنە ڤایرۆسییەکان، هەندێک لەو هەوکردنانە دەتوانرێت لەڕێگەی کوتانەوە ڕێگەیان لێبگیرێت، بەڵام هەندێکیان تاوەکو ئێستاش کوتانیان بۆ دروستنەکراوە، بۆیە باشتر وایە بە چەند ڕێگەیەکی سادە و کاریگەر مەترسیی تووشبوونت پێیان کەمبکەیتەوە:

### 1 دەستشۆردن:



زیندەوەرە وردە زیانبەخشەکان لە هەموو شوێنێک هەن، هەندێکیان بۆ ماوەیەکی کورت و هەندێکیشیان بۆ ماوەیەکی درێژتر لەسەر دەستەکانت دەمێننەوە، بۆیە دەستشۆردنی بەردەوام و دروست ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ ئەوەی نەهێڵیت ئەو زیندەوەرە زیانبەخشانە نەخۆشت بخەن، دەستشۆردن دەبێت لانیکەم 20 چرکە بخایەنێت و بە ئاوێکی شلەتێن و سابوون هەموو ڕوویەکی دەست بشۆرێت.

### 2 لەکاتی پژمین لووت داپۆشە



کاتێک کەسێک دەپژمێت یان دەکۆکێت زیندەوەرە وردەکان بە هەوادا بڵاودەبنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی نەخۆشخستنی کەسی بەرامبەر، بۆیە پێویستە لەکاتی پژمین و کۆکەدا دەم و لووتت بە پەڕۆ یان کلینێکس داپۆشی.

### 3 کوتان:



کوتان ڕێگەیەکی کاریگەرە لە کەمکردنەوەی مەترسیی تووشبوونت بە هەوکردن، بۆ نموونە کوتان دژی نەخۆشیی هەوکردنی ڤایرۆسی جگەری جۆری B و ئەنفلەوەنزا کە لەم وەرزەدا بەربڵاون.

### 4 سێکسی سەلامەت:



ئەگەر لە تەندروستیی ئەو کەسە دڵنیانیت باشتر وایە لە کرداری جووتبوون لەگەڵی دووربیت، هەروەها هەوڵبدە لەماوەی تووشبوون بە هەوکردن کۆندۆم بەکاربهێنی، چونکە بەم ڕێگەیە مەترسیی تووشبوونت بە هەوکردنە سێکسییە گوازراوەکان کەمدەکاتەوە.

### 5 کە نەخۆش بووی مەیە دەرەوە:



ئەو کەسانەی تووشی هەوکردن دەبن، پێویستە تاوەکو باشتربوونی حاڵەتەکەیان لە ماڵەوە بمێننەوە، چونکە بەشێکی زۆری ئەو هەوکردنانە کە ڤایرۆسین، هیچ چارەسەرێکی ئەوتۆیان نییە جگە لە پشوودان نەبێت، بۆیە بەم ڕێگەیە هەم خۆت تەندروست دەبیت، هەمیش مەترسیی گواستنەوەی نەخۆشییەکە بۆ دەوروبەرت کەمتر دەبێتەوە.



# ڕووسیا پاش سووریا، شەڕی نێوخۆی لیبیا یەکلایی دەکاتەوە

ڕووداو- هەولێر

جاران قوربانیانی شەڕ بە برینی گەورە و ئەندامی پەڕیووەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی جەنگیی عەزیزییە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تەرابلوس دەکران، بەڵام ستافی نەخۆشخانەکە لە چەند هەفتەی ڕابردوودا دیاردەیەکی نوێیان بەدیکردووە: سەری قوربانییەکان کونێکی بچووکی تێدایە کە چەکدارانی لیبیایی بە کاری قەنناسە ڕووسەکانی دەزانن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی، لە شەش هەفتەی ڕابردوودا قەنناسەکان وەک بەشێک لە 200 بۆ 300 چەکداری ڕووسی ڕوویان لە لیبیا کردووە و پشتگیری لە هەڵمەتەکەی خەلیفە حەفتەر، سەرۆکی سوپای نیشتمانیی لیبیا، بۆ ڕووخاندنی حکومەتی ویفاقی نیشتمانی دەکات.

ماوەی چوار ساڵە ڕووسیا لەڕووی دارایی و تەکتیکییەوە پشتیوانی حەفتەر دەکات، بەڵام پێدەچێ ئەمجارە بە نیاز بێ بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی لە ململانێی لیبیادا هەبێ، بۆیە فڕۆکەی جەنگیی سوخۆی ڕەوانە کردووە، هێرشی مووشەکی و تۆپخانەکان ڕێکدەخات، لە ئەنجوومەنی ئاسایشیش بە چەکی ڤیتۆ پشتگیری لە هاوبەشەکەی لە لیبیا دەکات. فەتحی باشاغا، وەزیری نێوخۆی حکومەتی ویفاق، بە نیویۆرک تایمز دەڵێ: "ئەمە ڕێک وەک ئەوەی سووریایە".

بەشداری ڕاستەوخۆی ڕووسیا لە قەیرانی لیبیا لە کاتێکدایە کە مۆسکۆ دەیەوێ هەژموونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا فراوان بکات. هێزی ئاسمانی و ڕاوێژکارە سەربازییەکانی ڕووسیا لە ئەیلوولی 2015 وە لە شەڕی نێوخۆی سووریادا بەشدارن و لە چوار ساڵی ڕابردوودا یارییەکەیان لە قازانجی هێزەکانی ڕژێمی سووریا گۆڕیوە.

هێزەکانی سەر بە حەفتەر بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی لیبیا جێگیرن و لەلایەن ئیمارات، میسر، سعودیە و هەندێکجار فەرەنساوە پشتگیری لێدەکرێ. ئەو وڵاتانە پێیانوایە حەفتەر باشترین بەربەستە لەبەردەم ئەو گروپانەی لایەنگری ئیسلامی سیاسین و لە درێژخایەنیشدا دەتوانێ نەزم بۆ دۆخی شڵەقاوی لیبیا بگەڕێنێتەوە.

حەفتەر ماوەی پێنج ساڵە لەدژی هاوپەیمانێتیی گروپە چەکدارەکانی ڕۆژئاوای لیبیا شەڕ دەکات. حکومەتی تەرابلوس لە 2015 بە پشتگیریی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەمریکا و زلهێزەکانی دیکەی ڕۆژئاوا دامەزرا. ئێستا تورکیا و قەتەر پشتیوانی سەرەکیی ئەو گروپانەن، هەرچەند ئیتاڵیا و ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەورووپی پشتگیری لە حکومەتەکەی تەرابلوس دەکەن.

ئوسامە جویلی، فەرماندەیەکی باڵای هێزەکانی حکومەت، بە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە: "هاتنی ڕووسیا ڕەوشی مەیدانی شەڕی گۆڕیوە. وجوودی ئەو وڵاتە شتەکانی لە ئێمە ئاڵۆز کردووە".

سێ بەرپرسی باڵای حکومەتی لیبیا و پێنج دیپلۆماتی ڕۆژئاوایی ئاگادار لە قەیرانی لیبیا بۆ (نیویۆرک تایمز)یان ئاشکرا کردووە، قەنناسەکانی ڕووسیا سەر بە گروپی وارنەرن کە کۆمپانیایەکی ئەمنیی کەرتی تایبەتە و پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ کریملین هەیە. چەکدارانی وارنەر پێشتر لە شەڕی سووریا و ئۆکرایناش دەرکەوتوون.

ڕووسیا بە بڕی چوار ملیار دۆلار گرێبەستی سەربازی و ئاوەدانکردنەوەی لەگەڵ حکومەتی موعەمەر قەزافی، سەرۆکی پێشووی لیبیادا هەبوو کە ساڵی 2011 لە دەسەڵات خرا و کوژرا. ڕێبێکا فارمەر، گوتەبێژی فەرماندەیی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفریقا، دەڵێ: "لێکدانەوەی ئابووری بەهێز لە پشت هاوکاریی ڕووسیا بۆ حەفتەر هەیە".

کاربەدەستێکی باڵای ڕۆژئاوایی دەڵێت ئەو چەکدارە ڕووسییانە پێشتر لە ڕۆژهەڵات و لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حەفتەر جێگیربوون، بەڵام ئێستا هێنراونەتە پێشەوە.

چەکدارە ڕووسەکان لە ئەیلوولی ئەمساڵەوە هاتوونەتە لیبیا، واتە شەش مانگ دوای ئەوەی حەفتەر لە ناکاو بڕیاری هێرش بۆ سەر تەرابلوسی دا. هێرشەکە ڕۆژێک دوای سەردانی ئەنتۆنی گوتێرێز، ئەمینداری گشتیی یوئێن بۆ تەرابلوس هات کە ئامانج لێی تەواوکردنی دوایین هەنگاوەکانی ڕێککەوتنی ئاشتی بوو.

بەگوێرەی داتاکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، لەو شەڕەدا 1000 کەس کوژراون کە 100 کەسیان هاووڵاتیی مەدەنین و زیاتر لە 120 هەزار کەسیش ئاوارە بوون. فەرمانەدەکانی حکومەتی تەرابلوس ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دوو لەسەر سێی کوژراوەکان بەهێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان کوژراون.

ڕووسیا لە شەڕی لیبیادا چاوی لەوەیە ئەو گرێبەستە زەبەلاحانەی کەرتی نەوت وەربگرێتەوە کە سەردەمانێک لەگەڵ حکومەتەکەی قەزافیدا هەیبووە. لیبیا لەو دۆخی شەڕەشدا ڕۆژانە 1.3 ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە دەکات، سنوورێکی ئاوی گەورەی لەگەڵ باشووری ئەورووپادا هەیە و بە دەرگایەکی سەرەکیی چوونی دەیان هەزار کۆچبەری ئەفریقی بۆ ئەورووپا دەزانرێ.



ڕووسیا چاوی لەوەیە ئەو گرێبەستە زەبەلاحانەی کەرتی نەوت وەربگرێتەوە کە لەگەڵ قەزافیدا هەیبووە

میلیشیاکانی هەردوو لایەنی شەڕەکە بە هەڕەمەکی و بە زێدەڕۆییەوە تەقە دەکەن. هەر ئەوەش وایکردووە چەکدارە ڕووسەکان لە میلیشیا لیبیاییەکان جیا بکرێنەوە. میلیشیایەکی سەر بە هێزەکانی حەفتەر دەڵێ: "ستایلی شەڕکردنیان جیاوازە لەو شتەی ئێمە لێی ڕاهاتووین، ئەوان بە شێوازێکی پرۆفیشناڵ شەڕ دەکەن". هێزە ڕووسییەکان ئەرکی مەشق و ڕاهێنانی هێزەکانی حەفتەریشیان گرتووەتە ئەستۆ.

بەرپرسانی حکومەتی تەرابلوس دەڵێن ڕووسیا هەفتە لە دوای هەفتە هێزەکانی لە لیبیا زیاتر دەکات. فەرماندەیەکی باڵای حکومەت بە (نیویۆرک تایمز) دەڵێ: "ڕوون و ئاشکرایە کە ڕووسیا بە هەموو هێزییەوە دێتە ناو ئەم شەڕەوە". لە کاتێکدا وڵاتانی ڕۆژئاوایی لایەنگری تەرابلوس دەستەوەستانن. ئەوە یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانە کە لە نێوان شەڕی نێوخۆی لیبیا و سووریادا هاوبەشە، واتە بێدەنگیی ڕۆژئاوا و بەشداریی سەربازیی ڕووسیا.

حەفتەر، تەمەن 75 ساڵ، فەرماندەیەکی پێشووی سوپای قەزافییە کە لە 1990 لەگەڵ 300 سەربازی لیبیایی لە ئەمریکا وەک پەنابەر وەرگیران. فەرماندە لیبیاییەکە لە 2011 گەڕایەوە لیبیا و بەنیاز بوو ڕۆڵێکی گەورە لە شۆڕشی لیبیادا بگێڕێ، بەڵام هەوڵەکەی شکستی هێنا.

ڕووسیا لە 2015 بنکەیەکی لە ڕۆژئاوای میسر دانا. ئامانج لەو بنکەیە پێدانی هاوکاریی تەکنیکی و چاککردنەوەی کەرەستە سەربازییەکانی هێزەکانی سەر بە حەفتەر بوو.

ئەمریکا بەشێوەیەکی فەرمی پشتگیری خۆی بۆ حکومەتی تەرابلوس ڕاگەیاندووە، بەڵام بە کردەوە هیچی بۆ پاراستنی ئەو حکومەتە نەکردووە، لەکاتێکدا دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، چەند ڕۆژێک دوای هەڵمەتە سەربازییەکەی حەفتەر بۆ سەر تەرابلوس، تەلەفۆنی بۆ فەرماندە لیبیاییەکە کرد و ستایشی ڕۆڵی حەفتەری لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کرد.

هێزەکانی ڕۆژهەڵات لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵی هێزی پیادەی ئەمریکایان بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش بینی، وەک چۆن هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا هەمان ڕۆڵیان گێڕا. محەممەد حەداد، فەرماندەیەکی چەکدارانی تەرابلوس دەڵێ: "بە بەرپرسانی ئەمریکام گوتووە کە ئێمە لەگەڵ ئێوە لە سرت شەڕی داعشمان کرد، بەڵام ئێستا هێزەکانی حەفتەر ڕۆژانە 10 جار بۆردومانمان دەکەن".

بەشداریی هێزی ئاسمانیی ڕووسیا لە شەڕی سووریا تەنیا پێگەی ڕژێمی بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریای بەهێز نەکرد، بەڵکو ڕووسیاشی کردووە بەو هێزەی کە هەموو هەوڵەکانی چارەسەری بەو وڵاتەدا تێپەڕن. دیپلۆماتە ڕۆژئاواییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕووسیا بەو هێزە کەمەشەوە قسەی خۆی هەیە لەو هەوڵانەی بۆ چارەسەری دۆخی لیبیا دەدرێن.

> وەزیری ناوخۆی حکومەتی ویفاق:
> ڕووسیا لە لیبیا هەمان ڕەفتاری لە سووریا دووبارە دەکاتەوە

## حکومەتەکانی کەنداو.. کۆمەڵە هۆزێکی خاوەن ئاڵا

# نهێنیی مانەوەی شێخەکانی کەنداو لە دەسەڵاتدا

ڕووداو- هەولێر

لە هەموو کۆنەشارەکانی کەنداودا، لەپاڵ بازاڕ، مزگەوت، بورج و کۆشک، لە نهۆمی دووەمی خانوویەکدا ژوورێکی درێژ و ڕازاوە هەیە کە بە "مەجلیس" یان "ژووری ئەنجوومەنی هۆز" ناسراوە. زۆربەی هۆزەکانی کەنداو، بە هەژار و دەوڵەمەندیانەوە، مەجلیسی تایبەت بەخۆیان هەیە. گۆڤاری (فۆرین ئەفەیرز)ی ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکدا باسی بایەخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەو مەجلیسانە دەکات.

زۆربەی شا و ئەمیرەکانی کەنداو هۆکاری خۆیان هەیە بۆ ئەوەی نیگەرانی دەسەڵاتی خۆیان بن، لەبەرئەوەی ئابووریی وڵاتەکەیان بەدەست گەندەڵییەکی بەرفراوانەوە دەناڵێنێ، نایەکسانییەکی زۆر لە نێوان دانیشتووانی ڕەسەن و کۆچبەراندا هەیە، بزووتنەوە ئیسلامییە نوێیەکان و سووڕانەوەی خێرای زانیارییەکان بە ئاسانی دەتوانێ ناسەقامگیری سیاسی دروستبکات.

لە ڕۆژانی سەرەتای "بەهاری عەرەبی"دا، زۆر شارەزا و چاودێری سیاسی پێیانوابوو ڕووخانی شانشین و ئیمارەتەکانی کەنداو ئەگەرێکی بەهێزە، بەڵام بەهاری عەرەبی هات و تێپەڕی و هیچکام لە وڵاتانی کەنداو نەڕووخان. گۆڤارە ئەمریکییەکە پێیوایە درێژبوونەوەی تەمەنی شانشینەکانی کەنداو تەنیا بۆ داهاتی نەوت، دەسەڵات یان کاریزمای هەندێک لە سەرکردەکانیان ناگەڕێتەوە، بەڵکو بەشی زۆری ئەو سەقامگیرییە سیاسییە لە مەجلیسەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ڕۆڵیان هەیە لە نێوەندگیریی نێوان هۆزەکان و دەوڵەتدا.

مێژووی ئەو مەجلیسانە بۆ قۆناغی پێش دەرکەوتنی ئیسلام دەگەڕێتەوە. ئەوکاتیش سەرۆکهۆز یان شێخ زوو زوو ئەندامانی سەرەکیی هۆزەکەی کۆدەکردەوە. ئەو سیستەمە هەتا ئێستاش ماوە و بناغەی پەیمانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکانی وڵاتانی کەنداوە. ڕاپۆرتەکە دەڵێت: "مەجلیس تۆخمی پێکەوە بەستنەوەی کۆمەڵگا و دەوڵەتە".

لە بیرکردنەوەی سیاسیی ڕۆژئاواییدا، کۆمەڵگای مەدەنی ئەو پێکهاتەیە لە ڕێکخراو و دامەزراوەکان کە بەهۆیەوە هاووڵاتیان خۆیان ڕێکدەخەن و بەرژەوەندییە گشتییەکانیان پێناسە دەکەن، زانکۆکان، سەندیکاکان، ڕێکخراوە ئایینییەکان و میدیا بەشێک لەو دامەزراوانە پێکدەهێنن کە لە دەرەوەی دامەزراوە حکومییەکاندا دەرگا بۆ بەشداریی سیاسیی خەڵک لە کایە سیاسییەکاندا دەکەنەوە.

بەڵام لە وڵاتانی کەنداو ئەوەی ڕێگە بۆ ئەو بەشدارییە خۆش دەکات "هاووڵاتیبوون نییە، بەڵکو لایەنگریتی خێڵەکییە"، بەجۆرێک زۆربەی جاران سیاسەت لە مەجلیسەکاندا چڕبووەتەوە. لەو ژوورە درێژانەدا خەڵک باسی کێشەکانی خۆیان دەکەن و دەسەڵات لە دەسەڵاتدارەوە بۆ خەڵکانی خوارەوە شۆڕ دەبێتەوە".

پەیوەندیی نێوان هۆز و کایەی سیاسەت لە کەنداو ئەوەندە قووڵە کە لە وڵاتێکی وەک قەتەر، ڕۆژی نیشتمانی یادکردنەوەی سەرکەوتنی قاسم ئال سانییە. قاسم سەرکردەیەکی قەتەری بووە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا و باوانی بنەماڵەی دەسەڵاتداری ئێستای دەوحەیە.

بەشێوە فەرمییەکەی، حکومەتەکانی کەنداو لەسەر بنەمای دەسەڵاتی ئەمیر یان شایە کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەسەڵاتی ڕەهای هەیە. یاسا و دامەزراوە حکومییەکان میراتی دەسەڵاتدارانی کۆلۆنیاڵن کە کەیفیان بە پەیوەندیی نەریتی و نافەرمیی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا نەدەهات. کوێت یەکێکە لەو وڵاتانەی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران پشتی بە هەڵبژاردن بەستووە، بەڵام ئەوە نەک هەر دەسەڵاتی مەجلیسەکانی کەم نەکردووەتەوە، بەڵکو ئەو مەجلیسانە بوونەتە بنکەی بانگەشەی کاندیداکان.

لە کۆبوونەوەکانی مەجلیسدا دەکرێ باسی پێشنیازێکی هاوسەرگیری، تێکچوونی بۆڕی سەرەکیی ئاو یان چارەسەرکردنی کێشەیەکی یاسایی نێوان چەند خێزانێک بکرێ، دوای باسکردنی کێشەکان، پوختەی کێشەکە بۆ دیوان بەرزدەکرێتەوە کە دەستەی ڕاوێژکاران و باوەڕپێکراوانی ئەمیر لەخۆدەگرێ و وەک پێگە لەسەرووی مەجلیسەکانەوە دێ.

وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، هاووڵاتیانی کەنداو "بە بایەخەوە لە مەجلیس دەڕوانن، بۆ ئەوەی دەنگیان ببیسترێ و باس لەو کێشە ئاڵۆزانە بکەن کە بەرەوڕووی هۆزەکەیان بوونەتەوە". دەسەڵاتدارانیش هەست بە بەهای مەجلیسەکان دەکەن، لەبەر ئەوەی "ڕێگەیەکن بۆ پاراستنی پێکهاتە نەریتییەکەی دەسەڵات لە ناوچەکە".

سەرەڕای دەسەڵات و پێگەکەی، مەجلیس دامەزراوەیەکی فەرمی و دیموکراتیک نییە، لەبەردەم گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا پارێزراو نییە، بۆیەش لەگەڵ "فەرمیبوونەوەی شێوەکانی حوکمڕانی" کاریگەریی مەجلیسەکان کەم بووەتەوە، بەهۆی ئەم گۆڕانکارییانە "وەلائی عەشایەری" خەریکە کاریگەری نامێنێ.

وڵاتانی کەنداو بە قۆناغی گۆڕانکاری لە شێواز و هەیکەلی دامەزراوەکانی حوکمڕانیدا تێدەپەڕن. هەرچەند هەتا ئێستاش حکومەتەکانی کەنداو وەک "کۆمەڵە هۆزێکی خاوەن ئاڵا" بەڕێوەدەچن، بەڵام ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە پێیانوایە سەرکردە سیاسییەکانی کەنداو دەیانەوێ سیستەمێکی سیاسی بنیات بنێن کە تێیدا پێگەی هاووڵاتیبوون پێش پەیمانی عەشایەری دەکەوێ.

دەستەواژەی کۆمەڵە هۆزێکی خاوەن ئاڵا لەلایەن تەحسین بەشیر، دیپلۆماتی کۆچکردووی میسرییەوە دانراوە کە پێیوایە "لە جیهانی عەرەبیدا تەنیا میسر دەوڵەت نەتەوەیە و ئەوانی دیکە کۆمەڵە هۆزێکی خاوەن ئاڵان".

ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە لە مێژینەیە لە ڕێگەی مەجلیسەکانەوە بواری بۆ ئاستێک لە دابەشکردنی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا ڕەخساندووە. بەپێی ڕاپۆرتەکە، چاکسازی و گۆڕانکارییەکان وایکردووە بناغەکانی ئەو سیستەمە تووشی داخوران ببێ، بێ ئەوەی هیچ ڕێکخستنەوەیەکی ئەڵتەرناتیڤ بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگا و دەسەڵات لە ئارادابێ، لە کاتێکدا تەنانەت دامەزراوە فەرمییەکانی وەک زانکۆ و یانە وەرزشییەکانیش لەلایەن خێزانە دەسەڵاتدارەکانەوە خاوەنداریێتی دەکرێن.

ڕاپۆرتەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە "داهاتووی دەسەڵاتدارانی کەنداو بەستراوەتەوە بەوەی هەتا چەندە دەتوانن ڕەوایەتیی خۆیان لەڕێی ئامرازە نەریتییەکانەوە بپارێزن". ئەو سەرکردانە ئەگەر بیانەوێ ئەو مۆدێلە تێکبشکێنن بێ ئەوەی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی ڕاستەقینەی وەک چاکسازیی دیموکراتیکیان هەبێ، ئەوە "کار بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی خۆیان دەکەن".


سەقامگیری سیاسی کەنداو بەندە بە مەجلیسەکانەوە



# پیشەسازی سەربازیی تورکیا پاش ئابڵوقە و سزا ڕۆژئاواییەکان

ڕووداو- هەولێر

پاش هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، ژمارەیەک وڵاتی زلهێزی ڕۆژئاوایی ئابڵوقەیان لەسەر فرۆشتنی چەک بە تورکیا دانا. ناوەندێکی ئەمریکی پێیوایە هەرچەندە سزاکان زیان بە کەرتی بەرگریی تورکیا دەگەیەنن، بەڵام ناتوانن ئیفلیجی بکەن، لە کاتێکدا تورکیا دەتوانێ پشت بە بەرهەمی سەربازیی نێوخۆیی ببەستێ و بۆ هاوبەشی نوێش بگەڕێ.

لە یەک مانگی ڕابردوودا، زلهێزەکانی بەرهەمهێنەری چەک وەکو فەرەنسا، بەریتانیا، ئەڵمانیا و سوید هەناردەی چەکیان بۆ تورکیا هەڵپەساردووە. دوور نییە ئەمریکاش کە ٪60ی هاوردەی چەکی تورکیا دابین دەکات، ناچار بە کارێکی هاوشێوە بێ، ئەگەر هەوڵەکانی کۆنگرێس بۆ دانانی سزا لەسەر تورکیا سەربگرن.

> ناوەندی ستراتفۆر:
> تورکیا ئەڵتەرناتیڤی دیکەی هەیە

### بووژانەوەی پیشەسازیی چەکی تورکیا

ناوەندی (ستراتفۆر)ی ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پیشەسازیی چەکی تورکیا پشت بە وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەبەستێ، هەر بۆیە سزاکانی ئەمدواییە زیان بەو پیشەسازییە دەگەیەنن، لەبەر ئەوەی "ئەو سزایانە نەک هەر تورکیا لە کەلوپەلی چەکسازیی نوێ بێبەش دەکەن، ئەگەر سزاکان درێژە بکێشن، ئەمباری کەلوپەلەکانیش بەتاڵ دەکەن". ئەوەش بۆ بەشەکانی چاککردنەوە، نوێکردنەوەی سیستەمی هەندێک لە چەکەکان کوشندە دەبێ، لەوانەش فڕۆکەی ئێف 16، لیپۆپارد و تانکی ئێم 60.

ڕاپۆرتەکە دەڵێت تورکیا پێشتریش سزای کەرەستەی پیشەسازیی چەکی بەسەردا سەپێنراوە و تێیپەڕاندووە کە جدیترین حاڵەتیان لە 1974 بۆ 1978 بوو، کاتێک تورکیا هێرشی کردە سەر قوبرس، لەو قۆناغەدا و دوای 42 مانگ ئابڵوقە، تورکیا ناچار بوو پیشەسازییەکی نوێی بەرگری بۆ خۆی دروستبکات، لەو کاتەشەوە گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بە جۆرێک "ئێستا تورکیا هەناردەکارێکی سەرەکیی کەلوپەلی بەرگریی سەربازییە".

لەو قۆناغەدا ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای بەرهەمهێنانی کەرەستەی سەربازی گەشەیان کرد، تورکیا لە 1985 ئەمینداریێتی پیشەسازییەکانی بەرگری ڕاگەیاند کە ئامانج لێی دانانی بەردی بناغەی پیشەسازیی بەرگری و نوێکردنەوەی هێزە سەربازییەکانی بوو.

تورکیا بانگەشەی ئەوە دەکات کە پیشەسازیی نێوخۆی چەکی تورکیا 70%ی پێداویستییەکانی سەربازیی خۆی دابین دەکات، لە کاتێکدا 15 ساڵ لەمەوبەر ئەو ڕێژەیە تەنیا 20% بوو. لە ئەیلوولی 2018، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا ڕایگەیاند کە 65%ی ئەو چەکانەی لە ئۆپەراسیۆنەکان بەکاری دەهێنن خۆماڵین. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی پەیمانگای نێودەوڵەتیی ستۆکهۆڵم بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاشتی (SIPRI)، تورکیا چواردەیەمین وڵاتی هەناردەکاری کەرەستەی سەربازییە لە جیهاندا.

بەپێی ڕاپۆرتێکی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (MEI)، داهاتی کەرتی بەرگری و پیشەسازی ئاسمانیی تورکیا لە ساڵی 2006دا 1.85 ملیار بووە، لە 2016 گەیشتووەتە شەش ملیار دۆلار. هەر لەو قۆناغەشدا هەناردەی کەرتی سەربازیی تورکیا لە 485 ملیۆن دۆلارەوە بۆ 1.67 ملیار دۆلار بەرزبووەتەوە. خەرجییەکانی سوپای تورکیا لە 2008 بۆ 2018 بە بڕی 10 ملیار دۆلار بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە 22 ملیار دۆلار.

هەناردەی کەرەستەی سەربازیی تورکیا، بە تایبەتیش کەرەستەی هێزی ئاسمانی تورکیا، لە 2018 سنووری 2 ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە، بەو پێیەش لە چاو ساڵی پێشتر 17% بەرزبووەتەوە.

ئەمینداریێتی پیشەسازییەکانی بەرگری ڕایگەیاندووە کە ئامانجیان ئەوەیە هەتا 2053 پیشەسازیی سەربازیی تورکیا بەتەواوەتی سەربەخۆ ببێ و هەناردەی چەک بۆ 50 ملیار دۆلار بەرز بکاتەوە. بەڵام پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێیوایە ئەو تموحەی تورکیا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک تەحەداش دەبێتەوە، لەوانە نەمانی مێشکی بیرکەرەوە و داهێنەر، دۆزینەوەی بازاڕ و وەبەرهێنانی زەبەلاح کە لە دوو تەحەداکەی دواییندا فاکتەری سیاسی و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیش ڕۆڵیان هەیە.

تورکیا یەکێک لەو وڵاتانەیە کە گەنجە داهێنەر و خاوەن بیرۆکەکانی وڵات جێدەهێڵن، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو دیاردەیەش کەمیی مووچەیە لە تورکیا.

پەیداکردنی سەرچاوەی زەبەلاحی وەبەرهێنانیش کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی بۆ پەرەپێدانی ئەو کەرتە، وەبەرهێنانی بیانی ڕۆڵی گەورەی دەبێ، بەڵام پیشەسازیی سەربازیی تورکیا بەستراوەتەوە بە ئاسایشی نیشتمانییەوە، بۆیەش دەرفەتەکان بۆ وەبەرهێنانی بیانی زۆر نین، ئەوە جگە لەوەی پارەی دەرەکی لە سەربەخۆیی پیشەسازییەکە کەمدەکاتەوە.

فاکتەری سیاسی پەیوەندی بە پێگەی جیۆپۆلیتیکی تورکیا و پەیوەندیی ئاڵۆزی ئەو وڵاتە لەگەڵ ڕۆژئاوا و وڵاتانی دراوسێیەوە هەیە، ئەوەش کاریگەریی گەورە لەسەر دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی پیشەسازیی چەکی تورکیا دروستدەکات.

### گەڕان لە دوای ئەڵتەرناتیف

تورکیا بەدەر لە بژارەی پیشەسازیی نێوخۆیی، هەڵی ئەوەشی لەبەردەستە لە وڵاتانی دیکە بەدوای کەلوپەلی سەربازیدا بگەڕێ. ناوەندی (ستراتفۆر) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تورکیا پێشتر پەیوەندییە سەربازییەکانی لەگەڵ کۆریای باشوور، ئۆکراینا، بیلاڕوس، پاکستان، چین و لەسەرووی هەموویانەوە ڕووسیا پەرەپێداوە.

لە مانگی تەمووزی ئەمساڵەوە تورکیا بە شێوەی قۆناغ بە قۆناغ کەرەستەکانی سیستەمی دژەمووشکی ئێس 400ی ڕووسی وەرگرتووە. کڕینی ئەو سیستەمە لە ڕووسیا هەتا ئەو شوێنەش چوو کە تورکیا ڕووبەڕووی سزای توندی ئەمریکا بکاتەوە. ئەمریکا فڕۆکەوان و تەکنیکارە تورکەکانی لە پرۆگرامی فڕۆکەی ئێف 35 دەرکرد.

ناوەندە ئەمریکییەکە پێشبینی دەکات "بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو بۆشاییەی بەهۆی ئابڵوقەکانی ڕۆژئاواوە دروستبووە، دوور نییە تورکیا پەیوەندییە سەربازییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دیکە پەرەپێبدات". لە کاتێکدا ئەو قۆناغە بە تایبەتی بۆ ڕووسەکان گرنگە، لەبەر ئەوەی هەم تورکیا لە ڕۆژئاوا دووردەخاتەوە و هەم درز دەخاتە ناو هاوپەیمانێتیی ناتۆ.


تورکیا چواردەیەمین وڵاتی هەناردەکاری کەرەستەی سەربازییە لە جیهاندا

# ڕووسیا پێگەی خۆی لە ئەفریقا بەهێز دەکاتەوە

> ڕووسیا چاوی لەوەیە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ 13 وڵاتی ئەفریقی بەهێز بکات

ڕووداو- هەولێر

مانگی ڕابردوو دوو فڕۆکەی ڕووسیی خاوەن توانای هەڵگرتنی چەکی ئەتۆمی لە ئەفریقای باشوور نیشتنەوە کە بە گوتەی بەرپرسانی سەربازیی ڕووسی بۆ ڕاهێنان و بەهێزکردنی پەیوەندییە سەربازییەکان لەگەڵ جوهانسبێرگ بووە. نیشتنەوەی ئەو دوو فڕۆکە جەنگییە هاوکات بوو لەگەڵ گوتاری کردنەوەی یەکەم کۆبوونەوەی لوتکەی وڵاتانی ئەفریقا و ڕووسیا لە شاری سۆچی.

دەسەڵاتی مۆسکۆ لە کیشوەری ئەفریقا کە 58 ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانی تێدایە، لە دوای بڕانەوەی جەنگی ساردەوە لاواز ببوو. ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا، لە گوتارەکەیدا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی دەیەوێ لە چوار بۆ پێنج ساڵی داهاتوودا قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی وڵاتەکەی لەگەڵ ئەفریقییەکان دوو هێندە بکات، لە کاتێکدا ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ڕووسیا و ئەفریقا لە ساڵی ڕابردوودا نزیکەی 20 ملیار دۆلار بووە.

یەکێتی سۆڤیەتی جاران هێزێکی باڵادەست بوو لە کیشوەری ئەفریقا. لە ساڵانی جەنگی سارددا، مۆسکۆ لەدژی دەسەڵاتە کۆلۆنیاڵەکان پشتگیری لە بزووتنەوە سەربەخۆییخوازەکان دەکرد، هەر ئەوەش پشتگیرییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەورەی بۆ هەژموونی سۆڤیەتی لەو کیشوەرە پەیدا کردبوو، بەڵام ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت لە سەرەتای نەوەدەکان بەشێکی زۆری ئەو پەیوەندییانەی پچڕاند، بە تایبەتیش نەوەی نوێی ئەفریقا هیچ بیرەوەرییەکیان لە پەیوەندییەکانی سەردەمی جیهانی دوو جەمسەری نییە.

ئۆڵگا کولکۆڤا، لێکۆڵەر لە پەیمانگای توێژینەوەکانی تایبەت بە ئەفریقا لە ئەکادیمیای زانستیی ڕووسیا، لەوبارەوە بە گۆڤاری (فۆرین پۆلسی)ی ئەمریکی دەڵێ: "هەتا ئێستاش هەندێک نوخبەی سیاسی هەن کە پەیوەندییان بە سەردەمی سۆڤیەتەوە ماوە، بەڵام نەوەی داهاتوو ئەو پەیوەندییەیان لەگەڵ ڕووسیا نابێ، بۆیە پێویستە ئێستا دەرفەتەکە بقۆزینەوە هەتا هەندێک خەڵک ماون کە ئەو جۆرە پەیوەندی و یادەوەرییەیان لە سەردەمی سۆڤیەت هەیە".

هەوڵەکانی ڕووسیا لە ئەفریقا هاوشێوەی هەوڵەکانی ئەو وڵاتە لە ئۆکراینا، جۆرجیا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەشێکن لە خەونی ڕووسیا بۆ بەهێزکردنەوەی پێگەی مۆسکۆ لە جیهاندا. بەگوێرەی کۆمەڵێک بەڵگەنامەی نهێنی کە ناوەڕاستی ئەمساڵ دەست ڕۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی کەوتوون، ڕووسیا دەیەوێ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بەلایەنی کەم 13 وڵاتی ئەفریقی بەهێز بکات، بۆ ئەوەی زلهێزەکانی وەک ئەمریکا، فەرەنسا و بەریتانیا لە ناوچەکە نەهێڵێ.

لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە ڕووسیا فۆکەسی لەسەریانە، کۆماری ئەفریقای ناوەندی، مەدەگەسکەر، سوودان، زیمبابوێ، لیبیا و ئەفریقای باشوور لە ڕیزی پێشەوە دێن. بەپێی دۆکیۆمێنتەکە، کۆماری ئەفریقای ناوەندی "بایەخێکی ستراتیژی"ی گەورەی هەیە و "ناوچەی ئارامی نێوان باکووری موسڵمان و باشووری مەسیحییە" لە کیشوەری ئەفریقا، بۆیە دەتوانێ ڕێگە بۆ مۆسکۆ خۆشبکات لەوێوە نفووزی خۆی بە هەموو کیشوەری ئەفریقادا فراوان بکات.

بەگوێرەی داتاکانی پەیمانگای نێودەوڵەتیی توێژینەوەی ئاشتیی ستۆکهۆڵم، ڕووسیا گەورەترین هەناردەکاری چەکە بۆ ئەفریقا و لە ساڵی 2018 زیاتر لە 39%ی چەکی ئەفریقا لە ڕووسیاوە دابینکراوە، لە کاتێکدا ڕێککەوتنی سەربازیشی لەگەڵ 28 وڵاتی ئەفریقیدا واژۆ کردووە. ڕووسیا بە دەستێکی واڵاترەوە مامەڵە لەگەڵ فرۆشتن و پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای ئەتۆمی دەکات.

پەیمانگای توێژینەوەی جەنگ (ISW) لە ڕاپۆرتێکی مانگی ئابدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کۆمپانیای ڕوسئەتۆم خەریکی دروستکردنی یەکەم وێستگەی کارەبای ئەتۆمییە لە میسر، ڕێککەوتنێکی دیکەی هاوشێوەی لەگەڵ حکومەتی نایجیریا هەیە و دانوستاندن بۆ وێستگەیەکی هاوشێوەش لە نێوان حکومەتی ڕووسیا و ئەسیوپیا بەردەوامە.

کێشەی سەرمایە گەورەترین بەربەستە کە ڕووبەڕووی هەوڵەکانی ڕووسیا لە ئەفریقا دەبێتەوە، بە تایبەتیش کە ڕکابەرەکانی: (چین، یەکێتیی ئەورووپا و ئەمریکا) توانایەکی گەورەی وەبەرهێنانیان لەو کیشوەرە هەیە. چین بە 60 ملیار دۆلار وەبەرهێنان پێشەنگی ئەو وڵاتانەیە کە سەرمایەی خۆیان لە ئەفریقادا بەگەڕخستووە، یەکێتیی ئەورووپاش گەورەترین هاوبەشی بازرگانی ئەو کیشوەرەیە.

بەڵام ڕووسیا لە ساڵانی ڕابردوودا ئەزموونی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی هەبووە کە تێیدا بە سەرمایەگوزارییەکی سەربازی و پارەیەکی کەم توانیویەتی پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا بەهێز بکات. وەک ئالێکس واین، سەرۆکی پرۆگرامی ئەفریقا لە ناوەندی چەسم هاوس دەڵێ: "ڕووسیا لە ئەفریقا درەنگ کەوتووە و دەرکەوتنەکەیان نوێیە. ڕووسەکان دەبێ زیرەک بن و کار لەسەر ئەو بوارانە بکەن کە تێیدا بەهێزن، ئەگینا گوشارێکی زۆر زیاتر لە توانای خۆیان دەکەوێتە سەر".



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# بایکۆت وەک پرۆژەیەک بۆ چاکسازی

سروشتی هەرێمی کوردستان بە خاک و کەشوهەوا، بە ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی، بە هێز و دەستی کاری ناوخۆیی، گونجاوە بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەسترێ لەڕووی کشتوکاڵەوە خۆراکی وڵاتێکی دەیان ملیۆن کەسی دەستەبەر بکات. بەڵام ئێستا بە هەموو ئەوانەی لەسەری دەژین، بە خاوەن ماڵ و ئاوارە و کرێکارە بیانییەکانەوە کە کەمترە لە هەشت ملیۆن کەس، ئەگەر لە چواردەورییەوە گەمارۆی بخرێتە سەر، خەڵکەکەی دەبێت ڕەو بکەن.

بێگومان هۆکارگەلی زۆر هەن کە ئەم سروشتە جوانەی کوردستان، ئەم خاکە بەپیتە، توانای بەکاربردن و بەرهەمهێنانی بەو جۆرە بێت، خەڵکەکەی بۆ پێداویستی ڕۆژانەی وەک (ماست و هێلکە و تەماتە و پیاز) پشت بە خۆراکی هاوردە ببەستن، بەڕاستی ئەمە کارەساتێکی گەورەیە و لە هیچ بستە خاکێکی سەر ڕووی ئەم زەمینە نموونەی نییە.

ڕیشەی سەرەکیی ئەم گرفتە پەیوەندی بە پرۆسەی ئەنفالەوە هەیە، ئەگەر ئەنفال ڕووی نەدابا، ئێستا کوردستان جۆرێکی تر دەبوو. وەک چۆن پێش شۆڕش و لێکەوتەکانی، بەروبوومی کشتوکاڵی کوردستان لە توتن و گەنم و جۆ و نیسک و نۆک و سەوزە و میوە، نەک بەشی ناوخۆی کوردستانی دەکرد، هەناردەی کارگە و کارخانە و بازاڕی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش دەکرا. بەڵام کە ئەنفالیش کوردستانی کرد بە خۆڵەمێش، دوای ڕاپەڕین و دەرفەتی خۆبەڕێوەبەرێتی کوردی، هەلی ئەوە ڕەخسا کوردستان ئاوەدان بکرێتەوە و ژیان بگەڕێنرێتەوە بۆ گوندەکان و بناغەی ژێرخانی ئابووری دابنرێتەوە. بەڵام فەلسەفەی حوکمڕانیی حیزبی کوردی بەو جۆرە بوو کە ئێستا هەموومان دەرئەنجامە خراپەکانی دەبینین.

ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان هەرێمی کوردستان و سووریا کە هەردووکیان لەسەر یەک هێڵن، سروشت و کەشوهەوا و خاکیان هاوشێوەیە، سووریا نزیکەی 10 ساڵە لەشەڕێکی ناوخۆییدایە و نزیکەی 10 ملیۆن کەس لە ناوخۆ و دەرەوەی ئاوارە بوون. کەچی ئێستاش لە سووریاوە هەندێ بەروبوومی کشتوکاڵی هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت. لە کاتێکدا ئەم ساڵانەی دوایی کە ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی بە کۆمەڵێک گرفت و قەیراندا تێپەڕیوە، کوردستان لە زۆر ڕووەوە سەقامگیر بوو، بەڵام نەبوونی پلانێکی باشی ستراتیجی بۆ ئەم کەرتە گرنگە، هەرێمی کوردستانی کردووەتە (عەلوەی) وڵاتانی دەوروبەر.

پێویست بوو هەرێمی کوردستان بە دەسەڵات و بە خەڵکەکەیەوە لە وێستگەیەکدا هەڵوەستە لە ئاستی ئەم بابەتە بکەن. ناکرێت هەر بەو جۆرە بەردەوام بێت و بازاڕی ساغکردنەوەی کاڵای خراپی دەوروبەرەکەی بێت. لە کاتێکدا بە ئاسانی دەتوانێت لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە لە بەرهەمی دراوسێکانی باشتر بەرهەم بهێنێت. کوردستان دەرفەتی ئەوەی لەبەردەمدایە سیاسەتی ئابووریی خۆژێنی پەیڕەو بکات کە لەڕووی خۆراکەوە پێویستی بە هاوردەکردن نەبێت. ئێران بە هاتنە سەر حوکمی کۆماری ئیسلامی و لە بەرانبەر گەمارۆی ئابووری ئەو سیاسەتەی پەیڕەو کرد و خومەینی سەرەتا تەنیا بە قەدەغەکردنی (لیواری نان) لە نانەواخانەکاندا، بایکۆتی کڕینی دەیان ملیۆن تەن گەنمی وڵاتانی کرد.

کەم جار وا ڕێکدەکەوێت ڕای گشتی و تێگەیشتنێکی گشتی بۆ پرسێکی لەم جۆرە دروست بێت، یان زەمینەی ئەوە بڕەخسێت کە سیاسەتێکی ئابووری لەم شێوەیە وەک ئامانجێکی هاوبەش تەماشا بکرێت. بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی پەلاماری تورکیاوە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، وەک کاردانەوەیەکی میللی، خەڵک لە ئاستی خۆیانەوە بێ ئەوەی ڕێنوێنی بکرێن، هەڵوێستێکیان دەربڕیوە بۆ بایکۆتی کاڵای تورکی. ئێستا زۆر کەس لە بازاڕدا بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانیان بەدوای کاڵای تردا دەگەڕێن و زۆر ناچار نەبن ڕوو لە کاڵای تورکی ناکەن. جا ئەمە دەرفەتێکی باشە بەپلان و بەرنامە ئیستسمار بکرێت و تەنیا دۆخێکی کاتی نەبێت و پەیوەست نەبێت بە هێرشی تورکیاوە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان. تەنیا لە تورکیاشدا قەتیس نەکرێت. بەڵکو پێویستە ئەم بایکۆتە فراوان بکرێتەوە بۆ بەروبووم و کاڵای دەرەکی بەگشتی و هەڵبگێڕدرێتەوە بۆ هەڵمەتێک بۆ بەرهەمی ناوخۆی کوردستان.

هەرچەندە ئەمڕۆ بازاڕی ئابووریی خۆراکی جیهانی خەریکە خەسڵەتی خاوەندارێتییەکی دیاریکراو ون دەکات و بووە بە بازاڕێکی هاوبەش، بەڵام بۆ ئێمەی خەڵکی کوردستان کە بەهۆی سیاسەتی بەسوتماککردنی نیشتمانەکەمانەوە ڕیشەی ژێرخانی ئابووریمان هەڵتەکێنراوە، گرنگە لەخاڵێکدا کە هەلومەرجی ناوخۆیی گونجاو بێت، سیاسەتی ئابووریی خۆژێنی بەجۆرێک پەیڕەو بکەین کە بمانکاتە وڵاتێک پشت بەخۆمان ببەستین و پێویستمان بە هاوردەی خۆراک نەبێت. جا ئێستا بەهۆی ئەو هەڵوێستە میللییەوە، هەروەها بەهۆی ئەو مەترسییانەی لە بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی چەند جۆرێکی نەخۆشی لەناو خەڵکدا باس دەکرێن کە سەرچاوەکانیان پەیوەندی بە کاڵای خراپەوە هەیە، دەرفەتێکی لەبارە بۆ ئەوەی حکومەتی کوردستان وەک ستراتیجێک کاری لەسەر بکات.

ئێمە گرفتێکی تریشمان هەیە کە لە قەیرانی دارایی پێنج ساڵی ڕابردوودا درکمان پێکرد و هەر پەیوەستە بەم بابەتەوە و بە گرتنەبەری سیاسەتی خۆژێنی چارەسەر دەبێت، ئەویش (چوونە دەرەوەی پارەیە). ئێستا هەرێمی کوردستان مانگانە نزیکەی ملیارێک دۆلار دەخاتە ناو خەڵکەوە لەڕێگەی مووچەوە. بەڵام دەبینی ئەم پارەیە دەوران ناکات و جووڵەی بازاڕی کوردستان و ژیان و گوزەرانی خەڵک هەر خراپە. کوردستان نەک ملیارێک دۆلار، ئەگەر خۆی خاوەنی سکەی دروستکردنی پارەش بێت، هەر دۆخی لەمە باشتر نابێت تا ڕێگە لە چوونە دەرەوەی پارەکەی نەگرێت. تەماشا بکە ساڵانە پارەی کڕینی 10 ملیۆن تایە و نزیکەی 3 ملیۆن پاتری سەیارە دەچێتە دەرەوە و هیچ نایەتەوە شوێنی. ساڵانە بە بەهای نزیکەی 300 ملیۆن دۆلار دەچێتە دەرەوە بۆ تایت و سابوون و دەبن بە کەف. لەو بڕە زیاتر دەچێت بۆ جلوبەرگ و پێڵاو و تەنانەت گۆرەویش. لەو بڕە زیاتر دەچێت بۆ هیندستان و دەدرێت بە برنج. دەیان ملیۆن دۆلار دەچێتە دەرەوە بۆ کڕینی گوڵەبەڕۆژە و تەنیا توێکڵەکەی لە کوردستان دەمێنێتەوە. ساڵانە بە بەهای دەیان ملیۆن دۆلار بووکەڵە و یاریی منداڵان هاوردە دەکرێن کە پێکهاتەکەی تۆزێ قوماش و هەندێ لاستیک و باغە و بۆیەیە. هێنان و دروستکردنی کارگەکانی هەریەک لەمانە زۆر لەوە کەمتری تێدەچێت کە لە ساڵێکدا ئێمە بۆ کڕینیان تەرخانی دەکەین.

سروشتی کوردستان بۆ هەموو بەرهەمە کشتوکاڵی و خۆراکییەکان لەبارە، هەروەها ژینگەی سیاسی و ئابووری و یاسایی کوردستان بۆ دروستکردنی کارگە و کارخانەی گەورە گونجاوە. ئەگەر لە کوردستان بەرهەم بهێنرێن، جگە لە ڕەخساندنی هەل و دەرفەتی کار بۆ خەڵک، پارەکەش ناچێتە دەرەوە و لەناوخۆی کوردستان دەستاودەستی پێدەکرێت. بۆیە بایکۆتی کاڵای تورکی و دەرەکی بۆ ئەمە گرنگە نەک تەنیا وەک کاردانەوە و هەڵوێستێکی سیاسی.



هیوا جەمال
hiwajamal@rudaw.net

# خۆپیشاندانەکانی عێراق بە دەست و دڵی کێن؟

لەنێو خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی تەحریر لە بەغدا لەگەڵ دەیان خۆپیشاندەر قسەم کردووە، وێنەی سەدان پۆستەر و دروشمی خۆپیشاندەرانم گرتوون، لەگەڵ ژمارەیەک سیاسی و خاوەن بۆچوون گفتوگۆم کردووە، کۆمەڵێک سەرنجم لەلا دروستبوون، هەندێکیان وردبوونەوەی زۆریان دەوێت، هەندێکی دیکە دەبێ لەنێو دێڕەکاندا بۆیان بگەڕێیت.

## بە دڵی ئەمریکا و عەبدولمەهدی

لەنێو خۆپیشاندەراندا کەمترین ناڕەزایی بەرامبەر ئەمریکا هەیە، ئەوەندەی لەوێ بووم، زۆر بە کەمی دروشمی دژ بە ئەمریکام بینی، کەمترین خەڵک لە دژی ئەمریکا قسەیان دەکرد، هەندێ دەنگ دەیانگوت ئەمریکا ئەم خۆپیشاندانەی بەدڵە، هەندێکی دیکە بۆچوونیان وابوو، ئەمریکا ناڕاستەوخۆ، جوڵێنەر یان پاڵپشتیکاری خۆپیشاندانەکانە.

ئەوانەی بڕوایان وایە ئەمریکا خۆپیشاندانەکانی بەدڵە، هۆکارەکەی هەر بۆ کەمکردنەوەی باڵادەستیی ئێران لە عێراق دەگەڕێننەوە.

لەهەمان گۆڕەپان، بە ئاشکرا دژایەتی ئێران و باڵادەستیی ئەو وڵاتە دەبینرێت، خانمێکی بەتەمەن کە سێ ساڵ لە ئێران ژیابوو، پێیگوتم با بە زمانی خۆیان بە فارسی پێیان بڵێم: "دەست لە عێراق هەڵگرن و دەست لە کاروباری ئێمە وەرمەدەن". لە هەموو شارەکان باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەکانی ئێران لەژێر هەڕەشەدان، هەروەک لە کەربەلا و لە بەسرە پەلامار دران.

وای بۆ دەچم، عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، خۆپیشاندانەکانی بەدڵ بن، ئێستا سەرۆکوەزیران لەژێر گوشاری خۆپیشاندەراندا ناچارە کۆمەڵێک بڕیار و چاکسازی ڕابگەیێنێت، هەندێ لە بەرپرسانی حکومی لابدات، لە وەزیرەوە تاوەکو بەڕێوەبەرە گشتییەکان، مووچە کەمبکاتەوە و زەوی دابەش بکات، هەروەها هەندێ خەڵک دابمەزرێنێت، بۆ نموونە لە ماوەی پێنج ڕۆژدا هەزار کەسی دامەزراند وەک کارمەندی مەدەنی لە وەزارەتی بەرگری، گونجاوە عادل عەبدولمەهدی بڵێت، هەموو ئەمانە بەهۆی گوشاری خۆپیشاندەرانەوەیە.

لەبەرئەوە بەدڵیەتی، چونکە ئەگەر ئەو گوشارەی خۆپیشاندەران نەبێت، عەبدولمەهدییەکی بێ پشت و پەنا، لە نێو پەرلەمان و لەنێو ئەو هەموو حیزبە نەیدەتوانی بە ئاسانی ئەو بڕیارانە بدات. دەستبردنی بۆ هەر بڕیارێک پەیوەندی بەوانەی سەرەوە هەبێت، کاردانەوەی زۆری حیزب و پەرلەمانتارەکانی لێدەکەوتەوە، وەک پرۆژە چاکسازییەکەی هەرێمی کوردستانی لێدەهات، دەبوو هەر لەنێوایاندا بێت و بچێت.

## بەدەستی هەندێ سیاسی و هۆزەکان

ڕێکخراوی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی خۆپیشاندانەکان، پرسیاری زۆری لەلا دروستکردبووم، بە جۆرێک کە دەچێتە سنووری جوگرافیای خۆپیشاندانەکەوە، لانیکەم شەش کیلۆمەتر چوارگۆشە ڕووبەرەکەیەتی، وەک دەوڵەتێکی تەواو سۆشیال وایە، هەموو خزمەتگوزارییەک بێبەرامبەرە، گواستنەوە، خواردن و خواردنەوە، چارەسەری پزیشکی، خاوێنکردنەوە و خەوتن، جگە لە دابەشبوونی تیمەکان و سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنیان، هەروەها لێپێچینەوە و لێپرسینەوە لە کەمتەرخەمیی ئەوانەی کاردەکەن، لەهەمانکاتدا، یەکپۆشیی تیمەکان.

پرسیارەکە ئەوەیە کێ پشتیوانی ئەو هەموو ڕێکخراوە دەکات، لەکاتێکدا هیچ کەس و دەستەیەک بەناوی خۆپیشاندەرانەوە قسە ناکات؟ هیچ کەس ڕێگە نادات کەسی دیکە بەناوی ئەوەوە وەک نوێنەری خۆپیشاندەران قسە بکات، هەمووان خۆیان بە خاوەن و نوێنەر دەزانن، لە خۆپیشاندەرێکم پرسی بۆچی کەسێک نییە بەناوی ئێوە قسە بکات؟ گوتی: کەس نوێنەرایەتی ئێمە ناکات، خۆمان نوێنەری خۆمانین، ڕێگە بە کەسیش نادەین ماندووبوون و خوێنی ڕژاوی براکانمان بۆخۆی ببات.

هەرچەندە هەندێ زانیاریم هەبوو کە لە دەرەوەی وڵاتەوە پشتیوانی دارایی دێت. وەک پشتیوانی لە نێوخۆ، ئافرەتێک یان بنەماڵەیەک خواردنی سەت بۆ دوو سەت کەس دروستدەکەن بۆ ژەمێک، جگە لەوەش لەگەڵ پیاوێکی تەمەن 50 ساڵ قسەم کرد گوتی: زەوییەکم فرۆشتووە بە چوار ملیۆن دینار و هێناومە بۆ خزمەتی خەڵک خەرجی بکەم. بەڵام هێشتا ئەوە ناکاتە ئەوەی ئەوەندە ڕێکخراوبێت، وەڵامەکەم بە نزیکەیی وەرگرت لەوەی دوو لایەنی سەرەکی پشتیوانی دەکەن، لایەنێکیشیان ڕێکیاندەخەن، هۆزەکان پشتیوانی مادییان دەکەن و سەرۆک هۆزەکان فەرمانیان کردووە، ئەندامانی هۆز خۆبەخش کار بکەن، هەروەها هەندێ لە سیاسییەکان، بەتایبەت ئەوانەی هەست بەپەراوێزخستن دەکەن.

لەگەڵ پیاوێکی سیاسی گفتوگۆم کرد، لەنێو وەڵامەکاندا بە ئاشکرا دانی بەوەدا نا کە خۆی و هەندێ لە سیاسییەکان پشتیوانی مادییان دەکەن و ڕێکیاندەخەن، بەڵام نایانەوێت ڕاستەوخۆ بچنە خۆپیشاندانەکانەوە.

## سوننە و کورد چی بکەن؟

هەردوولایان هەم وەک خەڵک و هەم وەک بەرپرسانیان دوورەپەرێزن، هەرچەندە شیعە پێیان خۆشە هەردوولا دوورەپەرێز بن، بۆیەوەش لەڕووی سۆزەوە دەڵێن با براکانمان لە سوننە و کورد تۆمەتبار نەکرێن بە تیرۆر و جیاخوازی، وەک کەریم نووری گوتەبێژی پێشووی حەشدی شەعبی لەبەرنامەکەمدا باسیکرد، بەڵام خۆشیان نایانەوێت بچنە نێو خۆپیشاندانەکان، چونکە هەردوولایان لەوبڕوایەدان ئەوە شەڕی نێوماڵی شیعەیە.

سوننە و کورد دەتوانن سوود لە خۆپیشاندانەکان وەربگرن، ئەگەر شەڕی نێوماڵی شیعە بێت، ناکۆکییەکانیان بکەنە دەرفەت و ئەگەر هەر بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و چاکسازیش بێت بۆچی خراپە لەگەڵی بن؟

بابەتێک کە جێی نیگەرانی و هەستیارییە هەمواری دەستوورە، هەرچەندە داوای سەرەکی خۆپیشاندەران نییە، بەڵام مەبەستی سەرەکی دەسەڵاتدار و سیاسییەکانی شیعەیە، بۆچی سەرکردەکانی کورد ئەوەندە کەوتوونەتە ژێر گوشارەوە لەو بابەتەدا؟

گۆڕەپانی تەحریر گوشاری خستووەتە سەر حکومەتی عێراق، کەچی کاری لە سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان کردووە، لەجیاتی ئەوەی پشتیوانی داوای خۆپیشاندەران بکەن و ئەمانیش ببنە بەشێک لە گوشار بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد، کەچی کەوتوونەتە دۆخی بەرگرییەوە.

کات لەبەردەمە و هەمووان پێکەوە یەکدەبینن، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش زۆربەیانی کۆکردەوە، پێویستە کورد نەخشەڕێی خۆی هەبێت و لە هەموو لایەنێکەوە هەموار و دەستکاری بۆ کۆی جومگەکانی حوکمڕانی لە عێراق پێبێت، هێز و گوشاری خۆپیشاندەران لەلایەک و کارتی گوشاری دیکە بەکاربێنن بۆ بەدەستهێنانی هەندێ مافی زیاتر.

جێی تێڕامانە، لەکاتێکدا دەستووری عێراق نووسراوەتەوە کە نە گشتپرسی کرابوو، نە بۆڕی نەوتی کوردستان بەسترابوو بە بازاڕەکانی جیهان و نە ڕێککەوتنی پەنجا ساڵەی گاز لەگەڵ رووسیا کرابوو، نە خۆپیشاندانیش هەبوو، ئەوکات توانرا ئەو مافانە بەدەستبێنن، کەچی ئێستا لە کەمکردنەوەیان دەترسن.



هۆگر ئیبراهیم حەکیم*
hogribrahim@yahoo.com

# گرەوی کورد لە جیهانێکی دەوڵەتسالاردا

سەدان ساڵە نەتەوەیەکی زیندوو لە ناوچەیەکی ئاڵۆزی پڕ لە کێشە بە چەندین شێوە خەبات دەکات بۆ مانەوە و پاراستنی خۆی، لەو ماوەیەدا جیهان بە چەندین شێوە بەرگی خۆی گۆڕیوە، لە هەموو ئەو ڕوخسارە جیاوازانەی جیهانیش، ئەوەی بە نەگۆڕی و جێگری ماوەتەوە، پەراوێزخستنی کوردە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. ئێستاش کە جیهان بەرگێکی تازەتری پۆشیوە، لە چەندین ناوچەی جیاوازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرسی کورد وەک میراتی کێشەیەکی مێژوویی دووبارە بووەتەوە بە پرسێکی جیهانی. ریفراندۆمی سەربەخۆیی و ڕووداوەکانی دوای ئەو لە باشووری کوردستان، بەرخودانی شەڕڤانان و شەڕی وجود لە ڕۆژئاوای کوردستان، خەباتی پچڕپچڕی ڕۆژهەڵاتییەکان، چەوساندنەوە و وشککردنەوەی باکووری کوردستان، ناسنامەی پرسێکی هەڵواسراوی جیهانییە لەنێوان زلهێزە نێودەوڵەتییەکان و زۆردارە هەرێمایەتییەکان، هەموو ئەمانەش لەبەردەمی ئەو جیهانەدا ڕوودەدات کە بانگەشەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان و ئاشتی و ئاسایش دەکات. کەواتە لێرەدا پێویستە بپرسین، گرەوی کورد (هەرچەندە گوتارێکی یەکگرتووی نییە) لەسەر چ جیهانێکە؟ یان ڕاستتر بڵێین، ئێستا ئێمە لەچوارچێوەی چ سیستەمێکی جیهانیدا دەمانەوێت خۆمان بنیات بنێین؟ ئەو جیهانەی ئێستا ئێمە ڕوومان تێکردووە، پاش هەموو گۆڕانکارییەکان چ جۆرە سروشتێکی هەیە و داینەمۆکەی بە چ ئاراستەیەکدا دەجوڵێت؟

ژینگەی نێودەوڵەتی لە دوو دەیەی ڕابردوودا گۆڕانکاریی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، سیستەمی جیهانی سیستەمێکی ناجێگیر و ئاڵۆزە، مامەڵەی جیهان لەگەڵ هەر یەکێ لە دەوڵەتەکان جیاوازە، لەسەرووی ئەمانەشەوە چەقی هێز و هاوسەنگیی هێز لە گۆڕانی بەردەوامدایە. لەلایەکی دیکەوە ململانێی ئایدیۆلۆژی شێوازێکی تازەی وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا شەڕی تەکنەلۆجیا و ململانێی ئابووری و وزە چەندین تەکەتولی تازەی دروست کردووە. بەرژەوەندیی دەوڵەتە زلهێزەکان و وڵاتە بچووکەکان تێکەڵ بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەستی نەتەوەیی ڕوو لەزیادبوونە بەرامبەر شەپۆلی جهانگیری.

سیستەمی جیهانی لە قۆناغێکی ڕاگوزەردایە، بەشێوەیەک کەوا هەڵوەشانەوە گەورەترین ئەگەرە، بەڵام ئەوەی هەڵوەشانەوەکەی ڕاگرتووە ئایندەی زلهێزەکانە لەو سیستەمەی لە دەرئەنجامی هەرەسی سیستەمی ئێستا دروست دەبێت. سیستەمی جیهانی لە مەکینەیەکی شەکەت و ماندوو دەچێت، چیتر توانای ئەوەی نەماوە سەقامگیریی جیهان بپارێزێت، بۆیە ژمارەی کێشە هەڵواسراوەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووی لە زیادبوونە، بە تایبەت ئەو کێشانەی لەنێوان ئەکتەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدان (دەوڵەتەکان) لەگەڵ ئەکتەرە لاوەکییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە (ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان)، ئەوەی لێرەدا بووەتە هۆی ناهاوسەنگیی سیستەمەکە، پێکدادانە لەنێوان ئەم دوو جۆرە ئەکتەرە، لەبەر ئەوەی دوو فۆرمی جیاوازیان هەیە. دەوڵەتان کە ناسنامەیەکی فەرمییان هەیە، کەوتوونەتە ململانێ لەگەڵ کۆمەڵێک ئەکتەر کە ناسنامەیەکی نافەرمییان هەیە و قەبارەی کاریگەرییەکانی لەم ژینگە ئاڵۆزەدا نزیکە لە ڕۆڵی ئەکتەرە فەرمییەکان. ئەم دۆخە جیهانی خستووەتە گەمەیەکی جیاوازەوە کە تێیدا دەوڵەتان بۆ پاراستن لەو سروشتەی تێیدا دەوڵەت فاکتەری جوڵێنەری سیستەمەکەیە، ئامادەی هەر جۆرە هاوپەیمانییەکن. دەوڵەتەکان بۆ ڕاگرتنی قودسیەتی دەوڵەت لە سیستەمی جیهانیدا پشتیان لە ئایدیۆلۆژیا و هاوپەیمانە کۆنەکانیان کردووە، بنەمایەکی تازەیان بۆ هاوپەیمانی دۆزیوەتەوە کە لەسەر بنەمای پاراستنی ڕۆڵی دەوڵەت لە سیستەمی جیهانیدا بنیاتنراوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دەبینین وڵاتێکی وەکو ڕووسیا لەگەڵ تورکیا ڕێکدەکەوێ لەسەر پرسێک کە چەند ڕۆژێک بەر لەوە تورکیا ڕێککەوتنی لەگەڵ ئەمریکا کردووە لەسەر هەمان پرس، کەواتە پاراستنی قودسیەتی دەوڵەت لەم کۆمەڵگە پڕ لە کێشەیەدا، بووەتە ئەرکی دەوڵەتان بە لاواز و بەهێزیانەوە. ئەم ڕەفتار و ئاراستەیەی جوڵەی دەوڵەت سروشتێکی تازەی بە سیستەمی جیهانی بەخشیوە، ئەویش سروشتی دەوڵەتسالارییە.

کەواتە ڕۆڵی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان سنووردار کراوە بەهۆی شەپۆلی دەوڵەتسالاریی جیهانەوە، لەم دۆخەدا بۆ نەتەوەیەکی وەکو کورد کە خاوەنی کیانێکی سەقامگیر و یەکگرتوو نییە، چۆن دەتوانێ گرەوی خۆی بنیات بنێت، کە توانای ئەوەی پێ ببەخشێت لە قۆناغی ڕاگوزەردا بە زیندوویی بگاتە قۆناغی تازەی سیستەمی جیهانی کە دیار نییە سروشت و ستراکچەرەکەی چۆن دەبێت و ئەکتەر و جوڵێنەرەکانی بە چ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ پرسە نەتەوەییەکان دەکەن. لە دۆخی بێ دەوڵەتیدا دەرفەتەکانی مانەوە و دەربازبوون لە قەیرانە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان تەسک بوونەتەوە، بۆیە کارکردن بە ئاراستەی بەهێزکردنی پێگەی نەتەوەیی لەو زۆنگاوە ناهاوسەنگەدا، پێویستی بە بەگەڕخستنی سەرجەم کەناڵ و ئامرازەکانی سۆفت پاوەر هەیە، هەم لەسەر ئاستی نەتەوەیی، هەمیش لەسەر ئاستی کیانە کوردییە لەیەکدابڕاوەکان. یەکێک لە پێشمەرجە زۆر سەرەتاییەکان بۆ کورد ئەوەیە گرەوی خۆی لەسەر بنەمایەکی تەندروست دابڕێژێت کە پشتئەستوور بێت بە فاکتەرە عەقڵانی و واقعییەکان، بۆ ئەوەی هەمیشە نەکەوینە ناو هەڵە باوەکانمانەوە و شیکردنەوەی خێرا و بڕیاری نادروست و سیاسەتی هەڵە بگرینەبەر. بۆ داڕشتنی نەخشەڕێی پەڕینەوە لەم سیستەمە شێواوەی جیهان، پێویستمان بەگرەوێکی نەتەوەیی هەیە، بۆ ئەمەش پێویستمان بە قوربانیدانی نەتەوەیی هەیە، بەڵام لێرەدا هەڵوەستەیەک دێتە بەردەممان، ئایا هەموو پارچەکانی کوردستان دەتوانن بەیەک ئاراستەی نەتەوەیی کاربکەن؟ تەنانەت لەناوخۆی هەر یەکێ لەو پارچانە زەمینەی یەکگرتنی نەتەوەیی تا چەندە هەیە؟ ڕاستیە تاڵەکە ئەوەیە کورد وەک نەتەوە کە ئێستا لە چەند ئەکتەرێکی نادەوڵەتیدا بەرجەستە بوونە، نەیتوانیوە خاوەنی گوتارێکی یەکگرتوو بێت، هەموو کارەسات و دوژمنکارییەکانی بەرامبەریشی نەیانتوانیوە بیکەنە خاوەن گوتارێکی نەتەوەیی کە بتوانێ لەم ژینگە دەوڵەتسالارەدا خۆی بۆ گۆڕانکارییە خێراکان ئامادە بکات. هەرچەندە گرەوی کورد گرەوێکی ئاسان نابێت بەهۆی سیستەمی جیهانییەوە، بەڵام دەرفەتەکانی کارکردن و بیرکردنەوەی ستراتیژی هەمیشە کراوەیە بۆ ڕزگاربوون لە دووبارەبوونەوەی ماڵوێرانییەکان.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



زریان رۆژهەڵاتی
ziryan.rojhelati@rudaw.net

# ئێران و خۆپیشاندانەکانی عێراق

ڕووداوەکانی ئێستای عێراق لە نزیکەوە پەیوەندییان بە ئێرانەوە هەیە. چونکە دەتوانن کاریگەری لەسەر پێگەی نێودەوڵەتی و دۆخی ناوخۆیی ئەو وڵاتەش دانێن. بەڵام ئەو کاریگەرییە چۆنە و دەتوانن چ ئەنجامێکیان بۆ هەرێمی کوردستان لێبکەوێتەوە؟

## دیدگای ئێران بۆ خۆپیشاندانەکان

بەرپرسانی ئێران خۆپیشاندانەکانی شەپۆلی یەکەمی "بەهاری عەرەبی"یان وەک هۆشیاریی ئیسلامیی گەلانی ناوچەکە سەیر دەکرد و ناڕەزاییەکانی ئێستای لوبنان و عێراقیش وەک فیتنە! ئەمە بەشێوەی جیاجیا لەلایەن هەندێک لەو هێزانەشەوە دووبارە دەکرێتەوە کە بە هاوپەیمانی ئێران ناسراون. بێشک لەپەنای هەریەک لەو چەمکانەشدا کۆمەڵێک بەرژەوەندی و حیسابی سیاسی و جیۆپۆلیتیکی شاراوەیە. هەرچەندە شەپۆلی یەکەمی "بەهاری عەرەبی" هەتا ناوچەکانی باشووری دنیای ئیسلامی- عەرەبی شۆڕ بووەوە، بەڵام گۆڕانە جەوهەرییەکەی لە بەشی ئەفریقا و ناوچەی سوننەنشین بوو نەک شوێنی دیکە. ئەمساڵیش زنجیرەیەک ناڕەزایی و خۆپیشاندانی جەماوەری سودان، جەزائیر، میسر لوبنان و عێراقیان هەژاند کە دەکرێ بە شەپۆلی دووەمی بەهاری عەرەبی ناوببرێن، بەڵام تا ئێستا وا دیارە کە ئەمجارە قورسایی هەژانەکە زیاتر لە جوگرافیای شیعەنیشدایە و ئەمەش ڕێک ئەو هۆکارەیە کە وادەکات بەرپرسانی تاران وەک فیتنە و دەستوەردانی دەرەکی سەیری ڕووداوەکانی عێراق بکەن.

ئاماژە و زانیارییەکی بەهێز لەبەردەستدا نین کە بۆچوونی بەرپرسانی ئێرانی سەبارەت بە هەبوونی دەستی دەرەکی لەپشت خۆپیشاندانەکانی عێراقەوە پشتڕاست بکەنەوە. نە ئەمریکا نە ئیسرائیل و نە سعودیش پێگەیەکی جەماوەریی وایان نییە کە بتوانن خۆپیشاندانی پێ بجوڵێنن. ئەگەر وابووایە پێکهاتەی دەسەڵات و دۆخی حوکمڕانی بەجۆرێک نەدەبوو کە بە قازانجی تاران بێت. هەڵبەت خۆپیشاندانەکان دەتوانن فاکتەرێکی یاریگۆڕ بن بۆ ئەو نەزمە سیاسییەی کە لەدوای سەدامەوە لە عێراق دروستبووە و بە زۆری بەلای ئێراندا شکاوەتەوە.

خۆپیشاندانەکان بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل و سعودیەش هەم دەرفەتن هەم تەگەرە! بێشک سوودی خۆپیشاندانەکان بۆ باڵانسکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراق هەتا ئەو کاتەیە کە سەقامگیریی تێکنەدات و زەمینەی دەرکەوتنەوەی تیرۆر نەڕەخسێنێ. لەوانەیە ناڕەزایی خۆپیشاندەرانی عێراقی لە ئێران، بەکەڵک بێت بۆ باڵانسکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران، بەڵام کاتێک ڕووداوەکان بگەنە ئاستی تێکچوونی سەقامگیری و بۆشایی دەسەڵات، ئەمە دەتوانێت زیانی بۆ ئەو سێ دەوڵەتەش هەبێت. ئەگەر ڕێگرتن لە نفووزی ئێران بە بەهای دەرکەوتنی داعشێکی تازە، شەڕی ناوخۆیی یان تەشەنەکردنی بۆ هەندێک لە وڵاتانی کەنداو بێت، ئەوا بێشک لە قازانجیان نابێت.

## بۆچی ئێران زیانمەندی خۆپیشاندانەکانی عێراقە؟

شەڕی 2003 ڕکابەرێکی گەورەی ناوچەیی لە کۆڵی ئێران کردەوە و کشانەوەکەی 2011ی ئەمریکاش مەیدانی عێراقی بۆ تاران چۆڵکرد. کەم کەسیش لاری هەیە لەوەی کە لەو وەختەشەوە، ئێران براوەی یەکەمی گۆڕانکارییەکانی سیاسەت و پێکهاتەی حوکمڕانیی عێراق بووە. عێراق و ئێران دوو دراوسێی یەکن کە ئەزموونێکی درێژی ڕکابەریی یەکتریشیان هەیە. لەدوای سەدامەوە هەموو هەوڵێکی ئێران بۆ ئەوە بووە کە سیستەمێکی ناوەندیی بەهێز لێرە دروست نەبێتەوە. چونکە سەرەڕای هاوبەشیی مەزهەبیی تاران لەگەڵ حکومەتی بەغدا، هیچ گەرەنتییەک نییە کە بەغدا لەدوای چارەسەرکردنی گرفتەکانی، ورده ورده لە تاران هەڵنەگەڕێتەوە. ڕەنگە تۆزێک ئاڵۆز بێتە پێشچاو، بەڵام ئێران لە ڕیزی یەکەمین وڵاتەکاندا بووە کە کونسوڵخانەی لە هەرێمی کوردستان کردووەتەوە و پاڵپشتی لە لامەرکەزییەتی عێراق کردووە. بێشک ئەمەش لەبەرخاتری کورد یان دیموکراسی نییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە سەدامێکی دیکەی لێ ڕاست نەبێتەوە.

یەکێک لە دیمەنە بەرچاوەکانی خۆپیشاندانەکانی ئۆکتۆبەر، زۆربوونی ئاڵای عێراقە. لە کەوانەیەکدا ئەوەش بڵێم ئەمە ئەو شتەیە کە لە خۆپیشاندانەکانی 2011ی هەرێمی کوردستاندا نادیار بوو. ئەم دیمەنە حەکایەتی بەهێزبوونی ناسیۆنالیزم لەنێو خۆپیشاندەران و جەماوەری شیعەی عێراقدا دەگێڕێتەوە. ڕووکردنە نەتەوە لە جیاتی مەزهەب و دروشمی "وڵاتێکمان دەوێت" پێچەوانەی ئەو سیاسەتەیە کە لەجیاتی نەتەوە، جەخت لە هاوبەشیی مەزهەبی دەکاتەوە. بێشک هەر حکومەت و سیستەمێکی سیاسی کە بە ئاراستەی ئەم داواکارییەی خۆپیشاندەران دروستبێت، یان ئەگەر هەر ئەوەی ئێستا بەو ئاراستەیە بڕوات، هەژموونی ئێران لەسەر عێراق کەمتر دەکات.

عەلی خامنەیی، ڕابەری ئێران ماوەیەک بەر لە ئێستا جەختی لە درێژەپێدانی سیاسەتەکانیان لە "جوگرافیای بەرگری" کردبوو کە دەکرێ لانیکەم ئاماژەیەک بێت بۆ عێراق و سووریا و لوبنان. بەڵام دۆخی ئێستای سووریا لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی عێراق و لوبنانیش، نفووزی ناوچەیی ئێرانیان هێناوەتە خاڵێکی وەرچەرخان کە پێدەچێت سەرەتایەک بۆ کەمبوونەوەی بێت. ئەمەش لە کاتێکدا کە کێشەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی خەریکە قووڵتر دەبێتەوە، بۆ تاران هەواڵێکی ناخۆشە.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە لە ئەگەری دەرکەوتنی جەنگی ناوخۆیی شیعە- شیعە بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە، ئێران پێگەی خۆی وەک مەرجەعێکی کۆکەرەوەی شیعەکانی جیهان لەدەستدەدات و بە ئەگەری زۆر ناکۆکییە ئاست نزمەکانی حەوزەی نەجەف و حەوزەی قوم کە بەردەوام هەبوون، دەگەنە ئاستێکی بەرزتر. بۆیە تا ئەو ساتەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر عێراق ڕەهەندێکی مەزهەبیی هەبێت، جەنگی ناوخۆیی شیعی –شیعی لانیکەم لەم وەختەی ئێستادا بە قازانجی تاران نییە.

بابەتێکی دیکە کە تارانی نیگەران کردووە، ئەگەری کاریگەریی دۆمینەیی ڕووداوەکانی عێراقە لەسەر ئێران. خراپیی دۆخی ئابووری و زیادبوونی ململانێی ناوخۆیی باڵەکانی دەسەڵات و هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ساڵی داهاتوو کە چاوەڕوانیی کێشمەکێشی زیاتری لایەنەکان دەکرێت، پۆتانسیێلی دەرکەوتنەوەی ناڕەزایی و خۆپیشاندانیان تێدایە و بەردەوامیی ڕووداوەکانی عێراقیش دەتوانێت ڕۆڵی کاتالیزۆرێکی بۆ دەستپێکردنەوەی ئەو ناڕەزایییانەی ناوخۆی ئێران هەبێت. بۆیە خواستی تاران ئەوەیە هەرچی زووترە کۆتایی بە خۆپیشاندانەکانی عێراق بێت.

## ئەنجام

هێشتا ڕوون نییە خۆپیشاندانەکان چی لە سیستەمی سیاسیی عێراق دەکات. بەڵام ئەوە ڕوونە کە دەرچوون لەم دۆخەی ئێستا بە قازانجی ئێران نابێت. لە ئاستی نێودەوڵەتی درزی نفووزە ناوچەییەکەی زیاتر دەکات و ئەگەری دەرکەوتنی ناڕەزایی ناوخۆییشی بۆ زیاتر دەکات. ئەگەر عێراق بەهێز ببێتەوە، یان لانیکەم هەژموونی ئێرانی تێدا لاواز بێت و ئەگەر بەهۆی ڕووداوەکانی عێراقەوە دۆخی ناوخۆی ئێران بشڵەقێ، ئەوسا تاران زیاتر ناچاری هەرێمی کوردستان دەبێت. ئەمە دەرفەتە بۆ هەرێمی کوردستان تا گۆڕانێک لە پەیوەندییە ناهاوسەنگەکەی خۆی لەگەڵ ئێران دروستبکات. بێشک هەرێمی کوردستان دەبێ پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتە جیاوازەکاندا هەبێت، بەڵام دەبێ سوود لە هەموو دەرفەتێکیش وەربگرێت بۆ ئەوەی بناغەی دەسەڵاتی خۆی قایمتر بکات.

***توێژەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو**



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# شیعە بۆ ناڕازین؟

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەددامەوە شیعە حوکمی عێراق دەکەن. ئەگەر سوننە ناڕازی بن و دەرهاویشتەی ناڕازیبوونەکەیان دروستبوونی داعش بێ، ئەگەر دەرهاویشتەی ناڕازیبوونی کوردیش گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی بووبێ، مرۆڤ دەزانێ ئەوە بۆ ڕوویدا. بەڵام کاتێک گەنجی شیعە لە دەسەڵاتی شیعە ڕادەپەڕێ، دەبێ شتێکی زۆر گەورەتر هەبێ، دەبێ ئەوە چی بێ؟

ئەوەی مانگ و نیوێکە لە شەقامەکانی عێراق ڕوودەدات شڵەقانێکی کاتی و کاردانەوە نییە، بەڵکو کێشەیەکی قووڵە و وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش باسی کرد، ڕۆیشتنی عێراقە لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی نوێ. ئەمە قسەی سیاسی و دڵخۆشکردن بە دۆخێکی کاتیی نەخوازراو نییە لە عێراق، بەڵکو تێگەیشتنە لەوەی کە ئەوەی ڕوودەدات شتێکی جدییە و تەقینەوەی پەستانێکی کەڵەکەبووی چەندین ساڵەیە لە ویژدانی عێراقییەکاندا.

داتاکان کە خەڵکی بیانی و بەتایبەتیش ئەمریکییەکان کۆیانکردوونەتەوە، شتی سەرنجڕاکێش دەڵێن. لە قۆناخی پێش هاتنی داعشدا شیعەی عێراق بەگشتی زۆر ڕازی بوون لە حوکمی شیعە و ئومێدیان زۆر بوو کە دۆخەکە چاکدەبێت. هەمان ئەو خەڵکە ئومێدیان بە ئێرانیش وەک براگەورە و پشتیوان زۆر بوو. بەڵام لە کۆتاییەکانی ئەمساڵدا ڕێژەی متمانە و خۆشەویستی بۆ حوکمی شیعە و ئێرانیش بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی پێش داعش نیوە بە نیوە کەمیکردووە. من ئەمانەتان بە ژمارە پێناڵێم، چونکە سەرلێشێوێنەرن، بەڵام دڵنیابن ژمارەی وردن و دەریدەخەن کە ئێران و حیزبە شیعەکان لە خراپترین دۆخی خۆیاندا دەژین، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەددامەوە.

شیعەکانی عێراق و بەتایبەتیش گەنجەکانیان لە مانگ و نیوی ڕابردوودا پەیامێکی ڕوونیان بۆ حیزب و کەسە پۆپۆلیستەکانی خۆیان نارد. ڕوونترینی ئەوە بوو کە سەردەمی قسەی خۆش تەواو بووە و دەبێ کردەوە ببینن. ئێران زۆر بەلایەوە مەبەستە ئەو دۆخەی ئێستای عێراق تێکنەچێ. چونکە هەرچەندە ئەمریکا دەستی لەو دۆخەدا نییە، بەڵام دەرهاویشتەکەی ئەگەر کۆنتڕۆڵ نەکرێ ئاو دەکاتە ئاشی واشنتنەوە. سیستانی ئەو ڕاستییە باش دەزانێ، بۆیە هەوڵدەدات لەگەڵ خۆپیشاندەران بمێنێ و حکومەت و حیزبە شیعەکان نەیکەنە قەڵغان بۆ خۆپاراستنیان لە خۆپیشاندەران. ڕاستییەکەی سیستانیش لە ڕووداوەکانی ئەمجارەدا چیدیکە قسەی یەکلاکەرەوە ناکات و خۆپیشاندەر هەن پێیانوایە ئەویش بە بێدەنگبوون و قبوڵکردنی دروستبوونی ئەو دۆخە بەشدارە لەوەی کە ڕوودەدات.

ئێمە لە سەردەمی بەهاری عەرەبیدا باسی دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی دیموکراسیی ئینتەرنێتیمان دەکرد لەسەر دنیا، بەڵام وەک دەردەکەوێ، ئێستا ئەو کاریگەرییە لە عێراقەوە تا دەگاتە لوبنان و هۆنگ کۆنگ و کەتەلۆنیا و چیللی و پۆلیڤیا و شوێنەکانی دیکەی جیهان دەرکەوتوون. دەرهاویشتەکە ئەوەیە کە گەنج ستایلی ژیانی یەکدی دەبینن و هەموو سووچێکی دنیا بە یەکدی کاریگەر دەبێت. بۆیە ئەگەر حکومەتێک پێیوابێ دەتوانێ تەنیا بە دابینکردنی ئاسایش یان تەنیا خۆشگوزەرانی، هاووڵاتییەکانی منەتبار بکات و لێیانبخورێت تووشی هەڵەیەکی کوشندە بووە. دنیای نوێ و نەوەی نوێ ئەو نەوەیەیە کە دەیەوێ ببینێ بەشدارە لە وڵاتەکەیدا و هەموو شتێکی لەگەڵ شەیر دەکرێ. ئەو دەبێ سیاسەتەکانی حکومەتەکەی وڵاتەکەی لایک بکات ئەگینا لێی دێتە سەرشەقام و بلۆکی دەکات و دیلیتی دەکات. لە عێراق سەرکردە تائیفییە شیعییەکان لەو قسانە تێنەگەیشتن و وا باجەکەی دەدەن. بەڵام ئێمە لە کوردستان دەبێ لەو هەڵەیەی ئەوانەوە فێربین و نەهێڵین دووبارە ببێتەوە.



ئازاد وەڵەدبەگی
azadwaladbagi@gmail.com

# دەستوور لەبەردەم هەڕەشەدا

مانگی ئۆکتۆبەر خۆپیشاندان ژمارەیەک لە شارەکانی باشووری عێراقی گرتەوە، سەرەتا بۆ کۆمەڵێک داخوازیی ئابووری و خزمەتگوزاری بوو، بەڵام بەرەبەرە خۆپیشاندانەکان پەرەیان سەند و هەست دەکرێت کەسانێک کە خۆیان بە قولابی شۆڕشەوە هەڵواسیوە، چەندین داخوازی و ئەجێندای سیاسی خۆیان تێکەڵ بە داخوازیی خۆپیشاندەران کردووە و دەیانەوێت لەم ئاوە لێڵەدا ماسی خۆیان بگرن. یەک لەو بابەتانە، پرسی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراقی ساڵی 2005 ـە کە وەک یەکێک لە داخوازییە گەرمەکانی گۆڕەپانی سیاسی- یاسایی هاتە بەرباس. هەر لەسەر ئەم بنەمایە، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنی خۆی لە ڕۆژی 28/10/2019 بەپێی بەندی (142) لە دەستووری عێراق بڕیاری دا بە دانانی لیژنەیەکی هەژدە کەسی لە پەرلەمانتارانی عێراقی کە هەموو پێکهاتەکانی وڵات لەخۆدەگرێت بۆ پێشکەشکردنی پێشنیازەکانی خۆیان بە مەبەستی هەموارکردنەوەی دەستوور لە ماوەی چوار مانگدا. بەپێی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، ژمارە (54/ اتحادیە/2017) ئەم هەموارانە دەبێ بەپێی بەندی (142)ی دەستوور ئەنجام بدرێن. ئەم بەندە ڕیزپەڕە لە بەندی (126)ی دەستوور کە ڕێسای گشتی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراقە.

بەپێی بەندی (142) پێشنیازی ئەم هەموارانە دەبێ بە یەک پاکێج پێشکەش بکرێن بۆ ئەوەی لە پەرلەمان دەنگی لەسەر بدرێت و بە زۆرینەی ڕەها پەسەند بکرێت. ئینجا لە ماوەیەک کە نابێ لە دوو مانگ تێپەڕ بکات لە ڕۆژی پەسەندکردنی لە ئەنجوومەنی نوێنەران، دەخرێتە ڕیفراندۆمی گشتی و ڕیفراندۆمەکە بە سەرکەوتوو هەژمار دەکرێت بە ڕەزامەندی زۆرینەی دەنگدەران، ئەگەر دوو لەسەر سێی دەنگدەرانی سێ پارێزگا یا زیاتر ڕەتی نەکەنەوە.

هەرچەندە پێشتریش پەرلەمانی عێراق ڕێکارەکانی هاتوو لە بەندی (142)ی جێبەجێ کردبوو بۆ هەمواری دەستوور، چونکە سوننەکان هەر لە کاتی نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستوور لە ساڵی 2005 پێی ڕازی نەبوون و لە لیژنەی داڕشتنی دەستوور و پرۆسەی سیاسی پەراوێز خرابوون، هەربۆیە هەڕەشەی بایکۆتی پرۆسەکەیان کرد و ئەمەریکییەکانیش ئەوکات وایان بە باش زانی بۆ چەسپاندنی سەقامگیری لە عێراق و نەهێشتنی نیگەرانی دەوڵەتانی سوننە لە ناوچەکە، بەندی (142) بۆ دەستوور زیاد بکرێت، وەک ڕیزپەڕێک لە بەندی (126) کە تایبەتە بە ڕێکارەکانی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق. لە 15/10/2005 ریفراندۆم لەسەر ڕەشنووسی دەستوور کرا و 78%ی بەشداربووان بە بەڵێ دەنگیان پێدا. پاش دەستبەکاربوونی خولی یەکەمی پەرلەمانی عێراق، لە 16/3/2006 بە گوێرەی بەندی (142)ی دەستوور، لیژنەیەک بۆ هەمواری دەستوور لە (27) کەس پێکهات کە لە 27/7/2007 دوا ڕەشنووسی هەموارەکەی خستە بەردەم پەرلەمانی عێراق و (49) بەندی بۆ دەستوور زیاد کردبوو، بەڵام پرۆسەکە نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و نەخرایە دەنگدان لە پەرلەمان، هەربۆیە نەتوانرا ریفراندۆمی لەسەر بکرێت.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، داواکاری بۆ هەمواری دەستوور لەناو لایەنە سیاسییە عێراقییەکان و شەقامی عێراقی بەردەوام بابەتێکی گەرمی ناو گۆڕەپانەکە بووە و هەر کەسە بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە گۆشەنیگایەکەوە بۆ ئەم پرسەی ڕوانیوە. نابێ ئەو ڕاستییە لەیاد بکەین کە ڕێکارەکانی دامەزراندنی هەرێمی کوردستان لە ژێر ڕۆشنایی دەستووری ساڵی 2005ی عێراق نەبووە، چونکە ئەم هەرێمە لە ساڵی 1992 دامەزرا و دەستووری عێراق تەنیا بەرگێکی دەستووری بە بەردا کردووە و دانی بەو واقیعەدا ناوە کە پێش دانانی دەستوور هەبووە، دەنا ئەگەر وانەبووایە زۆر ئەستەم بوو دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی عێراق ڕێگەیان بدایە بە دامەزراندنی هەرێمی کوردستان، هەروەک چۆن هەتا ئێستا ڕێگرن لەبەردەم دامەزراندنی هەرێمی نوێ لە ناوچەکانی دیکەی عێراق، وەک لەباربردنی دامەزراندنی هەرێمەکانی سەلاحەدین و بەسرە و نەینەوا و هتد. جگە لەمەش، ڕێگرن لەبەردەم ئەو بەندانەی دەستوور کە لە قازانجی هەرێمی کوردستانن وەک بەندی (140) و (112) و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ هەرێم هەروەک دەوڵەتێکی ناوەندی یەکپارچە بووە، نەک دەوڵەتێکی فیدراڵی.

ئەوەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا دەبینرێت، ئەوەیە کە هەندێ لایەنی سیاسی ماف و دەستکەوتە دەستوورییەکانی گەلی کوردستانیان کردووەتە ئامانج و دەیانەوێت لە پرۆسەی هەمواری دەستوور ئەوەندەی پێیان بکرێت لە ئاست و قەبارەی ئەو مافانە کەم بکەنەوە و عێراق بە ئاراستەی دەوڵەتی سادە و یەکپارچەی جاراندا ببەنەوە. هەربۆیە، نابێ هەرێمی کوردستان لەوە خافڵ بێت و ڕێگە بدات لە پرسی هەمواری دەستوور، ماف و دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان، سیستەمی فیدراڵی و پەرلەمانی، ماف و ئازادییە گشتییەکان، بەندی (140)ی دەستوور، دەسەڵاتی هەرێمەکان، مافی ئابووریی هەرێمەکان و هتد، بکەونە بەر هەموارکردن، بە جۆرێک کە زیان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان بگەیەنێت. خۆشبەختانە ئەو ڤیتۆیەی کە لە بڕگەی چوارەمی بەندی (142)ی دەستووردا هاتووە و باس لەوە دەکات، کە ڕیفراندۆمەکە لە کاتێکدا سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر دوو لەسەر سێی دەنگدەرانی سێ پارێزگا یا زیاتر ڕەتی نەکەنەوە، ئەمەش دەتوانێ گەرەنتییەکی باش بێت بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەمە بە تەنیا بەس نییە.

وا باشترە لەم دۆخە نائارام و ئاڵۆزەی ئێستای عێراق کە بەرچاوڕوونی پێویست نییە و هێز و لایەنە عێراقییەکان کە زۆربەیان بە عەقڵیەتێکی پۆپۆلیستی سیاسەت دەکەن و دەیانەوێت لەم دۆخە ئاڵۆزەدا ئەجێندا و پلانەکانی خۆیان بسەپێنن و ئامانجەکانی خۆیان بپێکن، پرسی هەمواری دەستوور دوابخرێت بۆ کاتێکی لەبارتر. چونکە هەمواری دەستوور پێویستی بە کەشێکی ئارام و سەقامگیر و بە دوور لە گوشاری سیاسی هەیە، ئەگەر ئەم هەموارە ببێتە هۆی دروستبوونی ناسەقامگیری لە عێراق، ئەوا ئەنجامی پۆزەتیڤی نابێت و ناتوانێ هیچ سوودێک بە کۆمەڵگەی ئاڵۆز و شڵۆقی عێراق بگەیەنێت. ئەگەر هەر نەتوانرا پرسی هەموارکردنی دەستوور دوابخرێت، ئەوا لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان پێویستە ڕیزەکانی خۆیان زیاتر لە جاران تۆکمە بکەن و هەوڵی هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنەکانی تری عێراقی وەک عەرەبی سوننە و کەمینەکانی مەسیحی و ئێزیدی و تورکمان بدەن بۆ ئەوەی بتوانن ببنە خاوەنی دەنگێکی بەرزتر لە ناو ئەو لیژنە دەستوورییەی کە پێکهاتووە. بەدەر لەمەش، پێویستە پەیڕەوێک دابنرێت بۆ لیژنەی هەمواری دەستووری بە مەبەستی دیاریکردنی میکانیزمەکانی کارکردن و بڕیاردان لە ناو لیژنەی دەستووری. جگە لەمەش، پێکهێنانی تیمێکی یاسایی بەهێز لە یاسازانان بە تایبەت پسپۆڕانی یاسای دەستووری پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بۆ ئەوەی بتوانێ پاڵپشتیی یاسایی ئەندامانی لیژنەی هەمواری دەستوور بکات و زانیاری و بەرچاوڕوونی پێویستیان بداتێ.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕوودا نین.

# RÛDAW



## فەتانەی وەلیدی...
## شاژنە فەرامۆشکراوەکەی مۆسیقای کوردی

10 »


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0751 811 00 04 – 0750 486 34 12
rudaw@rudaw.net









